

"هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلێکی زۆر، کۆنترۆڵکردنی شەقامەکانی زەحمەتکردووە"

7



قەیماغی سپی بازاڕ ڕەش دەکات

6



چنار: ڕۆڵەکەم لەدرامای گەردەلوولدا سەرەکی دەبێت

11


# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٤٤
چوارشەممە
٢٠١٠/٨/١١
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دیناره
www.destur.net


# یەکێتی بەفەرمی قبوڵی نەکردووە
# پارتی داوادەکات بودجەکەی لەیەکێتی زیاتربێت

پ.دەستوور

یەکێتیو پارتی لەسەر بەشە بودجەکەیان کۆکنین، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش بەدەستووری ڕاگەیاند لەکۆبوونەوەی پێشتری مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتیدا، پارتی داوایکردووە کەبەشە بودجەی ئەوان لەهەموو حیزبەکانی تر زیاتربێت، بەڵام یەکێتی ڕازی نەبووە.

سەرچاوەکە بەدەستووری ڕاگەیاند پارتی پێشنیازی ئەوەی کردووە کەبەو پێیەی لەهەڵبژاردندا دەنگی لەیەکێتی زیاتر هێناوە، دەبێت بەشە بودجەی حیزبەکەیان زیاتربێت لەبەشە بودجەی یەکێتی، بەڵام لەبەرانبەردا یەکێتی ئەوەی ڕەتکردووەتەوەو قبوڵیان نەبووە، کەبەشە بودجەی ئەوان لەبەشی پارتی کەمتربێت، لەبەرئەوەی لەپەرلەماندا ژمارەی کورسییەکانیان یەکسانە.

سەرچاوەکە وتی "بۆیە تا ئێستا یەکێتیو پارتی لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بودجەی حیزبەکان ڕێکنەکەوتوون".

ئازاد جوندیانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، وتی "لەو کۆبوونەوانەی من بەشداربووم تیایدا، شتی لەو جۆرە باسنەکراوە، بەڵام ئەگەر بەشی ئێمە لەبەشی پارتیش کەمتربێت، ئەوا کێشە دروستنابێت، لەبەرئەوەی ئێمە هاوپەیمانینو ڕێکدەکەوین".

هەردوێنێ مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبە کۆبوونەوە، کەتەوەرێکی سەرەکی مەسەلەی بودجەی حیزبەکانو پشکی خۆیانە لەبودجەکەدا.

دەستوور پەیوەندیکرد بە هەندێک لەبەشداربووەکانی کۆبووەنەوەکەوە، بەڵام ئامادەنەبوون لەو بارەیەوە لێدوان بدەن.

حکومەتی هەرێم لەیاسای بودجەی ئەمساڵدا ٩٠ ملیار دیناری بۆ بودجەی حیزبەکان دیاریکردووە، لەسەرەتای مانگی تەممووزدا د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند بەهۆی کورتهێنانی بودجەی تەرخانکراوەوە، بڕیاریانداوە بودجەی حیزبەکان کەمبکەنەوە بۆ نیوەی ئەوەی کەوەریاندەگرت.

ئازاد جوندیانی ڕایگەیاند بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت هەڵوەشاوەتەوە، بەڵکو جێبەجێکردنی بڕیارەکە دواخراوە بۆ ئەوکاتەی کەیاسای تەمویلی بودجەی حیزبەکان لەپەرلەمان پەسەنددەکرێت.

جوندیانی وتی "ئەو بڕە پارەیەی کە لەئێستادا دەدرێت بەحیزبەکان بەشێوەی قەرزە، دوای پەسەندکردنی یاساکە لەپەرلەمان لەبودجەی حیزبەکان زیادەی ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت".



یەکێتیو پارتی لەسەر بەشە بودجەکەیان کۆکنین

ڕاپۆرتێک لەلاپەڕە ٤دا بخوێنەرەوە



# پێکەوە لەپێناو بەسزاگەیاندنی قوربانیدا

16

## "لیژنەی لێکۆڵینەوە، دۆسییەکەی سەردەشتیان ونکردووە"

کاروخ نامیق

بەکر عوسمان برای ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان نیگەرانی خۆی لەوە نیشاندەدات کەئەو لیژنەیەی بۆ لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پێکهێنراوە، دۆسییەکەیان ونکردووە.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، بەکر عوسمان وتی "دۆسییەی تیرۆکردنی سەردەشت عوسمان لەڕووی پراکتیکییەوە بەرەو ونبوون دەڕواتو ئەو ونبوونەش خودی لیژنەکە دروستیکردووە".

بەکر عوسمان، ڕایگەیاند "لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان کە بەفەرمانی سەرۆکی هەرێم دروستبوو، تائێستا نەیانتوانیوە هیچ هەنگاوێکی تازەبنێت بەئاراستەی دۆزینەوەی هۆکاری تیرۆکردنی سەردەشت".

ئاسۆس هەردی بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئاوێنە وتی "ئەو لیژنەیە ئەگەر بوونی هەیەو کارناکات هۆکارەکەی چییە؟ سەرۆکی هەرێم دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، لەبەرئەوەی لیژنەکە بەبڕیاری ئەو دروستکراوە".

نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان ئاشکرایدەکات کەلیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بەبیانوی ئەوەی لێکۆڵینەوەکان نەهێنییە، تائێستا هیچی نەدرکاندووە.

نەریمان عەبدوڵڵا وتی "پێناچێت کارەکانی ئەو لیژنەیە ئەنجامێکی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە، لەبەرئەوەی تائێستا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردووەتەوە، بەیاننامەکەش تەنیا شتێکی گشتییە خەڵکی ئاسایی ئەو زانیاریانەی بیستووە".

## "داهاتی ئەو نەوتە دیارنییە کە بەقاچاخ دەڕوات"

گۆران وەهاب

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق ڕایدەگەیەنێت کەداهاتی ئەو نەوتە دیارنییە کەبەشێوەی نافەرمی لەسنوورەکانی حکومەتی هەرێمەوە دەنێردرێتە دەرەوە.

فازڵ نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند "پارەی ئەو نەوتەی بەشێوەی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕەوانەی دەرەوە کراوە، پارەکەی دێتە سندوقی DFI واتە خەزێنەی دەوڵەتەوەو داهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی".

لەبارەی ئەو نەوتەی بەشێوەی قاچاخ ئاودیوی سنوورەکانی هەرێم دەکرێت، فازڵ نەبی وتی "ئەو نەوتەی بەشێوەیەکی نافەرمی فرۆشراوە، پارەکەی نەگەڕێندراوەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندیو تائێستا هیچ لەوبارەیەوە دیارنییە".

## قەوارەی کوردی بە بەرنامە کۆنەکەوە چووەتەوە بەغداد

پ.دەستوور

پەرلەمانتارێک ڕایدەگەیەنێت کەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەر بە بەرنامە کۆنەکەوە چووەتەوە بەغدادو بەرنامەی نوێی بۆ دانوستاندنەکان لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراق پێنییە.

د. مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند "بەرنامەی تازەمان نییە هەر بەرنامە کۆنەکەیە، بەڵام لەم ماوەیەدا سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا کردووەو پێکەوە ئەو بەرنامەیان چڕکردووەتەوە".

مەحمود عوسمان دەڵێت پۆستی سەرۆک کۆمار بەنسبەت کوردەوە پۆستێکی سەرەکییە، وتی "تائێستا هیچ قەوارەیەکی تری عێراقی باسی لەوەنەکردووە ئەو پۆستە بەکورد نەداتەوەو هیچ کاندیدێکی ترش بۆ ئەو پۆستە نییە، ئەگەر نەدرا بەکوردیش ئەوکاتە لیستەکانی کوردستان کۆدەبینەوەو بڕیاری خۆمان دەدەین".

لەبارەی سەردانەکەی مالیکی بۆ هەولێر وتی "هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە، بەڵام پێشتر یەکێتیو پارتی ڕێککەوتنیان لەگەڵ حیزبی دەعوەدا هەبووەو ئێستا تازەیان کردووەتەوە".



نەجیب باڵەتەیی ئەندامی شاندی دانوستانکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەدەستووری ڕاگەیاند بەپڕۆژەیەکی نوێوە گەڕاونەتەوە بەغداد، وتی "ناوەڕۆکی پڕۆژەکەش خۆی لەبەشداریکردنی هەموو لایەنەکانو پابەندبوون بەدەستوورو چارەسەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم بەغدادا خۆی دەبینێتەوە".

# بەرەی تورکمانی: مالیکی بازرگانێکی سیاسییە



دەستوور

بەرەی تورکمانی دژی وتەکانی نوری مالیکی سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا دەوەستنەوە لەبارەی ئەوەی وتبووی مادەی ١٤٠ مادەیەکی دەستوورییەو دەبێت جێبەجێبکرێت.

لەبەیاننامەیەکدا کەکۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە، لەبەشێکیدا هاتووە "مالیکی بازرگانێکی سیاسییەو نیشتمانپەروەر نییە، چونکە ئەو سیاسەتە یەکێتی عێراق لەدەستدەداتو ئەو لێدوانەشی تەنیا بۆ مەبەستی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتە".

بەرەی تورکمانی لەبەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە دەکەن کەمادەی ١٤٠ مادەیەکی مردووە، هاتووە "شتێک نەماوە بەناوی مادەی ١٤٠وەو ئەو مادەیە لە ٢٠٠٧\١٢\٣١وە مردووە، سەردانەکەی مالیکیش بۆ کوردستان تەنازولکردنە بۆ کورد".

لەلایەکی ترەوە فوئاد کوێخا حسێن ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەلیستی برایەتی ڕایگەیاند "بەرەی تورکمانی بەهیچ جۆرێک ناتوانێت خاڵەکانی دەستوور بگۆڕێتو مادەی ١٤٠یش مادەیەکی دەستوورییەو هەر کەسێک بکرێتە سەرۆک وەزیران دەبێت جێبەجێی بکات".

کوێخا ئەوەشی وت "بەرەی تورکمانی بۆ دژایەتی کورد دامەزراوەو بەکرێگیراون".

# ٣٥٠ بیناو خانوو بەبڕیارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڕوخێندرێت

زانیار داقوقی

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق، لەنووسراوێکیدا بڕیاردەدات هەر خانوو و بینایەک لەسەر زەوی کشتوکاڵی گرێبەست لەسنووری قەزای داقوق دروستکرابێت، بڕوخێنرێت، بەو پێیەش ٣٥٠ خێزان خانوو و بیناکانیان دەڕوخێنرێت.

بەنووسراوی ژمارە ٨٣٦٠ کە لەکۆتایی مانگی شەشی ئەمساڵدا لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقییەوە دەرچووە، داوادەکات هەر خانوو یان بینایەک کە لەسەر زەوی کشتوکاڵی دروستکرابێت، بڕوخێنرێت، بەپێی ئەو بڕیارە ٣٥٠ هاووڵاتی کورد خانوو و بیناکانیان دەڕوخێنرێت.

حەسەن باباعەلی هاووڵاتییەکی گوندی حەوتەغاری سنووری قەزای داقووقە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە خانوومان لەسەر زەوی کشتوکاڵی دروستکردووەو نزیکەی ٥٠ خێزان دەبین".

مەهدی کاکەیی بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوک بەدەستووری وت "ئێمە بەهیچ جۆرێک ئاگامان لەنووسراوی لەوجۆرە نییە کە لەوەزارەتی کشتوکاڵەوە دەرکرابێت، بەڵام بەپێی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ هەر جوتیارێک خانووی تایبەت بەخۆی دروستکرد، ئەوە کێشەی لەسەر نییە، بەڵام بەمەرجێک بینای بەکۆمەڵ نەبێت، یاخود گوندی تێدا فراوان نەکرێت".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەسنووری قەزای داقوق نزیکەی ٣٥٠ خانوو و بینا لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئەوانەی گرێبەستن دروستکراوەو ناویشیان تۆمارکراوەو ڕەوانەی قائیمقامیەتی قەزاکەو پۆلیس کراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە.

ئەحمەد حسون قائیمقامی قەزای داقوق ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات.

# قاچاخچییەکانی بەنزینو سوتەمەنی لەکەرکوک دەدرێنە دادگا

زانیار داقوقی



وەزارەتی نەوتی عێراق لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لەدروستبوونی قەیرانی بەنزین لەشاری کەرکوک دروستکردووە، بڕیارە قورسترین سزا بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنێت، کەقاچاخچیەتی بەسوتەمەنیو بەشە بەنزینی ئەو پارێزگایەوە دەکەن.

بەهۆی دروستبوونی قەیرانی بەنزینەوە لەشاری کەرکوک، وەزارەتی نەوتی عێراق لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕەوانەی ئەو شارە کردووە، ئەو لیژنەیەش بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەیەکی پارێزگای کەرکوکدا بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی بەقاچاخبردنی نەوت لەو شارە دەکەن، لیژنەکەی پارێزگای کەرکوک بەهاوبەشی لەنێوان فەرمانگەی سوتەمەنیو پارێزگاردا پێکهێنراوە، کەعەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک سەرۆکایەتی دەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو لیژنانە، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند "ئەو لیژنەیەی لەوەزارەتی نەوتی عێراقەوە هاتووە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی بەنزینو سوتەمەنی، ئێستا لیژنەکە دەستیکردووە بەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەچۆنیەتی بەقاچاخبردنی بەنزینو سوتەمەنی".

ئەحمەد عەسکەری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەوەکالەت، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، قەیرانی بەنزینو سوتەمەنی لەپارێزگای کەرکوک دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی نەوتی عێراق، وتی "ئەو وەزارەتە پڕە لەکۆنە بەعسی شۆڤێنیو تائیستا دژایەتی ئیدارەی کەرکوک بەتایبەت کوردەکان دەکەن".

عەسکەری وتی "هیچ هۆکارێکی خراپ دەربارەی پاڵاوگەکانی بەنزین نییەو هیچ قاچاخچییەک لەکەرکوک کاریگەری لەسەر قەیرانی بەنزین دروستنەکردووە".

ئەحمەد عەسکەری ڕوونیکردەوە، کەوەزارەتی نەوتی عێراق ناوبەناو لەکەرکوک قەیرانێک دروستدەکاتو بەشە سوتەمەنی پارێزگاکە کەمدەکاتەوە، وتی "ئەمە دەبێتە هۆی کێشەو دروستکردنی ئاڵۆزی لەشاری کەرکوکدا".

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "وەک ئیدارەی پارێزگای کەرکوک دەستمانکردووە بەپێکهێنانی چەند مەفرەزەیەکی پۆلیسی تایبەت بەچاودێریکردنی بەنزینخانەکان".

هەروەها وتی "لێکۆڵینەوەی توند دژ بەقاچاخبردنی بەنزینو بەشی سوتەمەنی دەکەینو سەرپێچیکەران بەتوندی سزادەدەین".

# شەش مانگە چوارقوڕنە سەرۆکی شارەوانی نییە

فەرمان چۆمانی

ماوەی شەش مانگە شارۆچکەی چوارقوڕنە سەرۆکی شارەوانی نییەو بەڕێوەبەری ناحیەکە بەوەکالەت سەرۆکی شارەوانییە.

مزەفەر عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە بەدەستووری وت "شەش مانگە سەرۆکی شارەوانیم بەوەکالەت، زۆر گرنگە چوارقوڕنە سەرۆکی شارەوانی هەبێ، چونکە سەرۆکی شارەوانی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر فەرمانگەکە دەبێت".

بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە وتی "دانانو لابردنی سەرۆکی شارەوانی پەیوەندی بە بەڕێوەبەری ناحیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیە".

ئاماژەی بەوەشدا کەزۆر کەس خاوەن بڕوانامەی ئەندازیاریو بەکالۆریۆسن و هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو پۆستەیان داوەو کاریان بۆ کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیە هیچ نووسراوێک بۆ کەس نەکراوە کەئەو پۆستە وەربگرێتو وتی "ناشزانێت کێ دەبێتە خاوەن ئەو پۆستە".

# زانکۆی سلێمانی مانگانە نزیکەی ١٨ ملیۆن دینار بەکرێی پاس دەدات

کاروخ نامیق

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتوون زانکۆی سلێمانی گرێبەستێکی لەگەڵ ٢٢ پاس ئەنجامداوە بۆ گواستنەوەی فەرمانبەرانی زانکۆ لەشوێنی کارەکەیان بۆ ماڵەوەو بەپێچەوانەوە، کەکرێی هەر پاسێک مانگانە ٨٠٠ هەزار دینارە، ئەمە لەکاتێکدایە زانکۆی سلێمانی خۆی خاوەنی ٤٥ پاسو ئۆتۆمبێلی تایبەتە.

سەرچاوەیەک لەزانکۆی سلێمانی بەڕۆژنامەی دەستووری ڕاگەیاند سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بۆ گواستنەوەی فەرمانبەرانی زانکۆ، گرێبەستی لەگەڵ ٢٢ پاسی مەدەنی ئەنجامداوە، وتی "بڕیاریشە لەئایندەیەکی نزیکدا چوار پاسی تر بەکرێ بگرن، بەمەش بڕی ئەو پارەیەی زانکۆی سلێمانی مانگانە بۆ کرێی پاسی فەرمانبەران خەرجیدەکات، دەبێتە ٢٠ ملیۆنو ٨٠٠ هەزار دینار".

سەرچاوەکە وتی "لەئێستادا زانکۆ خۆی ٤٥ پاسو ئۆتۆمبێلی تایبەتی هەیە، بەڵام تەنها بۆ هەندێک شت کەخۆیان بیانەوێت کاری پێدەکەنو ئێستاش مانگانە ١٧ ملیۆنو ٦٠٠ هەزار دینار بۆ کرێی پاس تەرخاندەکەن".

ئەو سەرچاوەیە وتی "ئەو کارەی زانکۆی سلێمانی تەنها بەفیرۆدانی پارەیە، دەتوانرێت بەو ٤٥ پاسەی زانکۆ فەرمانبەرانیش بگوازنەوە".

دکتۆر فاروق عەبدولکەریم یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری کارگێڕی بەدەستووری ڕاگەیاند "ئەو ٤٥ پاسەی زانکۆ ژمارەیەکی کەمە، ناتوانین بۆ فەرمانبەرانی دابینبکەین، ئەو پاسانە بەکاردەهێنین بۆ کاروباری ئیداری زانکۆو خوێندکارانو خوێندنی باڵا، هەروەها بۆ گەشتی زانستی خوێندکاران، ئەمە جگەلەوەی لەکاتی دەوامدا زۆر زیاتر پێویستمان پێیان دەبێت".

# لەگەرمیان داوای ڕاگرتنی درامایەکی کەناڵی MBC1 دەکرێت

دەشتی ئەنوەر لەگەرمیان

حەوت ڕێکخراوی گەرمیان خەریکی کۆکردنەوەی واژۆن بۆ ڕاگرتنی درامایەکی کەناڵی MBC1، بەناوی (عرظ الطیبە)، بەبیانووی ئەوەی سوکایەتی بەکوردو گەریلاکانی پەکەکە دەکات.

عەدنان قوربانی وتەبێژی کۆمەڵەی پەیام لەلێدوانێکیدا بەدەستووری ڕاگەیاند "ئەم درامایە بەزمانی عەرەبی بەرهەمهێنراوە لەکەناڵی (MBC1) نمایشدەکرێت کەسوکایەتیەکی زۆر بەگەلی کورد دەکات".

قوربانی ئەوەشی وت "ئێمە ئەو واژۆیانە کۆدەکەینەوەو ئاراستەی سەرۆکی حکومەتو پەرلەمانی کوردستانو پەرلەمانی عێراقیشی دەکەین، چونکە بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین باس لەکوردەکانی چیای قەندیلو پەکەکەو کورد بەگشتی دەکات، کەچۆن دزیو بێڕەوشتیو کاری نا مرۆڤانە دەکەن".

قوربانی ڕایگەیاند کەکاری وادەکەن هەڵمەتەکە تەواوی کوردستان بگرێتەوەو وتی "بۆ ئەوەی هەموو لایەک ئاگاداربێت ئەو درامایە چۆن سوکایەتی بەگەلی کورد دەکات".

# بەرگری لەئازادی نووسینو ڕۆژنامەگەری

زمناکۆ عزیز

پاش بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەدوایین ژمارەی گۆڤاری لڤیندا، سەرەنجام سەرنووسەرو ڕۆژنامەنووسەکانی ئەو گۆڤارە کەوتوونەتە بەر هەڕەشە، بەبێئەوەی حکومەت ورتەیەکی لەم بارەیەوە لێوەبێت، وەک بڵێیت ئەوە پەیوەندی بەحکومەتەوە نییەو ئەوان بەرپەسی ئەو جۆرە کێشانە نین، لەوەش قەباحەتتر ئەوەی کەڕۆژنامەی سەرەکیو زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، بووەتە مینبەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو هەڕەشەو پەلامارانەو ناڕاستەوخۆ پشتیوانی دەکات لەو فەزای ترسو تۆپاندنو زەمینەسازکەرەی تیرۆر.

گۆڤاری لڤینو سەرجەم ڕۆژنامەنووسان دەبێت ئەو مافەیان هەبێت کەهەرچیەک دەیانەوێ بینووسنو بیڵێن، بڵاویبکەنەوە، دەسەڵاتیش ئەرکی پاراستنی ئەو مەودایە کەئەمڕۆ بۆ ئازادی ڕادەبڕین فەراهەمبووە، بیپارێزێت، هەرچی ئەو حیزبو لایەنانەیشی کەخۆیان بەقوربانی ئەو نووسینو بابەتە ڕۆژنامەوانیانە دەزانن، مافیان هەیە کەوەڵامبدەنەوەو ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن بۆ خەڵک، ئیتر خەڵک خۆی لەو نێوەندەدا ئازادە کەبڕوا بەکێو کام قسە پەسەند دەکات، ئەمانە ئەلفوبێی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنییە کە بەدرێژایی ١٩ساڵی ڕابردوو دەسەڵاتداران دەهۆڵی بۆ دەکوتنو بەقیمەتی نانو بژێوی دەردخواردی خەڵکی کوردستانی دەدەن.

لەوەش قێزەوەنتر ئەوەیە کە لەڕێگەی کەناڵەکانی گێژکردنو بەجوڵاندنی هەستی کۆنەپەرستانەی خەڵک، بتەوێ لایەنگریو حەقانییەت بۆ خۆت تۆماربکەیت، ئاخر کەیسی لڤینو بابەتە ڕۆژنامەوانیەکە چ پەیوەندییەکی هەیە بەمەلاکانو خوتبەکانی مزگەوتەکانەوە؟

خۆ ڕەنگە نووسینو بابەتەکان ڕاست نەبنو کەسانێک هەبێت کەبیانەوێ ئەو ئازادییەی کەئەمڕۆ ڕۆژنامەگەری هەیەتی بەقازانجی مەرامو نیەتی سیاسی خۆیان ئاڕاستەی بکەن، بەڵام ئەمە نابێت باجەکەی ڕۆژنامەنووسان بیدەنەوە، بەڵکو ئەوە کاری یاساو دادگایە، لایەنەکانی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیەوە دەتوانن مەدەنیانەو دوور لەهەر ڕەوشێکی نائارام و نادروست، لەڕێگەی جەدەلو پلیمیکو خستنەڕووی بەڵگەکان گرێکوێرەکان بکەنەوەو چارەسەری بکەن. هەرکەسەو بەرپرسی ڕەفتاری خۆیەتی.

لەم نێوەدا ئەرکی ئازادیخوازانو لایەنگرانی کۆمەڵگای مەدەنیو ئازادی ڕۆژنامەگەرییە، کەداکۆکی لەڕۆژنامەنووسانی ناو گۆڤاری لڤین بکەنو ڕێگە نەدەین فەزای ترسو تۆقاندن مەوداکانی ئازادی بەرتەسکبکەنەوە.

کارەکەی گۆڤاری لڤین لەدەرەوەی کاری ڕۆژنامەنووسیدا نییە، هەربۆیە پاراستنی گیانو ژیانی ڕۆژنامەنووسانی لەئەستۆی حکومەتەو دەبێت سنوورێک بۆ ئەو دەستدرێژیو دروستکردنی فەزای تۆقاندنە دابنێتو سزای توندی سەرپێچیکارانیش بدات.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش کەحاکمی نیوەی زیاتری کوردستانە، بەرپرسی سەرەکی کۆتاییهێنانە بەو هەلومەرجەو هەر کاردانەوەیەکی ساوێلکانەی ئەو گروپو کۆمەڵانەی کە لەژێرناوی "داکۆکی لەسەروەران"دا، یان بەهۆی هاندانەکانی مەلاکانەوە بکەوێتەوە، هەمووی لەئەستۆی پارتییە.

zmnaco@yahoo.co.uk

www.arsivkurd.org

# پلەی سەربازی، وەک "نوقڵ"ی جەژنانە دەبەخشرێتەوە

## بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە: هەر بەرپرسێک پشتگیری نادروستی پێشمەرگە بکات، ئەوا خیانەتدەکات



پەرلەمانتارێک: فەوزای پلەبەخشینەوە لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا هەیە

فەرمان خێلانی

فڕکان فڕکانی پێشمەرگە، لەئەم بەرپرسەوە بۆ ئەو بەرپرس بۆ پشتگیریکردن تا پلەی سەربازییان بەرزبکرێتەوە لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا دەستپێکردووە، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت ئەوەی ئێستا هەیە فەوزایە.

**پلە وەک نوقڵی جەژنانە**

دەستوور زانیویەتی لەگەڵ هەوڵەکانی حکومەت بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە، بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی بەبێ بەرنامەو بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاساو رێنماییەکان دەبەخشرێتەوە بەپێشمەرگە.

دەستوور لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە، کەرێژەیەکی زۆر پلەی سەربازی بەپێی پشتگیری حیزبی بەرزکراوەتەوە، وەزارەتی پێشمەرگەش رایدەگەیەنێت کەناتوانن کۆنترۆڵی ئەو حاڵەتە بکەن.

بەپێی وتەی ئەو پێشمەرگانەی دەستوور قسەی لەگەڵدا کردوون، بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی لەئێستادا بەپشتگیریکردنی بەرپرسی حیزبیو حکومی دەبێت، لەچوارچێوەی فایلێکدا خزمەتی ئەو کەسانە کۆدەکرێتەوەو بەپێی خزمەتەکەیان پلەیان پێدەدرێت.

پێشمەرگەیەک کەپلەی سەربازی مولازمی هەیە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایگەیاند "چەندین کەسمان بۆ ئەوەی پلەکانمان بەرزبکەینەوە، چووینەتە لای ئەم بەرپرسو ئەو بەرپرس بۆ ئەوەی نووسراوێکمان بۆ بکات، کە لەسەردەمێکی زووەوە لەگەڵیاندا پێشمەرگەبووین، بەرپرسەکانیش بۆماندەکەن".

ئەو سەرچاوەیە وتی "ئێستا فڕکان فڕکانە لەنێو هێزی پێشمەرگەدا، پێشمەرگە دەناسم ٦ ساڵ خزمەتی هەیە، بەواسیتەی خزمخزمێنەو بەرپرسی حیزبییەوە ١٠ ساڵی بۆ خۆی نووسیوەو بەرپرسەکان پشتگیریانکردووە، بۆ ئەوەی پلەی بەرزبکەنەوە".

هەروەها وتی "پلەی سەربازی وەکو نوقڵی جەژنانە دەبەخشرێتەوە".

حسێن عەبدوڵڵا بەپلەی نەقیب ماوەی ٤ ساڵە بەڕێوەبەری بنکەی دەربەندیخانی پۆلیسی نەوتو گازە، گلەیی لەوە هەیە کە ٦ ساڵە پلەکەی بەرزنەکراوەتەوە.

ئەو دەڵێت کەماوەی ٢٧ ساڵە بێ دابڕان پێشمەرگەیەو لەشاخیش پلەی جێگری بەرپرس کەرتی هەبووە، کەچی ماوەی ٦ ساڵە پلەکەی بەرزنەکراوەتەوە.

ئەو ئەفسەرە هۆکاری بەرزنەکردنەوەی پلەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کەواسیتەو نووسراوی بەرپرسانی باڵای حیزبی نییە، وتی "هاوڕێیەکانی من هیچیان بڕوانامەی سەرەتایشیان نییە، کەچی بوون بەموقەدەمو رائیدو عەقیدو عەمید، تەنها لەبەرئەوەی واسیتەیان هەیەو من ئامادەنیم واسیتە بکەم".

نەقیب حسێن عەبدوڵڵا ئاشکرایکرد کەئێستا بەهۆی رێکخستنی هێزی پێشمەرگەوە، پلەبەخشینەوە لەوەزارەتی پێشمەرگەدا دەستپێکردووەو وتی "بەشێوەیەکی نایاساییو لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو خزمخزمێنەو واسیتەکاری، ئێستا هەر بەرپرسێک نووسراو و پشتگیری بۆ چەند پێشمەرگەیەک دەکات، گوایە ئەوەندە ساڵە لەگەڵ ئەو بەرپرسەدا پێشمەرگە بووەو ئەوانیش پلەی پێوەردەگرن".

ئاماژەی بەوەشدا کەئاگاداری ئەوەیە چەندین پێشمەرگە هەیە بەنووسراوی بەرپرسێکی باڵا کەپشتگیریدەکات کراوە بەنەقیب یان رائید.

**وەزارەتی پێشمەرگە: هەر بەرپرسێک پشتگیری پێشمەرگەیەک بکات، ناچارین پلەکەی بەرزکەینەوە**

بەپێی یاسای سەربازی حکومەتی عێراق، ٤ ساڵ جارێک پلەی هەر ئەفسەرێک بەرزدەبێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر مولازمێک ٤ ساڵ خزمەت بکات دواتر داوای بەرزکردنەوەی پلەکەی دەکاتو بەپێی یاساکە پلەکەی بۆ بەرزدەکرێتەوەو دەبێتە مولازمی یەک.

تائێستا لەکوردستاندا یاسایەکی تایبەت بەرێکخستنی پلەی سەربازی لەئارادا نییە، بۆیە ئەوەی ئێستا دەکرێت بەڕای وەزارەتو پەرلەمانتارانەوە نا یاساییە.

ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایدەگەیەنێت پێشمەرگە یان ئەفسەر هەیە ٨ ساڵە پلەکەی بۆ بەرزنەکراوەتەوە، وتی "لەبەرئەوەی نەهاتووە بەدەم داواکارییەکەیەوە".

ئەو وتی "لەحاڵەتێکدا ئەگەر بەرپرسێک پشتگیری چەندین ساڵە بۆ پێشمەرگەیەک بکات، ئەوا ناچارین بەپێی ئەو فایلە کاری لەسەر بکەین".

وەزارەتی پێشمەرگە ساڵانە لەدوو کاتدا پلە بەرزدەکاتەوە، ١١ی ئەیلولو ٢١ی نەورۆز، بەڵام پێشمەرگەکانی پارتیو یەکێتی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە بەهەلدەزاننو ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی پشتگیرین بۆ بەرزکردنەوەی پلەکانیان.

ئەنوەری حاجی عوسمان وتی "لەرابردوودا ئەو بێویژدانییە کراوە، هەرکەس پلەی بەخشیبێتەوە خیانەتی کردووە، بەڵام لەئێستادا ئەو پلەبەخشینەوەیە نەماوە".

هەروەها وتی "پلەبەخشینەوەو پشتگیری بەرپرسان هەبووەو کراوە، بەڵام لەئێستادا ئەگەر هەر بەرپرسێکی حیزبی بەنادروستی پشتگیری پێشمەرگەیەک بکات، کەگوایە لەشاخ ئەوەندە ساڵ لەگەڵیاندا بووەو وانەبێت، ئەوا ئەو بەرپرسە حیزبیە وەک ئەوە وایە خیانەتی کردبێت لەکوردستان".

ئاماژەی بەوەشدا کەبڕیارە لەوبارەیەوە لێپێچینەوە بکەن.

**پەرلەمانتارێک: ئەوەی هەیە فەوزایە**

گۆران ئازاد ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند فەوزای پلەبەخشینەوە لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا هەیەو تائێستاش هیچ هەوڵێک نەدراوە لەلایەن پەرلەمانەوە.

ئەو وتی "لەبەرئەوەی لەمپەری بەردەم پرسی هێزی پێشمەرگەو پلەبەرزکردنەوە زۆرن، چونکە ئێستا جگەلەوەی هێزی پێشمەرگە یەکینەگرتووەتەوە، هەر لەناو ئەو هێزەشدا چەندین هێزی تری جیاوازو سەیر سەیر هەن، کەچارەسەری کێشەی هێزی پێشمەرگەو رێکخستنی ئەو هێزەی پەکخستووە".

گۆران دەڵێت کەپەرلەمان لەبەرنامەیدایە هەرکات بەتەواوی هێزی پێشمەرگە یەکیانگرتەوە، هەوڵبدەن بەیاسایەک پرسی پێشمەرگەو کاروباری وەزارەتەکەو چۆنیەتی پلەبەرزکردنەوە لەو وەزارەتە رێکبخەن.

# بازیان نارازییە

## داوادەکرێت بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆکی شارەوانیو بەڕێوەبەری تاپۆ دەستلەکاربکێشنەوە



سەرۆکی شارەوانی بازیان

محەمەد نەجیب

هاووڵاتیانی بازیان هەفتەی پێشوو بڕیاریاندا خۆپیشاندانێک ئەنجامبدەن دژ بەکەمیو نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، بەڵام بەهۆی هاتنی هێزێکی زۆری ئەمنییەوە خۆپیشاندانەکە نەکرا، ئەوان داوادەکەن بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆکی شارەوانیو بەڕێوەبەری تاپۆی شارۆچکەکە دەستلەکاربکێشنەوە، بەهۆی "کەمتەرخەمبوون" لەئەرکەکانیاندا.

هەفتەی پێشوو قسە لەسەر ئەنجامدانی چەند رێپێوانو خۆپیشاندانێک لەناحیەی بازیانی نزیک سلێمانی کرا، کەسەرەتا بەهۆی کێشەی هاووڵاتیان لەگەڵ فەرمانگەی تاپۆدا ئەو بیرۆکەیە بەهۆی نارەزایی هاووڵاتیانەوە دروستبوو.

عەبدوڵڵا عەلی یەکێک لەرێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، دەڵێت خۆپیشاندانەکە بۆ کێشەی تاپۆو کەمی خزمەتگوزارییەکانو کەمتەرخەمی کاربەدەستان بووە.

عەبدوڵڵا عەلی دەڵێت سەرەتای کێشەکان لەفەرمانگەی تاپۆوە دەستپێکرد، بەپێی بڕیاری وەزارەتی داد تەنها پارێزەرەکان دەتوانن کاری مامەڵەی تاپۆ بکەن، بۆ هەر کارێکیش ١٢٠هەزار دینار وەردەگرن، وتی "ئەمەش بۆ خەڵک زۆرە".

دەستوور پەیوەندیکرد بە بەڕێوەبەری تاپۆی بازیانەوە، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات بەبیانووی ئەوەی کە لەسەروی خۆیەوە ئاگادارکراوەتەوە کەلێدوان نەدات.

عەبدوڵڵا عەلی وتی "سەرۆکی شارەوانی سێجار بەڵێنی قیرتاوکردنی شەقامو کۆڵانەکانی پێداوین، بەڵام هەوڵەکان بێ ئاکامن، بۆیە سەردانی مەلا بەختیارمان کردو پێشتریش عیماد ئەحمەد لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی پێداین بازیان بکات بەقەزا، بەڵام هیچ دیار نییە".

عومەر ئاڵی سەرۆکی شارەوانی بازیان لەنرخی خۆپیشاندانەکەو داواکانی خۆپیشاندەران کەمدەکاتەوە، دەڵێت ئەو نارەزاییو رێپێوانە دژی ئەو و بەڕێوەبەری ناحیە نەبووە، بەڵکو دژی بەڕێوەبەری تاپۆ بووە.

عومەر ئاڵی وتی "کۆمەڵێک نووسینگە بوون کە لەبەرژەوەندی شەخسیان دراوە، بۆیە ئەوانە تەعبیر لەرای گشتی بازیان ناکەن، بەڕێوەبەری تاپۆ بەفەرمانێکی فەرمی نووسراوێکی وەزارەتی دادی بۆ هاتووە، کە بەهیچ شێوەیەک نابێت نووسینگەکان مامەڵە عەقارو کڕینو فرۆشتنی خانو زەوی هاووڵاتیان بکەن".

زانا بەهادین بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان رەتیدەکاتەوە خەڵکی داوای دەستلەکارکێشانەوەی ئەویان کردبێت، دەڵێت خۆپیشاندەران بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە، وتی "بەپێچەوانەوە من لەناو پیاوماقوڵانو خەڵکو سەرۆک عەشرەتەکاندا دانیشتوومو رێزیان لێگرتووم، کەسیش باسی ئەوەی نەکردووە، قەت هاووڵاتیانی بازیان بەمن ناڵێن برۆ".

زانا بەهادین وتی "کۆمەڵێک خەڵک هەیە کەبەرژەوەندیان لەگەڵ یاساو حکومەتدا ناگونجێت، بۆیە ناچارن حکومەت بەخراپەکاری تۆمەتباربکەن، بۆیە ئەوانە گوزارشت لەبۆچوونی هەموو خەڵک ناکەن".

عومەر ئاڵی دەڵێت پرۆژەڵەکان بۆ قیرتاوکردن لەقۆناغی تەواوبووندا بووە، دواتر ئاراستەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی دەکەن، وتی "ئێمە لەسەر رەزامەندی ئەو بەڵێنەی عیماد ئەحمەد، بەڵێنمان بەخەڵکی داوە، ئەوەش ئێستا پێویستی بەرەزامەندی سەرۆکی حکومەت هەیە بۆ ئەوەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە".

بەپێی ئامارە نارەسمییەکان ناحیەی بازیان ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی ٢٦ هەزار کەس دەبێت، بەڵام تائێستا نەخۆشخانەکەی پزیشکی پسپۆڕی تێدانییە، نەخۆشخانەی شارۆچکەکەش بەشی منداڵبوونی تێدانییە.

عەبدوڵڵا عەلی وتی "نەخۆشخانەکەمان لەحەبی پاراسیتۆڵو دەرزی ڤۆڵتارینو یاریدەدەری پزیشکی بەرزتری تێدانییە".

زانا محەمەد قائیمقامی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت داوای هاووڵاتیان بۆ دەستلەکارکێشانەوەی بەرپرسانی ناحیەکە بەفەرمی نەنێردراوە بۆ ئەو، وتی "داوای لەو شێوەیەم بەدەستبگات، ئەوا لیژنەی بۆ دروستدەکەین، ئەگەر داوەکەی هاووڵاتیان شەرعیو یاساییو لەبەرژەوەندی گشتیدا بوو، ئەو کات بڕیار لای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام هیچ شتێک بەبێ لێکۆڵینەوە بڕیاری لەسەر نادرێت".

زانا محەمەد وتی "بەتەئکید دەبێت حکومەتو ئیدارەی بازیان لەخزمەتو بەرژەوەندی خەڵکی بازیاندا بێت".

عەبدوڵڵا عەلی ئاماژەی بەوەدا کەشارۆچکەکانی ئەڵاییو تەیناڵو گۆپاڵە کەژمارەی دانیشتووانیان بەقەد بازیان نییە، خزمەتگوزاری زیاتریان بۆ کراوە، وتی "ئەوە پەیوەندی بەسەرۆکی شارەوانییەوە هەیە، کەوەک پێویست هەوڵنادات".

عەبدوڵڵا عەلی دەڵێت هەوڵدەدەن بەرپرسانی شارۆچکەکە لەسەرکار لابدەن، وتی "تەنانەت دەڕۆین بۆ لای مام جەلال شکات دەکەین، ئەگەر ئەویش بۆی نەکردین، ئەوا بەرێپێوانو مانگرتن بەردەوامدەبین تا لایان دەبەین".

# "کارەساتە بۆ کورد، عێراق لەژێر بەندی حەوت دەربهێندرێت"

## سیروان زەهاوی بڕیاردەی لیستی هاوپەیمانی، لەخولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەراندا

سازدانی: فەرمان ڕەشاد

سیروان زەهاوی بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەخولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، داوادەکات لەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەراندا کورد فشاری زیاتر بۆ سەر لایەنەکانیتر دروستبکاتو دەڵێت لەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠دا ساردییەک هەبووە.

**دەستوور:** چۆن لەجموجۆڵی فراکسیۆنی لیستە کوردییەکان لەئێستادا دەڕوانی؟

**سیروان زەهاوی:** بەبۆچوونی من تا ئەو ساتە بەهێزن، ئەو یەک ڕەنگییەی کەئێستا گوتاری کوردی یەکخستووەو قورسایی بۆ کورد دروستکردووە، وایکردووە لایەنەکانیتر حساب بۆ وجودی ئێمە بکەن، ئەو ئالیەتەی کەئەو فراکسیۆنە ئیشی لەسەر دەکات باشە، ئەو بەرنامەیەی کەنووسراوەتەوەو پێشکەشی ئەو لایەنەی دەکرێ، کەپشتگیری کورد بەدەستدەهێنی کەدەبێ گفتبدات کەجێبەجێیان دەکات، زۆر گشتگیرەو خاڵی ستراتیژی زۆری تێدایەو بەرنامەیەکی زۆر تاکتیکییە، هەروەها هەر ئەو یەکڕیزییە وایکردووە کە تادوێنێ کەخەڵکێک دەهۆڵی مردنی مادەی ١٤٠یان لێدەدا، کەچی ئێستا کەدوایینیان مالکی بوو جەختی لەوە کردووە کەس ناتوانێت بڵێت ئەو مادەیە مردووە، ئەمەش دانپێدانانێکی زۆر گرنگەو گرەنتی هێشتنەوەی ئەو مادەیەیە.

**دەستوور:** پێتوایە پێویستمان بەچ ئالیەتێکە بۆ ئەوەی ئەمجارە بتوانرێت نەخشە ڕێگایەکی سەرکەوتوو پەیڕەوبکرێت لەبەغداد بەتایبەتی بۆ ماددەی ١٤٠؟

**سیروان زەهاوی:** دەبێت لەبەرنامەی حکومەتی داهاتوودا بەراشکاوی ناوی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بهێنینو سەقفی زەمەنیان بۆ دابنێین، حکومەت ناچاربکەین کەدەبێت لەوادەی خۆی جێبەجێیان بکات، نابێت بهێڵین هیچ یاسایەک دژی مادەی ١٤٠ یان هەر خواستێکی ئێمە دەربچێت، پێویستە ئەندامە کوردەکان لەئەنجومەنی نوێنەران کارابکرێنو بەئامادەبوونی بەردەوامو بوونی سەنتەری ستراتیژیو ڕاوێژکار لەدوای ئەوانەوە، لەلایەکیتر ئەو پۆستە حکومییانەش کەبەگوێرەی ئیستحقاقاتی خۆمان وەریدەگرین، هەوڵدەین خەڵکی لێوەشاوەی بۆ دابنێینو لەسەر بنچینەی لێهاتوویی بێت، نەک بەهۆی مەحسوبیەتو مەنسوبیەت دایانبنێین.



**دەستوور:** لەو قۆناغەی ئێستا چ پۆستێک پێویستە ئێمە زۆر جەختی لەسەر بکەینەوە؟

**سیروان زەهاوی:** لەپێشدا دەبێت هەوڵبدەین سەرۆک کۆماری مسۆگەربکەین، بۆ ئەوەی دەستوور لەهەر گۆڕانێک دژی خواستی ئێمە بپارێزین، لەوەزارەتە سیادییەکانیش ئێمە لەکابینەی ڕابردوودا توانیمان سوود لەپۆستی وەزیری دەرەوە وەربگرینو پێویست ناکات جارێکیتر وەریبگرینەوە، لەپۆستەکانی تریش کەوەزارەتەکانی نەوتو دارایی‌و بەرگری، پێویستە زۆر جەخت لەسەر وەزارەتی دارایی بکەینەوە، چونکە تەنانەت لەوڵاتە زۆر دیموکراسییەکانیش کێشەی دارایی لەنێوان ناوەندو هەرێمەکاندا هەیە، ئەو پۆستە بۆ لە١٧٪ بودجەی هەرێمو چەند پرسێکیتر سوودی بۆ ئێمە دەبێت، ئەگەر ئەویش نەبێت پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین وەزارەتی نەوت وەربگرین، چونکە ئێمە کێشەی نەوتیشمان لەگەڵ بەغدادا هەیە.

> شیعییەکان لەکورد نزیکترن، لایەنی سوننی هەر بڕوایان بەمادەی ١٤٠ نییە

**دەستوور:** دەوترێت دواجار کورد پشتگیری لەمالکی دەکات، پێتوایە چ گرەنتییەک هەیە ئەمجارە ناوبراو کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەربکات، کەپێشتر دەسەڵاتی هەبووەو نەکراوە؟

**سیروان زەهاوی:** ئێمە لەڕابردوودا متمانەمان بە بەرنامەکەی مالکیدا کە لەمادەی ٢٢ دەڵێت مادەی ١٤٠ جێبەجێدەکەم، ئەوەش وایکرد ئێمە پشتگیری بکەین، کەواتە ئێمە لەدەستوورو کارنامەی حکومەت لەڕابردوودا ئەوەمان چەسپاندووە، بەڵام لەڕووی جێبەجێکردنەوە ساردی هەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت لایەنە شیعییەکان لەئێمە نزیکترن لەلایەنی سوننی کەهەر بڕوایان بەو مادە دەستوورییە نییە، سەرەڕای کەموکوڕیش لەماوەی ڕابردوودا مالیکی هەموو ساڵێک بودجەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ داناوەو تائێستا نیو ملیار دۆلاری بۆ خەرجکراوە، ئێستا کەبڕیاردرا کەرکوک لەسەرژمێری جیانەکرێتەوە ئۆتۆماتیکی جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی مادەی ١٤٠ە، بۆیە ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ مالکیدا هەیەو ئەو باشترە لەکەسێک کەنازانین چی لەئەجێندای هەیە، ئەوەشی گرنگە دەبێت ئەمجارە فشاری ئێمە لەسەر مالکی زیاتربێت بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

**دەستوور:** باس لەدەرهێنانی عێراق لەژێر بەندی حەوت دەکرێت، ئایا مانەوە یان دەرهێنانی لەسوودی کوردە؟

**سیروان زەهاوی:** ئێمە زۆرجار لەراگەیاندنی عەرەبی دەڵێین با عێراق لەژێر ئەو بەندە نەمێنێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە دوژمن بۆ خۆمان دروستنەکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەرهێنانی عێراق لەژێر ئەو بەندە، هیچ لەبەرژەوەندی کورددا نییە، چونکە سەرەڕای سەنگمان ئێمە بەنیسبەتی عێراق کەمینەین، ئەگەر عێراق سەروەری تەواوی هەبێت لەڕووی گەیاندنو ئەمنیو دارایی‌و دەرەوە، ئەوا مەترسی ئەوە دەکرێ دژی کورد بەکاربهێنرێت، چونکە عێراق دەوڵەتی دامەزراوەیی نییە، مانەوەی عێراق لەژێر چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، واتا تەواونەبوونی سەروەری عێراقو ئەمەش مافی کەمینەکان لەنێویان کورد دەپارێزێت، بۆیە کارەساتە بۆ کورد لەو قۆناغەی ئێستا عێراق لەژێر ئەو بەندە دەربهێنرێت.

# کوردەکانی باکوور داوای نیمچە سەربەخۆیی دەکەن

## بەدەپەو کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەنوێترین هەوڵیاندا داوای ئاگربەست لەسوپاو گەریلاکان دەکەن

محەمەد عەلی کەمال

هەردوو پارتی بەدەپەو کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی، داوادەکەن گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی تورکیاو گەریلاکانی پەکەکە دەستپێبکاتو لەنوێترین هەوڵیاندا هەردوولایان داوای ئاگربەستیان لێدەکەن.

لەدوای شکاندنی ئاگربەست لەلایەن پەکەکەوە لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ڕابردوداو بەرزبوونەوەی قوربانیانی نێو هەریەک لەریزەکانی سوپای تورکیاو گەریلاکانی پەکەکەو هەڵکشانی بەرچاوی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانو پێکدادانەکان، هەریەک لەپارتی ئاشتی‌و دیموکراسی‌و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی داوای ئاگربەستی دوو لایەنەو هێنانەکایەی زەمینەی دانوستاندنو دیالۆگ لەحکومەتو پەکەکە دەکەن.

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی لەدوای کۆبوونەوەی دامەزراوەی ناوەندیی بەڕێوەبردنی پارتەکە کە لەشاری ئامەد بەڕێوەچوو، هەریەک لەسەلاحەدین دەمیرتاشو گیولتلن کشاناک هاوسەرۆکانی پارتەکە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان سازکردو تێیدا داوایان لەحکومەتو سوپاو چەکدارانی پەکەکە کرد ئاگربەست ڕابگەیەنن.

هاوسەرۆکانی پارتەکە داوایانکرد دەست بەدانوستاندنو گفتوگۆکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەن. داواشیان لەمیدیای وڵات کرد کەهاوکاری پرۆسەکە بکات.

ئەو دوو لایەنە ئامادەیی پارتەکەشیان بۆ هەر کارئاسانی‌و دەستپێشخەرییەک بۆ ئەو مەبەستە نیشاندا.

دەمیرتاش وتی "کێشەی کورد کێشەیەکی زۆر گرنگو قورسەو چەند لایەنێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کلتووری هەیە، جگە لەوەش لەبەرئەوەی لەوەتەی کۆماری تورکیا دامەزراوە بیر لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەکراوەتەوە، هەمیشە لەڕێگای توندوتیژییەوە بەرەنگاریی بوونەتەوەو بووەتەهۆی ئەوەی چەندین دەرئەنجامی سایکۆلۆژی لێبکەوێتەوە".



هاوسەرۆکی بەدەپە بەئاشکراشیکرد کەئەو خاڵەی ئێستا ئەوان گەیشتووینەتێ ئەوەی دەرخستووە کەچەندین هەل بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگەی ئاشتیانەو دیموکراتیانە هەن.

ئەو وتی "لەساڵی ١٩٩٣ەوە ئەو هەموو هەوڵەی بۆ چارەسەرکردن دراون، بەبنبەست گەیشتوون، ئەگەرچی قوربانییەکانی زۆرن، بەڵام بوونەتە ئەزموون".

لەبارەی قۆناغی ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن پەکەکەو کرانەوەی دیموکراتی حکومەتی تورکیاشەوە، سەلاحەدین دەمیرتاش وتی "کرانەوەی دیموکراتی بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە چاوەڕوانی‌و ئومێدەکانی هاووڵاتیان بەپرۆسەی ئاشتی زیادبکەن، بەڵام لەمانگی نیسانی ٢٠٠٩و لەوکاتەوەی پەکەکە ئاگربەستی ڕاگەیاند هەڵمەتە سەربازییەکانی سوپای تورکیا درێژەی هەبوو، هەروەک سیاسەتەکانی پاکتاوکردن لەژێر ناوی کرانەوەدا بەردەوامبوون، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی هەوڵەکانی ئاشتی بەبنبەست بگاتو کێشەی کورد جارێکی دیکە ببرێتەوە مەیدانی شەڕو پێکدادان".

لەبەشێکی دیکەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا گیولتان کشاناک وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوەو ڕایگەیاند ئاواتی هەمووانە کەساتێک زووتر وەڵامی بانگەوازەکانی ئاشتی بدرێتەوەو کوشتوبڕەکان ڕابوەستێنرێت.

کشاناک وتی "دەبێت دەست بەدیالۆگو گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگەی ئاشتییانە بکرێت".

ئەم هەوڵەی ئەو دوو پارتەی ئەو وڵاتە لەکاتێکدایە چەند ناوەندێکی هەواڵی تورکیا ئاماژەیان بەدانیشتنی نهێنی حکومەتی تورکیاو پەکەکە داوە.

هەروەها کشاناک وتی "ئێمەش وەک پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی هەوڵەکانمان لەوبارەیەوە چڕتردەکەینەوەو هیوادارین بگەینە دەرەنجامێکی دڵخۆشکەر".

**ڕەنگە داوای ئەو پارتە پۆزەتیف بێت**

سەلاحەدین دەمیرتاش جەختیکردەوە لەوەی هەرکاتێک داوای ئاگربەستیان لەپەکەکە کردبێت، وەڵامی پۆزەتیفیان وەرگرتووەتەوە.

ئەو وتی "بەڵام چاوەڕوانی سەرەکی ئەم جارەیان لەحکومەتەوەیە کەسوورە لەسەر ئەوەی کێشەکە چارەسەرنەکات".

هاوکاتو هەر لەشاری ئامەد کۆنگرەی چوارەمینی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی بە بەشداری سەرکردەی چەندین پارتو نوێنەری ژمارەیەکی بەرچاو لەرێکخراوەکانو سەندیکاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ژمارەیەکی زۆر لەرۆشنبیرو نووسەرانو سیاسەتمەداران بۆ تاوتوێکردنی قۆناغی ئێستای سیاسی تورکیاو هەڵسەنگاندنی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی بەڕێوەچوو.

لەو کۆنگرەیەدا باس لەئاگربەستی دوو لایەنە کراوەو لەڕۆژی دووەمی کۆنگرەکەشدا لەبەیاننامەی کۆتاییدا داوای وەستاندنی شەڕ لەلایەن هەریەک لەپەکەکەو تورکیاوە کراوە.

داواکارییەکی تری کۆنگرە بریتی بوو لەئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باکوور.

www.arsivakurd.org



# برامان برایی کیسەمان جیایی

## پـــارتـــی داوادەکـــــات بـــودجـــەکـــەی لـــەیـــەکـــێـــتـــی زیـــاتـــربـــێـــت

فەرمان خێڵانی

پەرلەمانو حکومەتی هەرێم ناتوانن بودجەی حیزبەکان دیاری بکەن، پارتیش داوادەکات بودجەکەی لەیەکێتی زیاتربێت، گۆڕانیش دەڵێت بودجە کەمنەکرێتەوە وەریناگرن.

**حکومەتو پەرلەمان دەستەوەستانن**

حکومەتی هەرێم لەیاسای بودجەی ئەمساڵدا تەنها ٩٠ ملیار دیناری بۆ بودجەی حیزبەکان دیاریکردووە، بەو هیوایەی بودجەی هەموو حیزبەکان کەمبکاتەوە.

لەسەرەتای مانگی تەممووزدا د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند بەهۆی کورتهێنانی ئەو ٩٠ ملیار دینارەی کەتەرخانیکردبوو بۆ بودجەی حیزبەکان، بڕیاریداوە بودجەی حیزبەکان کەمبکاتەوە بۆ نیوەی ئەوەی کەوەریاندەگرت. بەڵام بەپێی وتەی بەرپرسانی حکومەت لەچەند ڕۆژی داهاتوودا بودجەی حیزبەکان بەبێ کەمکردنەوە دەدرێت، تا ئەو کاتەی لەپەرلەمان یاسایەک پەسەنددەکرێت.

پێشتر دوو پرۆژەیاسا لەلایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە ئامادەکرابوو، تا بودجەی حیزبەکان بەیاسا دیاریبکرێت، بەڵام بەهۆی ڕای جیاوازی لیستەکان لەسەر چۆنیەتی دیاریکردنی بەشە بودجەکە، پرۆژەکە دواخرا.

پەرلەمانتاران کۆک نەبوون کەئایا بودجەی حیزبەکان بەپێی ژمارەی کورسییەکانیان دیاریبکرێت یان ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە لەهەڵبژاردنەکاندا.

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت پێویستە پێوەرێک دابنرێت بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی بودجەی حیزبەکانو کەمیو زۆری بودجەکەیان، وتی "بەڵام باشترین پێوەر ئەوەیە کە بەپێی کورسی پەرلەمانیی لایەنە سیاسیەکان بێت".

ئیسماعیل گەلاڵی ئەندامی لیژنەی داراییو ئابووری پەرلەمان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەهۆی لاوازی پەرلەمانو ناکۆکی حیزبە سیاسییەکانەوە، پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکان لەپەرلەمان گیریخواردووە.

گەلاڵی وتی "لاوازی لیژنەی دارایی پەرلەمانو خودی پەرلەمان وایکردووە، کەنەتوانرێت خۆی بڕیار لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بودجە بەسەر حیزبەکاندا بدات، هەروەها لەدەرەوەی پەرلەمانیش لایەنە سیاسییەکان ئیرادەی سیاسیو ڕێککەوتن نییە لەنێوانیاندا بۆ چۆنیەتی داڕشتنی پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکانو چەندێتی بڕی بودجەی حیزبەکانو چۆنیەتی دابەشکردنی بەسەر حیزبەکاندا".

گەلاڵی دەڵێت هەرچەندە لەیاسای بودجەدا بڕی ٩٠ ملیار دینار بۆ هەموو حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستان دانراوە، بەڵام تا ئەو پرۆژەیاسایە لەپەرلەمان پەسەند نەکرێت، ناتوانرێت بەیاسا بودجەی دیاریکراو بەسەر حیزبەکاندا دابەشبکرێت.

ئیسماعیل گەلاڵی وتی "ئەگەر بەپێی دەنگ بودجەکە بەسەر حیزبەکاندا دابەشبکرێت باشترە، ئەوا دابەشکردنەکە ڕێگەیەکی دادپەروەرانەیە، لەبەرئەوەی ئەوکات ئەو حیزبانەی کەناتوانن بگەنە پەرلەمانیش هەر شتێک پارەیان پێدەدەرێتو ئەوانەیشی کە بەکۆتا ١١ کورسیەکەی پەرلەمان وەردەگرن، بەپێی دەنگەکانیان پارەیان پێدەدرێت، چونکە هەموو دەنگەکانی ئەو ١١ کورسیە کۆتایە بەرانبەر ٣ بۆ ٤ کورسی حیزبەکانی ترە، کەچی پارەی ١١ کورسی وەردەگرن، ئەمەش نا دادپەروەری بوو لەدابەشکردنی بودجەی حیزبەکاندا".

**حکومەت بەقەرز بودجە دەدات بەحیزبەکان**

لەئێستادا مانگانە بودجەی حیزبی شیوعی کوردستان بڕی ٥٨٠ملیۆن دینار، هەریەک لەیەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی مانگانە بۆ هەریەکەیان بڕی ٤٥٠ ملیۆن دینار، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بڕی ٣٥٠ ملیۆن دینار، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ٨٠ملیۆن دینار، حیزبی زەحمەتکێشان باڵی مەکتەبی سیاسی ٤٠٠ ملیۆن دینار، باڵی قادر عەزیزیش ١٢٠ ملیۆن دینار، یەکێتیو پارتیش هەریەکەیان بڕی ٣٥ملیۆن دۆلار لەحکومەت وەردەگرن، ئەمە جگە لەحیزبە بچوکەکانی تری هەرێم کەبودجەی مانگانەیان لە ٥ ملیۆن دینارەوە تا ١٢٠ ملیۆن دیناری تێدایە.

کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستووری ڕایگەیاند بەهۆی پەسەندنەکردنی یاسای بودجەی حیزبەکان لەپەرلەمان، ئێستا بودجەی مانگانەی حیزبەکان بەقەرز دەدرێت.

ئاماژەی بەوەشدا دوای پەسەندکردنی یاساکە، ئەو پارەیەی بەپێی یاساکە بەریاندەکەوێت، بەراورد دەکرێت بەو پارەیەی مانگانە بەقەرز وەریانگرتووە، ئەوکات بەپێی ئەوە قەرزەکانیان یەکلادەکرێتەوە.

وتەبێژی حکومەت ئاشکرایکرد کەچاوەڕێدەکرێت دوای تەواوبوونی پشووی هاوینەی پەرلەمان، پەرلەمان تاوتوێی یاسای بودجەی حیزبەکان بکاتو پەسەندیبکات.

ئازاد جوندیانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ ڕاگرتنی بودجەی حیزبەکان هەڵوەشاوەتەوە، بەڵکو جێبەجێکردنی بڕیارەکە دواخراوە بۆ ئەوکاتەی کەیاسای تەمویلی بودجەی حیزبەکان لەپەرلەمان پەسەنددەکرێت.

جوندیانی وتی "ئەو بڕە پارەیەی کە لەئێستادا دەدرێت بەحیزبەکان بەشێوەی قەرزە، دوای پەسەندکردنی یاساکە لەپەرلەمان لەبودجەی حیزبەکان زیادەی ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت".

نەجیب باڵەتەیی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لەپەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتدا، بەرهەم ساڵح پێی وتوون کەمەسەلەی بودجەی حیزبەکانی چارەسەرکردووەو بەبێ دەستکاری لەچەند ڕۆژی داهاتوودا دەدرێتەوە.

باڵەتەیی وتی "ئەو مەسەلەیە دواتر لەکۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی هەرێمو لایەنە سیاسییەکاندا یەکلاییدەبێتەوە".

**پارتی داوادەکات لەهەموو لایەک زیاتری هەبێت**

بەپێی ئەو زانیارییانەی کەدەستوور لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە دەستی کەوتوون، پارتی داوایکردووە کەبەشە بودجەی ئەوان لەهەموو حیزبەکانیتر زیاتربێت بەپێی ئەوەی کە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا زۆرترین دەنگی هێناوە.

سەرچاوەکە بەدەستووری ڕاگەیاند لەکۆبوونەوەی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتیدا، پارتی پێشنیازی ئەوەی کردووە کە بەو پێیەی لەهەڵبژاردندا دەنگی لەیەکێتی زیاتر هێناوە، دەبێت بەشە بودجەی حیزبەکەیان لەحکومەت زیاتربێت لەبەشە بودجەی یەکێتی، بەڵام لەبەرامبەردا یەکێتی ئەوەی ڕەتکردووەتەوەو قبوڵیان نەبووە کەبەشە بودجەی ئەوان لەبەشی پارتی کەمتربێت، لەبەرئەوەی لەپەرلەماندا ژمارەی کورسییەکانیان یەکسانە.

سەرچاوەکە وتی "بۆیە تا ئێستا یەکێتیو پارتی لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بودجەی حیزبەکان ڕێکنەکەوتوون".

ئازاد جوندیانی دەڵێت لەو کۆبوونەوانەی کەئەو بەشداربووە شتی لەو جۆرە باس نەکراوە، وتی "بەڵام ئەگەر بەشی ئێمە لەبەشی پارتیش کەمتربێت، ئەوا کێشە دروستنابێت، لەبەرئەوەی ئێمە هاوپەیمانینو ڕێکدەکەوین".

جوندیانی دەڵێت ئەو پرسە لەلایەن فراکسیۆنی هاوپەیمانییەوە قسەی لەسەر دەکرێت، دواتریش مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبە قسەی خۆیان لەوبارەیەوە دەکەن.

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان داوادەکات بودجەی هەموو حیزبەکان کەمبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی پارەکە بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری سەرفبکرێت.

حەمە تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت نیگەرانن لەبەرامبەر کەمنەکردنەوەی بودجەی حیزبەکان، ئەگەر کەمنەکرێتەوە، ئەوان ئامادەنین وەریبگرن، وتی "هەڵوێستی توندیشمان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبێت، چ لەپەرلەماندا بێت یان لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بێت".

هەر دوێنی سێشەممە ٢٠١٠/٨/١٠ کۆبوونەوەیەکی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتی لەبینای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسلێمانی بەڕێوەچوو.

بەپێی وتەی سەرچاوەیەک کۆبوونەوەکە تایبەت بووە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بودجە بەسەر حیزبەکاندا.

> یەکێتی: ئەگەر بودجەکەمان لەپارتیش کەمتربێت، کێشەیەک دروست ناکەین



# "هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلێکی زۆر، کۆنترۆڵکردنی شەقامەکانی زەحمەتکردووە"

## ئاراس رەوف بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی بۆ دەستوور

سازدانی: زانیار محەمەد

ئاراس رەوف بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی لەم چاوپێکەوتنەی دەستووردا ئاماژە بەپەیڕەوکردنی سیستەمی نوێی هاتوچۆو چۆنیەتیی مۆڵەتپێدانی شۆفێری دەکات، پێیوایە سەرکەوتنو شکستنەهێنانی ئەو سیستەمە لەسەر هۆشیاریی شۆفێرەکان وەستاوە. ئەوەش دەڵێت کەهێنانی رێژەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل، کۆنترۆڵکردنی رێگەوبانەکانو هاتوچۆی زەحمەتکردووە.

**دەستوور:** سەرەرای پەیڕەوکردنی سیستەمی شۆفێریی نوێ لەکاتی مۆڵەتپێدانی شۆفێری بەهاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانی، بەڵام رووداوەکانی هاتوچۆ لەبەرزبوونەوەدان، ئەوە نیشانەی شکستهێنانی ئەو سیستەمە نوێیە نییە؟

**ئاراس رەوف:** چەند ساڵێکە لەسلێمانی لەرێگەی نووسینگەی فێربوونی شۆفێرییەوە مۆڵەت دەدرێت بەهاووڵاتیان، نووسینگەکان هاووڵاتیان فێری یاساکانی هاتوچۆو چۆنیەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەکەن، پاشان لای ئێمە تاقیکردنەوەی تیۆریو پراکتیکی ئەنجامدەداتو کەسەرکەوتوو بوو، مۆڵەتی پێدەدرێت. پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێ شکستی نەهێناوە، ئاماری رووداوەکان بەپێی ساڵەکان دەگۆڕێت، واتە ساڵ هەیە رووداوەکان زیاددەکات، ساڵ هەیە کەمدەکات. بۆیە ئامارەکان پەیوەندی نییە بەپەیڕەوکردنی سیستەمی نوێوە. هۆی بەرزبوونەوەی رووداوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ شۆفێرەکان، بۆ مەرجی توندوتۆڵیی ئۆتۆمبێلەکانو رێگەوبان. ئەگەر شۆفێرەکان یاساکانی هاتوچۆ جێبەجێبکەن، رووداوەکانی هاتوچۆ کەمدەبێتەوە. کاتێکیش شۆفێرەکان کەمتەرخەمبن لەرەچاوکردنی مەرجو یاساکانی هاتوچۆ، ئەوا رووداوەکان زیاددەکات.

**دەستوور:** ئامارەکان دەریدەخەن کەزۆرینەی رووداوەکانی هاتوچۆ ئەو کەسانە ئەنجامیدەدەن کە بەپێی ئەم سیستەمە نوێیە لەم چەند ساڵەی دواییدا مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتووە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟ ئایا ئەم سیستەمە نەیتوانی شۆفێری پەیوەست بەیاساو رێنماییەکانی هاتوچۆ دروستبکات؟ یان ئەم سیستەمە هەلومەرجو واقیعی هاتوچۆو رێگەوبانو لایەنی دەروونیی شۆفێرەکانی ئێمەی رەچاونەکردووە؟

**ئاراس رەوف:** فێربوون هۆشیاری دەدات بەمرۆڤو دووریدەخاتەوە لەڕووداوەکان. کاتێک مامۆستا یەکێک فێردەکات، ئەوا کەوتووەتە سەر توانای کەسی فێرخواز، ئایا تا چەند دەتوانێت یاساو رێنماییەکانی هاتوچۆ رەچاوبکات. ئەم سیستەمە زانستەو پێکهاتووە لەهونەرو ئارەزوو ئەخلاق. نووسینگەکان ئاسانکاری دەکەن بۆ هاووڵاتیان تا ئەو زانستە فێرببن. فێربوونو پەیوەستبوون پەیوەستە بەتاکەکانەوە. کەواتە بوونی نووسینگەکانی فێربوونی شۆفێری کارێکی باشە. سەرکەوتنی ئەم سیستەمە نوێیەش لەسەر هۆشیاریی شۆفێرەکان وەستاوەتەوەو پێوەی پابەندە.

دەستوور: نووسینگەکانی فێربوونی شۆفێری لەپارێزگای سلێمانی کەژمارەیان لە١٠٠ نووسینگە تێپەڕیکردووە، بوونەتە شوێنی بازرگانیکردن، هەر لەبەشی بەدواداچوونی کاروباری نووسینگەکان لەهاتوچۆی سلێمانی، سەدان سکاڵاو داواکاری لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەرانبەر نووسینگەکانی فێربوونی شۆفێری تۆمارکراوە، بۆچی لێپرسینەوە ناکەن؟

ئاراس رەوف: ئێمە ئیجرائات بەرانبەر بەنووسینگەکان دەکەین. ئەگەر دەرکەوت سەرپێچی کرابوو، یەکەم ئیجرائات نووسینگەکە دادەخەین، ئەگەر نووسینگەکە پارەی هاووڵاتیانی خواردبوو، رووبەڕووی یاسایان دەکەینەوە. بوونی کەموکورتی، کەوتووەتەوە سەر نووسینگەکان خۆیان. هەندێک نووسینگەی فێربوونی شۆفێری بەهۆی کەموکورتیو سەرپێچییەوە داخراون.

دەستوور: رۆژانە ٣٥٠ ئۆتۆمبێلی نوێ دەهێنرێتە سلێمانییەوە، بەبێ بوونی پرەنسیپو مراندنی ئۆتۆمبێلی ترو دروستکردنی رێگەوبانی نوێ، ئایا ئەمە هۆکار نییە بۆ دروستبوونی ئەو فەوزایەی ئێستا لەهاتوچۆی سلێمانیدا هەیە؟

ئاراس رەوف: دروستکردنی رێگەوبانی نوێ تارادەیەک دەکرێت دڵخۆشکەر بێت، هەرچەندە هێشتا کەموکوڕی لەڕێگەوباندا ماوە، هێشتا شەقامی خراپ هەیە. بێگومان رێژەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لەناو سلێمانیدا هەیەو رۆژانەش ئۆتۆمبێلیتر دەهێنرێت، سەرەرو خۆمانمان لێ ئاگاداركردووەتەوە. هێنانی ئۆتۆمبێلی زۆر بەو جۆرەی ئێستا، کۆنترۆڵکردنی شەقامو رێگەوبانەکانی زەحمەتکردووە. ئەوەش هۆکارێکە بۆ زۆربوونی رووداوەکانی هاتوچۆ. هێنانی ئۆتۆمبێلی زۆرو کەمی رووبەری رێگەوبان، بێزاربوون لای هاووڵاتیان دروستدەکات، هاتوچۆ زەحمەت دەکات. لەهەموو دنیادا بەپێی پێویست ئۆتۆمبێلی نوێ دەهێنرێت، بەڵام لێرە وا نییە.

**دەستوور:** هەست بەجۆرێک لەفەوزا دەکرێت لەهێنانی ئۆتۆمبێلو دروستکردنی قەرەباڵغی لەسەر شەقامەکان، بۆچی رێگە بەدروستبوونی ئەو فەوزایە دەدەن؟ لەهێنانی ئۆتۆمبێلدا پرس بەئێوە دەکرێت؟

**ئاراس رەوف:** لەهێنانی ئۆتۆمبێلدا پرسمان پێکراوە، بڕیاردراوە لەهێنانی ئۆتۆمبێلدا تەنیا رسومات بدرێت، بەڵام ئێمە پێمانباشە لەکاتی هێنانی ئۆتۆمبێلی نوێدا، ئۆتۆمبێلی کۆنی بۆ بمرێنرێت. بەڵام لەسلێمانی رێژەیەکی ئێجگار کەم ئۆتۆمبێلی کۆن ماوە. من لەگەڵ ئەوەدام کەئۆتۆمبێلێکی نوێ دەهێنرێت، ئۆتۆمبێلێکی کۆنی بۆ بمرێنرێت. رێژەی ئۆتۆمبێلی کۆن زۆر کەمترە لەڕێژەی ئەو ئۆتۆمبێلە نوێیانەی کەدەهێنرێت. پێویستە ساڵانە ئۆتۆمبێلەکان پشکنینی توانایان بۆ بکرێت، چونکە ساڵ بەساڵ توانای ئۆتۆمبێل کەمدەبێتەوەو تا ئەو کاتەی توانای کارکردنی نامێنێت.

**دەستوور:** ئێوە وەک بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆ ئەو رێوشوێنانە چییە کەگرتووتانەبەر بۆ رێکخستنی هێنانی ئۆتۆمبێلی نوێ؟ پێتانوانییە حکومەت خۆی هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەو پشێویو فەوزایە؟

ئاراس رەوف: ئێمە لایەنێکی جێبەجێکەرین، ئێمە دەسەڵاتی بڕیاردانمان نییە. هەرکەسێک ئۆتۆمبێلێکی هێناو مەرجەکانی تێدا بوو، ئێمە ئۆتۆمبێلەکەی بۆ تۆماردەکەین. لایەنی بڕیاردانو رێکخستن لەسەروو ئێمەوەیە.

**دەستوور:** هاتوچۆی سلێمانی بەردەوام لەمپەر (تاسە) لەشەقامەکانی ناو شاردا دادەنێت بۆ کەمکردنەوەی خێرایی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل، بەڵام بۆ نمونە لەنزیک ئەندەرپاسی رەوف بەگ لەچەند رۆژی رابوردوودا ئۆتۆمبێلێک بەهۆی تیژڕەوییەوە لەهاووڵاتییەکی داو بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا، ئایا دروستکردنی ئەو ئەندەرپاسە هۆکارێک نییە بۆ زیادبوونی تیژڕەوی، لەکاتێکدا ئێوە لەلایەکی ترەوە تاسە بۆ تیژڕەویی ئۆتۆمبێل دروستدەکەن؟

**ئاراس رەوف:** من لەگەڵ دانانی تاسەدا نیم، بەڵام بووە بەئەمری واقیع. ئێمە بەهێما رێژەیی خێراییمان دیاریکردووە، بۆ نمونە دەڵێم لەسەر شەست کیلۆمەتر برۆ، بەڵام لای هێماکەوە تاسەیەکمان داناوە کەخێرایی ئۆتۆمبێل کەمدەکاتەوە بۆ سفر. شۆفێرەکان نازانن کامیان هەڵبژێرن. من شۆفێرم بم، نازانم کامیان هەڵبژێرمو بەقسەی کامەیان بکەم، سەرم لێدەشێوێت. شۆفێرەکان نازانن ئیلتیزام بەکامیانەوە بکەن. لەبەرئەوە من لەگەڵ لابردنی تاسەکاندام، بەڵام جێگرەوە چییە. جێگرەوە ئەوەیە پردی پەڕینەوە لەژێر شەقامەکاندا، یان لەسەر شەقامەکان دروستبکرێت بۆ پیادەڕەوەکان. چونکە شەقام بۆ ئۆتۆمبێلە، بۆ پەڕینەوەی پیادەکان نییە. شۆستەکان بۆ پیادەڕەوین. تاسە کەرەستەی پەڕینەوەی پیادەکان نییە، وەک ئەوەی خەڵکی ئێمە لێی تێگەیشتووە. تاسە بۆ کەمکردنەوەی خێراییە.

**دەستوور:** باس لەیەکخستنی سیستەمی مۆڵەتپێدانی شۆفێری دەکرێت لەسەرانسەری کوردستاندا، ئەوە چۆن دەکرێت؟ لەکاتێکدا لەهەولێر کار بەسیستەمێکو لەسلێمانی کار بەسیستەمێکیتر دەکرێت، ئاخۆ چۆن ئەو کێشەیە چارەسەردەکەن؟ ئەم سیستەمە جیاوازانە رێگر نین لەبەردەم یەکخستنەوەی کۆی سیستەمی هاتوچۆی هەرێمی کوردستانو مۆڵەتپێدان؟

**ئاراس رەوف:** ئیدارەکان یەکیانگرتووەتەوە، هەندێک وردەکاری ماوە. سیستەمی مۆڵەپێدانو ساڵانەی ئۆتۆمبێل لەسەرتاسەری کوردستان یەکدەگرێتەوەو کار بۆ یەکخستنەوەو سەرلەنوێ رێکخستنەوەی دەکەین.

**دەستوور:** زۆرجار رووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی ماتۆڕەوە روودەدات، بۆچی تائێستا سیستەمی مۆڵەتپێدانی شۆفێری ماتۆڕەکان رێکنەخراوە؟

**ئاراس رەوف:** بەپێی یاسا هەموو هاووڵاتییەک لەسەرووی شازدە ساڵییەوە بۆی هەیە مۆڵەتی لێخوڕینی ماتۆڕ وەربگرێت. ئێستا سەرقاڵی رێکخستنو یەکخستنی چۆنیەتیی پێدانی مۆڵەتی لێخوڕینو مۆڵەتی ساڵانەین بەماتۆڕ.

**دەستوور:** دوای پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێی هاتوچۆو مۆڵەتپێدان، ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە پێداچوونەوە بەو سیستەمەدا بکەنو کەموکورتییەکانی هەڵبسەنگێنن؟

**ئاراس رەوف:** ئەم سیستەمە زۆر پێشکەوتوو و گونجاوە. بەڵام لەهەموو دنیادا رووداوی هاتوچۆ روودەدات. زۆربوونی رووداوەکانی هاتوچۆ مانای ئەوە نییە سیستەمەکە خراپە. هەموو شتێک دەبێت هەڵبسەنگێنرێت. ئێمە لەسیستەمی کۆنی هاتوچۆی عێراقەوە هاتووینەتە سەر ئەم سیستەمە مۆدێرنو نوێیە، ئایا ئەمە گۆڕانکاریو بەدواداچوون نییە. گۆڕانکاری شتێک نییە بڵێیت کۆتایی هاتووە، بەڵکو بەردەوامە.

**دەستوور:** چاودێریکردنی شەقامەکانی سلێمانی لەڕێگەی کامێراوە چۆنە؟ چاودێریی شۆفێرەکان دەکرێتو لەکاتی سەرپێچیدا سزادەدرێن؟

**ئاراس رەوف:** لەسلێمانی رادارو کامێرایی دیاریکردنی خێراییو چاودێریکردنی شەقامەکان تائێستا لای ئێمە نییەو کاری پێنەکراوە. بڕیاری لەسەر دراوە رادارو کامێرای چاودێریکردنی شەقامو رێگەوبانەکانی سلێمانیو دەرەوەی سلێمانیشمان بۆ بکڕنو دایبنێین، چووەتە بەرنامەوە.

**دەستوور:** ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆ لەحەوت مانگی رابوردوودا چۆن بووە؟

ئاراس رەوف: لەماوەی حەوت مانگی رابردوودا ٣٩٠ رووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە، کە ١٩٦٠ بریندراری لێکەوتووەتەوەو ١٥٤ کەسیش گیانیان لەدەستداوە.

> هەندێک نووسینگەی فێربوونی شۆفێری بەهۆی کەموکورتیو سەرپێچییەوە داخراون

> زۆربوونی رووداوەکانی هاتوچۆ مانای ئەوە نییە سیستەمەکە خراپە

# قەیماغی سپی بازاڕ ڕەش دەکات

## بەهۆی نەبوونی بەرهەمی ناوخۆوە، بازاڕ پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستێت



لەسنوری پارێزگای سلێمانیو گەرمیاندا پرۆژەی بەرهەمهێنانی قەیماغ نییە

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

لەگەڵ هاتنی وەرزی هاویندا نرخی قەیماغ لەبازاڕەکاندا بەرزدەبێتەوە، بەرهەمهێنەرانو فرۆشیارانی بەرهەمی قەیماغ هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی لەوەرزی هاویندا گامێش شیرەکەی کەمدەکات، حکومەتو کەرتی تایبەتیش هیچ پرۆژەیەکی بەخێوکردنی گامێشو بەرهەمهێنانی قەیماغیان نییە.

### پرۆژەی بەخێوکردنی گامێشو بەرهەمهێنانی قەیماغ نییە

بەپێی ئەو ئامارەی دەست دەستوور کەوتووە لەسنووری گەرمیان، بەتایبەتی خانەقین نزیکەی ١٨٠٠سەر گامێش هەیە، لەسنووری سلێمانی بەتایبەت لەناوچەی تانجەرۆو سەیدسادق زیاتر لە ٥٠٠ سەرگامێش هەیە، بەڵام هیچیان لەچوارچێوەی پرۆژەی یەکخراودا نین، بەڵکو هی جوتیارانن. هەروەها پارێزگای هەولێریش بۆ قەیماغ زیاتر پشت بەو کێڵگە گامێشانە دەبەستێت کەکەوتوونەتە سنووری پارێزگای کەرکوکەوە، لەسەر زێی بچووک لەخوارووی شارۆچکەی پردێ، بەڵام ڕێژەیەکی کەمی گامێشی لێیە.

ئیبراهیم لێپرسراوی بەشی ئامارو زانیاری لەبەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ لەسلێمانی دەڵێت تائێستا نازانرێت بەرهەمی سپیایەتی ناوخۆ چەندە بەتایبەتی قەیماغ، بەهۆی ئەوەی هەندێک کەس بۆ خۆیان ئەو کێڵگانەیان هەیەو حکومەت ئاگاداری بەرهەمەکەی نییە.

عەدنان محەمەد وتی "حکومەت تائێستا هیچ پرۆژەیەکی نییە بۆ ئەو کێڵگانە، بەڵام ئەگەر کەرتی تایبەت هەوڵبدات بۆ دروستکردنی، ئەوا ئێمە مۆڵەتی دەدەینیو هەرچی پێویست بکات بۆی دەکەین".

بەپێ ئامارێکی بەشی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ لەسلێمانی، ٢٥ پرۆژەی بەخێوکردنی ڕەشە وڵاخ هەیە، ١٦ پرۆژەیان مانگای شیرە، ٨ پرۆژەیان بەخێوکردنی مەڕو بزنە، ١پرۆژەی قەڵەوکردنی گوێرەکە هەیە، لەکاتێکدا ئەمانە ئێستا هەموویان کارناکەن، تەنها ٦ پرۆژەیان کاردەکەن، ٥ پرۆژەیان قەڵەوکردنی گوێرەکەیەو پرۆژەیەکیش مانگای شیری.

عەدنان محەمەد دەڵێت هۆکاری کەمی گامێش ئەوەیە، چەند ناوچەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ بەخێوکردنی، لەبەرئەوەی گامێش پێویستی بەئاوی زۆر هەیە، لەکاتێکدا ناوچەکە بەدەست کەمئاوییەوە دەناڵێنێت، وتی "بۆیە زیاتر گرنگی دەدەین بەڕەشەوڵاغو مەڕو بزن، چونکە بەرهەمیان زۆرە".

### هاوینان نرخ بەرزدەکرێتەوە

لەهاویناندا نرخی قەیماغ لەلایەن بەرهەمهێنەرانو فرۆشیارانی تاکو کۆوە بەرزدەکرێتەوە، حکومەتیش بەپاساوی بازاڕی ئازادەوە نرخەکان دیاری ناکات.

ساڵانە لەناوەڕاستی مانگی حەوت تا کۆتایی مانگی هەشت نرخی **قەیماغ بەرزدەبێتەوە**، عومەر غالی خاوەنی کێڵگەی بەخێوکردنی گامێش لەتانجەرۆ دەڵێت شیری گامێش لەهاویندا وشکدەکات، بۆیە قەیماغ کەمدەبێتەوە، وتی "بەڵام لەپایزو زستاندا شیر زۆرەو قەیماغیش هەرزان دەبێت، گامێش هەبووە لەزستاندا نزیکەی ٤٠ کیلۆ شیری هەبووە، بەڵام ئێستا ١٠ کیلۆ شیری هەیە".

قەیماغ لەشیری گامێش دروستدەکرێت، لەکوردستاندا بەشێوازێکی سادە دروستدەکرێت کەبڕێک شیر دەکرێتە ناو تەشتێکی فافۆنەوە، پاشان ٣ جار دەپاڵێورێتو پێش کوڵاندن کەوچکێک سۆدەی تێدەکرێت، بۆ ئەوەی خراپ نەبێتو بۆنەکەی نەهێڵێت، دوای سێ چوار لەکوڵاندن ئاگرەکە لادەبرێت، پاشان قوڵێنەی کوردی دەخەیتە سەر، پاشان بەدوو پەڕۆی تەنک دای دەپۆشیت، دواتر سەری لادەبەیتو بەچەقۆیەک توێژەکە پارچە پارچە دەکەیت، دواتر سەهۆڵ ورددەکەیتو دەیخەیتە ژێریو وەردەوەردە قەیماغەکە ڕەقدەبێت.

ئێستا ڕۆژانە ٢ تا ٣ تەن شیر لەناوەڕاستو خوارووی عێراقەوە دەهێنرێت بۆ تانجەرۆ، لەوێ قەیماغی لێ دروستدەکرێت.

عومەر غالی دەڵێت ئەگەر ئەو کەسانە بزانن شیرەکەیان لەسلێمانی پارە ناکات، ئەوا دەیبەن بۆ هەولێرو کەرکوک. وتی "بۆیە بەکۆفرۆشەکان دەڵێن ئەگەر قەیماغەکە نرخەکەی زیادنەکەن لەبازاڕدا، ئەوا شیر ناهێنین بۆ سلێمانی، بەهۆی کەمی بەرهەمی ناوخۆوە ناچاردەبین نرخ بەرزبکەینەوە".

عومەر غالی دەڵێت کۆگاکانی فرۆشتنیش نرخ بەرزدەکەنەوە، وتی "ئێمە دەیدەین بە١٧هەزار بەکۆفرۆشەکان، ئەوانیش خۆیان دەیدەن بەنرخێکی زیاتر".

هێمن قادر ئەحمەد خاوەنی فرۆشگای هێڤار بۆ فرۆشتنی قەیماغ بەکۆ، دەڵێت نرخی قەیماغ بەرزبوەتەوە لەچاو زستاندا، بەهۆی ئەوەی قەیماغ کەمدەبێتەوە، لەبەرئەوەی لەهاویندا گامێش شیرەکەی کەمدەکات. وتی "ئێمە بەکۆ دەیفرۆشین بە ٢٠ هەزارو بەکیلۆش بە ٢٤ هەزار".

هێمن وتی "فرۆشتنی قەیماغ زۆر خێرایە، بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێت بیکڕێت، تەنها چینێکی دیاریکراو دەیکرێت کەباری ئابووریان بەرزە".

محەمەد سیروان فرۆشیارێکی تری بەرهەمی سپیاییە، دەڵێت قەیماغی ناوخۆ بەلای خەڵکەوە خۆشترەو فرۆشی زۆرە، بەڵام هی وڵاتانی دەرەوە خەڵک زۆر نایکڕێت، وتی "بۆیە ئێمە بە ١٧ هەزار دینار دەیکڕینو بە ٢٨ هەزار دەیفرۆشین".

عەدنان محەمەد دەڵێت بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ نرخ دانانێن بۆ بەرهەمی سپیایی، بەهۆی هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکییەوە، وتی "بۆیە بازاڕیش ئازادە".

# تەبرید بەپارەیە

## تەکسییەکانی دەرەوەی شار بەپارە تەبرید دەکەنەوەو پاسەکانی ناو شاریش موبەریدە دادەنێن




محەمەد نەجیبو فەرمان خێڵانی

### تەبریدی تەکسییەکانی دەرەوەی شار بەپارەیە

هاووڵاتیان گلەیی دەکەن کەشۆفێرانی دەرەوەی شار لەبری کردنەوەی تەبرید پارە لەهاووڵاتیان وەردەگرن، سەندیکای شۆفێرانیش رایدەگەیەنێت کەئەوە سەرپێچییەو دەڵێت سزایان دەدەین.

سەندیکای شۆفێران داوا لەهاووڵاتیان دەکات هەر شۆفێری تەکسییەک لەبری کردنەوەی تەبرید پارە وەربگرێت، ئەوان ئاگاداربکاتەوە.

فەلاح نەجم، تەمەن ٢٥ ساڵ، زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە بووتەوە بەتایبەتی لەگەڵ شۆفێرە بەتەمەنەکان کەتەبرید ناکەنەوە.

فەلاح زۆرجار دەچێتە هەڵەبجەو دەگەڕێتەوە، وتی "شۆفێری تەکسییەکان داوای ١٥٠٠ دینار زیادەت لێدەکەن بۆ هەڵکردنی تەبریدەکە، ئەگەر پارەکەی نەدەیتێ، ئەوا هەڵی ناکات".

ئەو وتی "ئەمە زۆر بێویژدانییەو ڕاست نییە، چونکە حکومەت نرخی دیاریکردووە بۆ نەفەر، بۆیە پێویستە ئیجرائات لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت".

بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو نەکردنەوەی تەبریدەوە، فەلاح تا ئێستا دووجار ڕشاوەتەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، هەریەکە لەهێڵەکانی کەرکوکو هەولێرو هەڵەبجەی شەهیدو کەلارو کۆیەو چەمچەماڵو چەندین هێڵی تریش تەبرید بەپارە دەکەنەوە، لەهەزار دینارەوە بۆ ٢ هەزار لەبری کردنەوەی تەبریدەکەی.

جەلال مەحمود ئەحمەد شۆفێرو سەرپەرشتیاری هێڵی هەڵەبجەی شەهید وتی "مەسەلەی هەڵکردنی تەبرید بەپارە تەنها پەیوەندی بەگرانی بەنزینەوە هەیە، لەبەرئەوە ئەو ئۆتۆمبێلانە بە بەنزینی بەنزینخانەکان ناڕۆن، لەبەرئەوە ناچارن بەنزینی باشی تێبکەن کەلیتری ٨٥٠ دیناری پێدەدەن، بۆیە شۆفێریش داوی پارەی زیادە لەنەفەر دەکات، پارەکەش ١٠٠٠دینارە".

بەرپرسانی سەندیکاش ئاماژە بەوەدەکەن پارەی هەموو هێڵێک دیاریکراوە، بۆیە هەر شوفێرێک پارەی زیادە لەبری هەڵکردنی فێنکەرەوەو گەرمکرەوە وەربگرێت، ئەوا سەرپێچییەو ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکرێت.

جەلال ئەبوبکر محەمەد سەرۆکی سەندیکای گواستنەوە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هەموو هێڵێک پارەی خۆی دیاریکراوە، بۆیە نابێت بەهەڵکردنی فێنکەرەوە یان گەرمکەرەوە پارەی زیادە لەهاووڵاتیان وەربگیرێت".

داواشیکرد هەر هاووڵاتییەک، لەهەر ئۆتۆمۆبێلێکدا سەرکەوتو بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەوا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە بدات بەسەندیکا.

ئەو وتی "سزایان دەدەینو ئەوەی دەیکەن سەرپێچییە".

### پاسە کۆنەکان موبەریدە دەکەنەوەو پاسە تازەکانیش تەبریدەکانیان لێکراوەتەوە

پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵ کەخۆی بەجەمال ناساند لەپاسێکی مۆدێل بەرزدا لەگەراجی سەرچنار گلەییکردو وتی "ئەم پاسە تازانە زۆربەیان تەبریدیان هەیە، بەڵام نایکەنەوە".

جەلال وتی "پاسە کۆنەکانی هێڵی گۆیژە کەتەبریدیان نییە، موبەریدەیەکیان داناوە لەناو پاسەکانیاندا بۆ نەفەرەکان هەتا پاسەکە قەپاتدەبێتو دەردەچێت نەفەرەکان فێنکیان دەبێتەوە، ئەگەر ئەم پاسە تازانە تەبرید بکەنەوە، ئەوا پاسە کۆنەکانیش ناچاردەبن هەموویان ئەو ڕێگەیە بەکاربهێنن".

دڵشاد حەمە بەرپرسی هێڵی تووی مەلیکو شۆفێری یەکێک لەپاسەکان بەدەستووری وت "هێڵەکانی ڕزگاریو سەرچنارو شەهیدان ڕێگەیان هەوراز نییەو حەقوایە تەبرید بکەنەوە، بەڵام هێڵێکی وەک هێڵەکەی ئێمە ناتوانین تەبرید بکەینەوە".

ئاوات عەلی شۆفێری پاس، داوایکرد کرێی نەفەر لە٤٠٠ دینارەوە بکرێت بە٥٠٠ دینارو وتی "ڕۆژانە بەتەبریدەوە ١٥ لیتر گاز یان بەنزینی زیاتر دەسوتێت، بۆیە ئەگەر کرێی گواستنەوە ببێت بە٥٠٠ ئێمەش دەتوانین تەبرید بکەینەوە".

بەرپرسی سەندیکای شۆفێران وتی "ئەو بڕە سوتەمەنییەی کەدەدرێت بەشۆفێرانی هێڵەکان، ڕێکوپێک نییەو لەئاست پێویستی ڕۆژانەی ئەو پاسانەشدا نییە، جگەلەوەش ئەو سووتەمەنییە جۆرەکەی خراپەو شۆفێران ناتوانن تەبرید بکەنەوە".

جەلال ئەبوبەکر هەروەها وتی "چەندینجار دانیشتووین لەگەڵ قایمقامی شاردا بۆ ئەوەی نرخی سووتەمەنی بۆ شۆفێران کەمبکەینەوە، بەڵام ئەنجامی نەبوو، لەبەرئەوەی لەرۆژێکدا دەبوایە (٤ بۆ ٥دەفتەر دۆلار)ی بدایە بەسووتەمەنی وەک قەرەبووی ئەو بڕە سوتەمەنیە بۆ شۆفێران کە بەکەمتر لەبازاڕ پێی بدانایە".

تەنها لەسنووری سلێمانی ١٨٣٧ پاس هەیە لەهێڵەکانی ناوشار نزیکەی ١٢٠٠ پاسی کۆنو ٦٣٧ پاسی تازەو مۆدێل بەرزن، ٧٨٣ پاسی هێڵەکانی دەرەوەی شاریش هەیە، لەگەڵ ١٤٥٠ تاکسی هێڵەکانی دەرەوەی شارو ١٠٣٩٥ تاکسی هێڵی ناوشار.

www.arsivakurdi.org

# "ئێمە باوەڕمان بەچاکسازی لەکۆماری ئیسلامیدا نییە"



## حەسەنی ڕەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ دەستوور

سازدانی: سەروەت عەبدوڵڵا

**حەسەنی ڕەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە – سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ڕەخنە لەتێڕوانینی هێزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگرێت، کەهیوایان بەئەمریکاو بزووتنەوەی سەوز هەڵچنیوە، دەڵێت ئەوان بڕوایان بەهێزی خەڵک نەماوە.**
**حەسەنی ڕەحمان پەنا دەڵێت ڕابەرانی بزووتنەوەی سەوز پارێزەری کۆماری ئیسلامین، بەڵام خەباتی خەڵک بۆ گۆڕینی سەرلەبەری ڕژێمەکەیە، نەک ئیسلاحکردنی. دەڵێت ئەوان بڕوایان بەئیسلاحکردنی ئەو ڕژێمە نییە.**

**دەستوور:** خاڵی جیاوازی ئێوەو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دیارە، بەڵام دەکرێت بزانین خاڵی هاوبەشتان چییە؟ لەم قۆناغەدا کەخەباتی جەماوەری لەئێران پەرەی سەندووە.

**حەسەنی ڕەحمان پەنا:** لەبارەی فیکرییەوە خاڵی هاوبەش نابینم، چونکە ئەوانو هەم ئەو برادەرانەی کە کاک عومەر بەرپرسیانە لەکۆبوونەوەیەکدا بەئاشکرا دەڵێن ئێمە کۆمۆنیست نین، بەڵام ئێمە دەڵێین نیازێکی کۆمۆنیستی سۆشیالیستین، ئەمە دروشم و ئایدۆلۆژیا نییە بەتەنها، ئەمە ڕێگەچارەیەکە بۆ هاووڵاتیان، پێمانوایە سەرمایەداری بەبنبەستی خۆی گەیشتووە. ئێمە پێمانوایە سۆسالیزم وەڵامی ئەوە دەداتەوە، بۆیە ئەوان خۆیان بەسۆسیالیزم نازانن، لەڕووی ئایدۆلۆژیاو فیکرو سیاسەتیشەوە شتێکی هاوبەشمان نییە.

**دەستوور:** ناکرێت بڵێن خەبات بۆ کورد خاڵی هاوبەشی نێوانتانە؟

**حەسەنی ڕەحمان پەنا:** ڕاستە لەکوردستاندا سیستمی نەتەوایەتی بوونی هەیە، بەڵام دەبێت بزانین کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە، چینو توێژی جۆراوجۆری تێدایە. هەرکام لەم حیزبو ڕێکخراوانەی دروستدەبن، ناتوانن حیزبی هەموو خەڵکی کوردستان بن، هەرکەس ئەوە دەڵێت ڕاست ناکات. هەربۆیە ئێمە پرۆگرامی هاوبەشمان نییە بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵایەتی، ئەوان خوازیاری فیدراڵیزمن، فیدراڵیزم هیچ نییە جگە لەوەی ئازادی خەڵکی کوردستان دەهێڵێتەوە. هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ەوە کەباس لەفیدراڵییەت دەکرێت، لەساڵی ٢٠٠٣ سەدام ڕووخاوەو وتوویانە حکومەت فیدراڵە، ئایا کێشەی مادەی ١٤٠ چی لێهات؟ کەرکوک چی لێهات؟ مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان چی لێهات؟ ئەمە لەسەرئەوە نییە کۆمەڵێک شت بدرێت، سەرۆک کۆمار کورد بێت، وەزیری دەرەوە کورد بێت، بەڵام کەئابووری ئەم وڵاتە بەدەس حکومەتی ناوەندییەوەیە، ئەگەر ڕێژەی بوجەی لە١٧٪ یان لە١٣٪ ببڕدرێت چی دەبێت؟ دەسەڵاتی نیزامی بەدەست حکومەتی ناوەندییەوەیە، ئەوەنییە هەرجارەی دێن بەرەو خانەقینو کەرکوکو جەلەولا. ئەمانە هەمووی پیشانیدەدات هەرکاتێک دەسەڵاتەکان بەدەست حکومەتی ناوەندی بن، ئەو بەشەی دیکەی کەپێی دەوترێت فیدراڵی هەرکاتێک ویسترا دەسەڵاتەکانی لێدەسەندرێتەوە، بۆیە ئەوانو لایەنەکانی دیکەی بەرەی ناسیۆنالستی لەکوردستانی ئێران، داخوازییان فیدراڵیزمەو ئێمەش بڕوامان بەفیدراڵیزم نییەو پێمان وانییە فیدراڵیزم چارەسەرە بۆ کێشەی نەتەوایەتی، ئێمە خوازیاری مافی چارەسەرنووسین بۆ خەڵکی کوردستان، لەریفراندۆمێکی ئازادانەدا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. ئایا لەگەڵ ئێران دەمێننەوە یان جیادەبنەوە؟ ئەگەر لەگەڵ ئێران نەمایەوە مافی خۆیەتی دەوڵەت بۆخۆی دروستبکات. بەڵام ئەوان ئیعتراف بەدەوڵەت ناکەن بۆ خەڵکی کوردستان. فیدراڵیەتیش پەیوەستە بەو حکومەتەی دێتە سەر دەسەڵات، ئاشکرایە ئەگەر لەدەوڵەتی فیدراڵیدا لەگەڵ (موسەوی‌و کەڕوبی‌و خاتەمی) نەبێت، هەر ئەو بەڵاو موسیبەتانە بەسەر خەڵکی کوردستان دێننەوە کەهێناویانە، بۆیە ئەگەر حکومەتێکی دیموکراتی پێشکەوتوو کەمافی هەموو نەتەوەکان بەفەرمی بناسێنێت، ئێمە پێمانباشە کوردستان لەگەڵ ئێران بمێنێتەوە، تاوەکو نەکەوێتە حاڵەتێکی ئابووری بێهێزەوە، یان نەکەوێتە گەمارۆی چەندین دەوڵەتی دیکەوە کەفشار بخەنە سەری، بۆیە دەبینین لەبواری مەسەلەی نەتەوایەتی یان خەڵکی کوردیش خاڵی هاوبەشمان نییە. لەگەڵئەوەی دوژمنی هاوبەشمان هەیە کەکۆماری ئیسلامی ئێرانە، تەتانەت ئەوان لەسەر ئەو دوژمنەو دوژمنی دوژمنەکەشمان لەگەڵ ئێمە ڕێک نیینو بۆچوونی تریان هەیە، عەبدوڵڵای موهتەدی دەڵێت "من ساڵێکە پشتیوانی لە (موسەوی‌و کەڕوبی) دەکەم". ئێمە ساڵێکە نەقدیان دەکەین.

> **پێمانوایە فیدراڵیزم چارەسەر نییە بۆ کێشەی نەتەوایەتی، ئێمە خوازیاری مافی چارەنووسین بۆ خەڵکی کوردستان**
>
> **کۆمەڵە لەساڵی ١٩٦٩ەوە یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی دژایەتیکردنی شورەوی جاران بوو**

**دەستوور:** ئێستا هەردوولاتان کۆکن لەسەر خەباتی مەدەنی بۆ گەیشتن بەئامانج، ناکرێت ئەمە بکرێتە خاڵی هاوبەشتان؟

**حەسەن ڕەحمان پەنا:** سەبارەت بەخەباتی مەدەنی لەنێوان ئێمەو موهتەدیدا جیاوازی هەیە، ئەو خەباتی مەدەنی لەگەڵ چینێک باسدەکات، کەپێیوایە لەو ڕێگەیەوە بەدەسەڵات دەگات، ئەو پێیوایە لەڕێگەی (موسەوی‌و کەڕوبی)ەوە دەبێتە دەسەڵاتداری کوردستان، ئێمە باوەڕمان بەخەباتی مەدەنی هەیە لەگەڵ کرێکارانو ژنانو ڕووناکبیرانو خوێندکاران، ئەو لەگەڵ توێژی سەرەوەی کۆمەڵگە گفتوگۆ دەکات، بەڵام ئێمە لەگەڵ توێژی خوارەوە.

ئەو واقیعەی ئێران بەهۆی (خاتەمی‌و موسەوی‌و کەڕوبییەوە) نییە، بەڵکو پێمانوایە ئەوان کۆسپبوون لەبەردەم ئەو خەباتەدا، ئەگەر ئەوان نەهاتنایەو نەیانوتایە باوەڕمان بەیاسای بنەڕەتی هەیە، مومکین بوو ئەو خەباتەی پارساڵ دروستبوو لەئاستێکی دیکەدا بوایە، ئێمە باوەڕمان بەچاکسازی لەکۆماری ئیسلامیدا نییە، کۆماری ئیسلامی قابیلی چاکسازی نییە. ئاڵوگۆڕ دروستبووەو زیاتریش دەبێت نەک لەڕێگەی (موسەوی‌و کەڕوبی‌و خاتەمی)ەوە، بەڵکو لەڕێگەی جەماوەرێکەوە کە ٣٠ ساڵە سەرکوتدەکرێت.

**دەستوور:** وەک دیارە لەناوخۆی ئێراندا ئۆپۆزیسیۆنێک قسەی هەبێتو فشاری خستبێتە سەر دەسەڵات (بزووتنەوەی سەوزە)، ئێوەش وەک ئۆپۆزیسیۆن تا ئەندازەیەک باوەڕتان پێیان نییە، دەکرێت بزانین بۆچی بەوشێوەیە ڕەتیاندەکەنەوە؟

**حەسەنی ڕەحمان پەنا:** بزووتنەوەی سەوز ناوێکی واقیعی نییە، چونکە ئەوان بەهەموو ئەو جەماوەرە دەڵێن کەدێنە سەر شەقامەکان، بەو (٣ملیۆن)ە دەڵێن کە لەتاران هاتنەدەرەوە، بەڵام ئەوانە هەمووی بزوتنەوەی سەوز نییە، ئەوانەی بزووتنەوەی سەوزن دیارە کێن، ئەوانەی وا (مەسەوی یان خاتەمی یان کەڕوبی) سەرکردایەتیان دەکات، ئێمە لەگەڵ ئەوانەدا نین، ئەگەرنا ئەو بەشەی دیکە کەخەڵکی ناڕەزایە وەک (ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، مامۆستایان)، ئێمە هەموو ئەوانە بەبزووتنەوەی سەوز نازانین، بەڵکو بەبزووتنەوەی ناڕەزای خەڵکی ئێرانیان دەزانینو خۆشمان بە بەشێک لەوان دەزانین.

تێکۆشەرانی ئێمە لەناو ئەوانەدا لەکەسە چالاکەکانن، بۆیە باشتروایە لەیەکیان جیابکەینەوە، بزووتنەوەی سەوز بەشێکن، ئێمە پێیان دەڵێین ئیسلاحخوازانی حکومەتی، ئەوان کارنامەی کۆماری ئیسلامیان هەیە. ژیانیان لەگەڵ ژیانی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە، حسێن موسەوی دەڵێت "گەڕانەوە بۆ بنەماکانی جمهوری ئیسلامی‌و یاسایی بنەڕەتی". دەی بەدبەختی کۆمەڵگەی ئێرانی لەیاسای بنەڕەتی‌و فیکری خومەینی‌و ئیسلامێکی بونیادگەرادایە. ئەم ناڕازاییە وەک وتم ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨ کە لەپێناو دیموکراتیدا ئەو شۆڕشە کرا، کۆماری ئیسلامی هەموویانی سەرکوتکرد، ئەم خواستەی ئێستاش هەمان ئەو خواستەی خەڵکی ئێرانە لەساڵی ١٩٧٨دا. خەڵک دەیانەوێت مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەو خەڵکە تێدەکۆشین ئەمەش لەگەڵ بزووتنەوی سەوز جیاوازی هەیە. نامانەوێت جارێکی دیکە حکومەتی ئیسلامی لەڕەنگێکی دیکەدا بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێت.

**دەستوور:** ئێستا ئەگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قسەبکەین، ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هاوکێشەیەدا دەکەن، لەلایەکەوە ئەمریکا هەیەو ئێوە بەهەموو شێوەیەک ڕەتیدەکەنەوە، چونکە سەرمایەدارییە، لەولاشەوە ڕوسیا هەیە کەدژی سەرمایەدارییەو سۆشیالیستییەو لەڕووی فیکرەوە یەکدەگرنەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕوسیا لەگەڵ ئێراندا دۆستایەتی نزیکی هەیە، چۆن دەتوانن هاوسەنگی نێوان ڕوسیا وەک نزیکایەتیتان لەڕووی فیکرییەوە لەگەڵ دژایەتیکردنی ئەمریکاو ئێران ڕابگرن؟

**حەسەن ڕەحمان پەنا:** ئێمە ڕوسیامان، جگەلە ٥-٦ ساڵی سەرەتای خولی دەسەڵاتی لینین نەبێت، هەرگیز پێمان دەوڵەتێکی کۆمونیستی نەبوو، پێمانوایە دیکتاتۆرێک بوو بەناوی کۆمۆنیستییەوە. حیزبی کۆمەڵە لەساڵی ١٩٦٩دا یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی دژایەتیکردنی شورەوی جاران بوو. تائەو جێگەیە پەیوەستی بەداڕشتنی سیاسەتی حیزبەوە هەیە، ئایا تۆ سیاسەتی خۆت لەسەر چ بنەمایەک دادەڕێژیت؟ ئایا تۆ خەباتی خۆت لەسەر پشتیوانی وڵاتانی دەرەوە دادەڕێژیت، یان بەپشتیوانی خەڵکی ناوخۆ؟ ئێمە ئەمریکا چەندانجار دەستی یارمەتی بۆ درێژکردوویەنو قبوڵمان نەکردووە. هەر بزووتنەوەیەک هێزی ناوخۆی نەبێت، سەرکەوتوو نابێت. ئەو فیکرەی کەناسیۆنالیزمی کورد پەرەیپێدەدەن، کەگوایە بەبێ پشتیوانی هێزی دەرەکی سەرناکەویت، هەڵەیە. ڕاپەڕینی ١٩٧٨ی ئێران هیچ هێزێکی دەرەکی لەگەڵدا نەبوو. کەواتە باسەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە چەندێک باوەڕت بەهێزی خەڵک هەیە، ئێمەش باوەڕمان بەهێزی خەڵک هەیەو بەوەشەوە مامەڵە دەکەن. ئێمە لەوە دڵنیاین ئەگەر خەڵکی ئێران بێتە سەر شەقامەکانو جمهوری ئیسلامی نەوێت، ئێران دەڕووخێتو پێویستی بەڕوسیاو ئەمریکاش نابێت. دەمانەوێت ئەوان دەست لەکارەکانمان وەرنەدەنو یارمەتیشمان نەدەن.

> **نامانەوێت جارێکی دیکە حکومەتی ئیسلامی لەڕەنگێکی دیکەدا بەسەر خەڵکدا بسەپێندرێت**

**دەستوور:** ئێمە دەزانین لەئێستادا هێزێکی دیکە هەیە کە بەشاراوەیی وەک هێزێکی ئیسلامی سوننی مەزهەب کاردەکات، ئایا ئێوە بەچی ستراتیژێک مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە هێزانەدا دەکەن، کەجیاوازییەکی زۆر لەنێوانتاندا هەیە؟

**حەسەنی ڕەحمان پەنا:** ئەوەی ڕاستی بێت لەئێران فیکری ئیسلامی‌و بزووتنەوەی ئیسلامی سوننی من هەست ناکەم ڕووی لەگەشەبێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئێران لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا خۆی نیشاندا کەدەسەڵاتی ئیسلامی چییە، لەگەڵئەوەشدا من ناڵێم ئەمان نین، بەڵکو ڕەوتی موفتی زادەو ئەمانە هەن، بەڵام ڕەوتێکن لەپەروێزدان، ڕەفتاری ئێمەش لەگەڵ ئەمانەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی ئێران چۆن حکومەتێک لەسەرکار دەبێت. ئێمە خوازیاری جیاکردنەوەی دینین لەدەوڵەت. بۆیە ڕێکخستنی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەواندا پەیوەندی بەڕێکخستنی کاری دەوڵەتی داهاتووە لەگەڵ ئەواندا، لەدەوڵەتی کرێکاریدا ئەگەر ئێمەی تێدابین، یارمەتی ناوەندە ئاینییەکان نادەین، بۆ نمونە، لەقوتابخانەدا دین ناخوێندرێت. ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت کەڕێگە نادەین کەس بڕوات وانەی دینی‌و قورئانی خۆی بخوێنێت، ڕێگە بەوە دەدرێت. ئەوان دەتوانن کاری سیاسی خۆیان بکەن، بەڵام نابێت توندوتیژی بکەن، ئەگەر نا ئایدۆلۆژیاو عەقڵییەتی سیاسیمان بەیەکەوە نایەتەوە.

حەسەن ڕەحمان پەنا
لە ساڵی ١٩٧٩ەوە لەگەڵ کۆمەڵەدا کاردەکات.
ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەیە.
بەرپرسی بەشێکی کاروباری ناوەندی کۆمەڵەیە.
بڕوانامەی دبلۆمی هەیە.

# هەشت ساڵ شەڕ لە پێناو هیچدا

## ٢٢ ساڵ بەسەر جەنگی عێراقو ئێران تێپەڕی، کە بەهێرشی عێراق دەستیپێکردو بە لەخۆباییبوونی ئێران شکستیهێنا



هیوا سەلیمی

ئەم ڕۆژانە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراقو ئێران، جەنگێک کەکارەساتێکی گەورەی مرۆیی خولقاندو لەدوای شەڕی ڤێتنام وەک درێژماوەترین جەنگی سەدەی بیستەم پێناسەکرا. جەنگی دوو وڵاتی دراوسێ کە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارو زەمینە هاتەئاراوەو تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەم جەنگە دەبیندرێت. جەنگ لەنێوان دوو هێزی کۆنەپارێز کەیەکیان جەنگی بەقادسیەی سەدام ناودێردەکردو ئەویتریشیان بەخۆڕاگری پیرۆز.

### زەمینەکانو هۆکارەکانی جەنگێکی هەشت ساڵە

ڕەگی زۆربەی کێشمەکێشو جەنگە جیهانییەکان لەدڵی مێژوودایە، بەشێک لەهۆکارەکانی هاتنەئارای جەنگی عێراق - ئێرانیش لەم ڕەگەوە سەرچاوە دەگرێت. دەستتێوەردانی پیاوە ئایینیەکانی شیعەی بەرەگەز ئێرانی لەڕووداوەکانی شۆڕشی ١٩٢٠ی عێراق، کێشەی چارەسەرنەکراوی دۆسییەی کورد لەناوچەکە، بوونی کەمایەتییەکی عەرەب لەباشووری ئێرانو هەوڵە مێژووییەکانی دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراقی بۆ لکاندنی بەعێراقەوە، کێشە سنوورییەکانی نێوان دوو وڵاتی عێراقو ئێران، ناکۆکی نێوان دوو وڵات لەسەر کۆنترۆڵکردنی شەتوئەلعەرەبو زۆر هۆکاریتری مێژوویی وەک زەمینەیەکی هەمیشە ئامادە بۆ ناکۆکیو کێشمەکێشی دەسەڵاتە سیاسییەکانی دوو وڵاتی دراوسێ دەوریان گێڕاوە.

مێژووییەک کەچەندین پێکدادانی خوێناوی وەک ڕووداوەکانی نێوان ساڵەکانی ١٩٧١ تا ١٩٧٢ ی لێکەوتووەتەوە. سەرەڕای ئەم بەستێنە مێژووییانەو چەندین هۆکاریتر بەجەنگێکی گەورەترو درێژخایەنتری وەک جەنگی هەشت ساڵەی نێوان حکومەتی بەعسو کۆماری ئیسلامی گۆڕدرا.

هاتنەسەرکاری حکومەتی بەعس لەعێراقو چەند ساڵ دواتر، دروستبوونی ئاڵوگۆڕی سیاسی لەئێران، قۆناغێکی تازە لەناکۆکیو کێشمەکێشی لەنێوان دوو وڵاتدا خولقاندو شەڕی ٨ ساڵەی ئێران - عێراقی لێکەوتەوە. جەنگێک کە لەساڵی ١٩٨٠ بەهێرشی سەربازی عێراق بۆ سەر ئێران دەستیپێکردو تا ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ درێژەی کێشا.

جەیمز بیل کارناسو لێکۆڵەری پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو بڕوایەدایە کەهۆکاری سەرەکیی دەستپێکردنی جەنگ لەسەر کۆنترۆڵکردنی کەنداو بوو. وتی "سەدام حسێن دەیویست لەم ڕێگەوە خۆی وەک ژاندارمی ئەم ناوچە ستراتژییە پێناسە بکات، لەم ڕێگەوە بەرژەوەندە سیاسیو ئابوورییەکانی لەوڵاتە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە بەدەستبێنێ".

کۆمەڵێک دروشمی ئایدۆلۆژیی حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێرانیش، وەک هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ناوچەکەو جیهان، وەک پاڵنەرێک لەم مەسەلەدا ڕۆڵیگێڕا.

ئەم بابەتە بووە هۆکار بۆ ئەوەی کە بەر لەهەڵگیرسانی شەڕ، عێراقو سعودییە زیاتر لەیەک نزیکببنەوەو ڕێککەوتنێکی ئەمنی لەنێوان خۆیان واژۆ بکەن. لەڕاستیدا لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ عێراق، لەلایەن ئایەتووڵڵا خومەینیو هاوبیرانی ئەرکێکی سەرەکیو مێژوویی بووەو لەچەندین ئاخاوتنی ناسراوی ئەواندا ئەم سیاسەتەو ئەم دروشمە دووبارەکراوەتەوە.

بیرۆکەی "پان ئیسلامیستی"و خەونی حکومەتی جیهانی ئیسلام بەدەیانجار لەکتێبەکانو نووسراوەکانی ڕابەرانی ئیسلامی ئێران ئاماژەی پێکراوە، بە لەبەرچاوگرتنی ستراکتۆری مەزهەبی وڵاتی عێراقو بوونی ڕێژەیەکی زۆری شیعە لەو وڵاتەدا، ئەم بابەتە دەیتوانی زەنگێکی مەترسیدار بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق بێت.

هۆکارێکیتر کەتوانی کاریگەرییەکی گرنگ لەسەر هێرشی سەربازی عێراق بۆ سەر ئێران دابنێ، ڕووداوی داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەئێرانو بەبارمتەگرتنی باڵیۆزو دیپلۆماتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، ڕەفتارێک کە لەعورفی نێودەوڵەتی بەرەفتارێکی "دزێو" دادەنرا، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەئەنجومەنی ئاسایش دوو بڕیارنامە لەدژی ئەم ڕەفتارە پەسەندبکات. هەروەها پچڕانی پەیوەندی سیاسیی ئێرانو ئەمریکای لێبکەوێتەوە. ئەم ڕەفتارە تەریککەوتننەوەی نێودەوڵەتی حکومەتی ئێرانی لێکەوتەوە، لەهەمانکاتدا بوو بەهاندەرێک بۆ بڕیاردانی حکومەتی بەعس سەبارت بەهێرشکردنە سەر ئێران.

سەرەڕای ئەم هۆکارانە، لێکترازانی ڕیزەکانی سوپای بەهێزی ئێران لەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، بەهۆی دوورخستنەوەو لەسێدارەدانی فەرماندە پایەبەرزەکانی ئەم سوپایەش وەک پاڵنەرێک بۆ بڕیارە سەربازییەکانی سەدام حوسێن ڕۆڵی گێڕا.

### لەهێرشکردنەوە بۆ جەنگێکی درێژماوە

هێزی ئاسمانی عێراق دوانیوەڕۆی ٢٤ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ هێرشیکردە سەر بنکە ئاسمانییەکانی ئێران، بەهۆی هەڵەکردن لەبەکارهێنانی چەشنی بۆمبو تەقەمەنی، زیانێکی کەم بەفرۆکە شەڕکەرەکانی ئێرانو بنکە ئاسمانییەکانی ئێران کەوت. دوو کاتژمێر دوای ئەم بۆردمانەی فرۆکەکانی عێراق، فرۆکە شەڕکەرەکانی ئێران لەوەڵامدانەوە بەم هێرشە سەربازییەو بەکەڵکوەرگرتن لەفرۆکەی جۆری ئێف٤ بنکە سەربازییەکانی "الرشید" لەباشووری شاری بەغدادو "شوعیبە" یان بۆردومانکرد.

چەند هەفتەیەکیش پێش ئەو بۆردومانی ئاسمانیانە، چەندین پێکدادانی سەربازیو چاندنی مین لەناوچە سنوورییەکانی ئێرانو عێراق هاتەئاراوەو هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ئاسمانی لەنێوان دوو وڵات، سوپای عێراق هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆ قوڵایی خاکی ئێران دەستپێکرد.

لەیەکەمین کاتژمێرەکانی هێرشی سەربازی عێراق بۆ قوڵایی خاکی ئێران، نزیکەی سی هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیرکرا. هاتنە پێشەوەکانی سوپای عێراق بەشێوەیەکی بەردەوام درێژەی کێشاو لەدوو مانگدا شارەکانی خوڕەمشەهر، سوسەنگرد، بستان، دێهلوران، مێهران، قەسری شیرین، هوەیزە، سومارو چەندین شاریتر کەوتە دەستی هێزەکانی سوپای عێراق.

دوای چەندین مانگ شەڕو کوشتار لەبەرەکانی جەنگ، سوپای ئێران (ئەرتەش)و سوپای پاسداران توانیان خۆیان کۆبکەنەوەو لەچەندین پلانی سەربازیدا هێزەکانی عێراق ناچار بەپاشەکشەبکەن، خاکی ئێران لەبوونی هێزەکانی سوپای عێراق پاککرایەوە.

قۆناغی یەکەمی جەنگ کە لەسەرەتای هێرشی سەربازی عێراق بۆ سەر ئێران تا ناچارکردنی سوپای عێراق بەپاشەکشەو گرتنەوەی شارەکانی خوڕەمشەهرو ... درێژەی کێشا، هێزە چەکدارەکانی ئێران حاڵەتێکی بەرگریان بوو. لەقۆناغی دووهەمی جەنگەوە، واتە لەکاتی بەدەستەوەگرتنی شاری خوڕەمشەهر لەساڵی ١٩٨٢ تا کۆتایی جەنگ کە ٦ ساڵی خایاند، ناوەرۆکی ئەم جەنگە حاڵەتێکی هێرشکردنی بووەو ئەمجارەیان ئێران بەوێنەی سەرەتاکانی عێراق، هێرشی دەکردو سوپای عێراقیشی بەرگری دەکرد. لەو ٦ ساڵەی دوایی کۆماری ئیسلامی بە "سیاسەتی شەڕنگێزانە"و بەدروشمی "جەنگ جەنگ تا سەرکەوتن" تا قوڵایی ١٠٠ کیلۆمەتری عێراق لەشکرکێشی کردبوو. سوپای ئێران (ئەرتەش) گەورەترین ڕۆڵی لەبەگریکردنو دەرکردنی سوپای عێراق لەشوێنە داگیرکراوەکان گێڕا، بەڵام دوای پاشەکشەی سوپای عێراق وردە وردە سوپای ئێران لەلایەن دەزگای سیاسیی ئێرانەوە پەراوێزخرانو سوپای پاسدارانیان قوتکردەوە.

لەدوای سەرکەوتنەکانی سوپای ئێران لەبەرگریکردن لەمانگەکانی سەرەتای جەنگو داخستنی ڕێگەی ئاویی عێراقو سەرکەوتنی هێزی دەریایی ئێران، سەدام حسێن بەو ڕاستییە گەیشت کە لەلێکدانەوە سەربازییەکاندا تووشی هەڵە بووەو هەر بۆیە ساڵەکانی دواتر کەوتە بیرکردنەوە لەدۆزینەوەی ریگایەک بۆ کۆتاییهێنان بەجەنگ. پرسی ئاگربڕو ناوبژیوانی هاتەئاراوەو وەفدێکی ئاشتی لەکۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامیو چەندین وەفدیتر چەندینجار سەردانی عێراقو ئێرانیان کردو پرسی ئاگربڕیان وروژاند.

سەدام حسێن خوازیاری ئەوەبوو کەجەنگی نێوان دوو وڵات بوەستێت، بەڵام باڵی هەرەتوندڕەوی ناو سیستمی سیاسیی ئێران لەخۆبایی لەگورزە سەربازییەکان باسی لەگرتنی کەربەلاو لەوێشەوە ڕۆیشتن بەرەو لوبنانو دواجار "بەیتولموقەدەس" دەکرد، خەونێک کەهیچ کات نەهاتە دیو تەنیا ماڵوێرانیو کوژرانی زیاتر لەملیۆنێک مرۆڤی دیکەی لێکەوتەوە.

### هەشت ساڵ جەنگو سەرەنجام هیچ

مانگەکانی کۆتایی جەنگ هەموو مەسەلەکان پێچەوانە بووەوە، سوپای عێراق کە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە خەریکی بەرگریکردن بوو، بۆ جارێکیتر حاڵەتێکی هێرشبەرانەی بەخۆیەوە گرت، بۆ جارێکیتر سوپای عێراق هاتەوە ناوی قوڵایی خاکی ئێران. کۆماری ئیسلامی ئێران لەوپەڕی لاوازیو لەترسی هاتنەپێشەوەکانی سوپای عێراق ناچار بەقبووڵکردنی ڕێککەوتننامەی ئاگربڕی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو. پێویستە بوترێ کەساڵێک لەوەوپێش ئەو ڕێککەوتننامەیە ئامادەکرابوو، کەچی ئێران ئامادە نەبوو ئاگربەست قبوڵبکات.

هەرچەند هەفتەیەک لەمەوبەر بوو میرحسێنی مووسەوی یەکێک لەڕابەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیو سەرۆک وەزیرانی دەوڵەت لەسەردەمی جەنگ، لەوەڵامدانەوە بەهێرشی ڕاگەیاندنی لایەنی بەرانبەر لەهەمبەر ڕێگربوونی موسەوی لەبەردەم هێرشە سەربازییەکانی ئێرانو گرتنی بەغداد، لاوازبوونی ئێران لەساڵەکانی کۆتایی جەنگ، بەئاشکرا باسدەکاتو تەنانەت هەڕەشەی ئەوەدەکات کەئەگەر ئەم قسەو ڕەخنانە بەردەوامبێ، ئەوا ناچاردەبێ نهێنییەکانی سەردەمی جەنگ ئاشکرابکات. موسەوی لەمبارەوە دەڵێت "٤ ملیار دۆلار لە ٦ ملیار دۆلاری فرۆشی نەوت بۆ جەنگ سەرفدەکراو تەنیا ٢ ملیاردی بۆ خەڵکی ئێران تەرخاندەکرا. ئێمە وەکو دەوڵەت لەکۆتاییەکانی جەنگ فەرماندەیی بەرەکانی جەنگمان پێسپێردرا، لەو کاتەی کەعێراق بۆ جارێکیتر هێرشەکانی خۆی دەستپێکردبووەوەو ترسی ئەوە بوو کەپارێزگای خوزستان بۆ جارێکیتر داگیر بکرێتەوە".

موسەوی لەدرێژەی قسەکانیدا باس لەوەدەکا کەعێراق لەکاتی هاتنەئارای بڕیارنامەی ٥٩٨ زۆر بەهێز بووەو هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە زیاتر لە٥٠ فەیلەق بوون.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ئێران لەم جەنگەدا زیاتر لە ٢١٣ هەزار ئێرانی کوژراون، ٣٣٥ هەزار کەس کەم ئەندام بوون، ٤٠ هەزار ئێرانی بەدیل گیراونو هەزاران ملیار دۆلار زیان لەئێران کەوتووە. ئێستاش ٢ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دۆنم زەوی ئێران ئالودە بەمینی چێندراونو هەموو هەفتەیەک ١٥ کەس بەهۆی ئەم مینە هەڵنەگیراوانەوە گیانیان لەدەستدەدەن.

زیانەکانی عێراقیش زۆر زیاتر لەوە دەخەملێنرێت، بەڵام هێشتا ئاماری ورد لەبەردەستدا نین.

# ”ئەو رۆژەی بابا نوئیل گریا“ لەشەوانی رەمەزاندا

ژەنیار لەهەولێر:

بڕیاروایە لەشەوانی رەمەزاندا، فیلمی ”ئەو رۆژەی بابا نوئیل گریا“ لەدەرهێنانی رەحیم زەبیحی سینەماکاری رۆژهەڵاتی کوردستان، لەشاری سلێمانی نمایشبکرێت.

رەحیم زەبیحی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی ”ئەم فیلمە (ئەو رۆژەی بابا نوئیل گریا) لەشەوانی رەمەزاندا لەهۆڵی رۆشنبیری لەسلێمانی نمایشدەکرێت کەماوەکەی ٧٥ خولەکە“.

هەروەها وتی ”ئەم فیلمە بۆ ماوەی ١٠ شەو نمایشدەکرێتو بەشێوەی بلیت دەبێت، بەڵام تائێستا نرخی بلیتەکانمان دیاری نەکردووە“.

زەبیحی راشیگەیاند ”دەبێت خەڵکی ئێمە فێرببێت کەفیلمە کوردییەکان بەبێ بەرامبەر نەبینێت، پێویستە فێری ئەو کلتوورە ببێت کەبۆ بینینی هەر فیلمێک، بلیت بکرێت“.

چیرۆکی فیلمی سینەمایی ”ئەو رۆژەی بابا نۆئێل گریا“: ”رەشە“ پێشمەرگەیەکی فەرامۆشکراوی شۆڕشی گەلەکەیەتی کە بەهۆی لەدەستدانی هاوسەرو منداڵەکەیەوە لەکارەساتی هەڵەبجەدا، تووشی نەخۆشی دەروونی بووە.

پیاوێک سنوور دەبڕێت، بۆ ئەوەی لەسەری ساڵدا خۆی بگەیەنێتە شاری هەڵەبجەو بەمەبەستی بەپێکەنینخستنی خەڵکی هەڵەبجە، دەبێتە بابا نوئێل.

رەشە پێیوایە سەری ساڵ پێشکەشە بەو کەسانەی کە لەپای شۆڕشەوە بوون بەخاوەن سەروەتو سامانو پارە، بەڵام لەهەرێمی خەم ”بابا نۆئێل“ دەستدەکات بەگریان.

رەحیم زەبیحی ساڵی ١٩٧١ لەشاری بانە لەدایکبووە. یەکێکە لەسینەماکارە بەتواناکانی کورد، خاوەنی چەندین بەرهەمی سینەماییە، لەوانە کورتە فیلمەکانی (هاوار، سەتەلایت، کۆتایی شەڕ، ئەو پیاوەی کەچوو بۆ سەیران، ساتە مەزادکراوەکان، تیرۆریستێک دادەبەزێت، رۆژی دوایی، ئێسترێس، سەمای رەنگەکان، ژانی دابڕانی ئەبەدی، فیلمی وڵاتی ئەفسانە) کە لەچەندین فێستیڤاڵی سینەمایی گرنگ بەشداریکردووەو چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە.

ئەکتەرەکانی ئەم فیلمە پێکهاتووە لە: سەلاح ئەحمەد رەشید، جەلیل رەحمانزادە، شوان عەتوف، نەوزاد مەجید، نیگار بەکر، دەوەن مەجید، عەلی زەبیحی، محەمەد بورهان، جەلیل سەعید، هومایون ساحیب، بەرزان حامید، رەنج رزگار، کۆچەر نوری، بەختیار خەزان، رێباز سەلاح، ژیار بەرزان ...هتد.

# دەلال زاخۆیی، گۆرانییەکی شێخۆ دەڵێتەوە

موحسین یاسین

هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەلال زاخۆیی، سەرقاڵی کارکردنە لەئەلبومێکی نوێدا، کە لەئێستادا کاری میوزیکی تەواوبووەو تەنها کاری دەنگی ماوە.

لەو ئەلبومەشدا وەکو وەفایەک بۆ هونەرمەند محەمەد شێخۆ، گۆرانییەکی ناوبراو دەڵێتەوە.

دەلالی زاخۆیی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایگەیاند ”لەئێستادا سەرقاڵی تەواوکردنی کارەکانی ئەلبومە نوێیەکەمم کە ١١ گۆرانی لەخۆدەگرێتو کاری میوزیکی تەواوبووە، تەنها کاری دەنگو میکسو ماسترینگی ماوە“.

سێ لەئاوازی گۆرانییەکانی ئەو ئەلبومەی دەلال زاخۆیی هی خۆیەتیو تێکستی دوو لەگۆرانییەکانیو دوو ئاوازی هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆییەو ئاوازێکو تێکستێکی تری هی هونەرمەند نوشدار محەمەد تاهیرو ئاوازەکانی دیکەش ئاوازی هەڤاڵ ئیبراهیمو عیماد عەلیو نیهاد عەلیو تێکستێکی ئەحمەد هەسنیو هەڤاڵ زاخۆییو بەیارە.

کاری میوزیکی ئەو گۆرانییە لەهەریەک لەستۆدیۆی (سەنحاریب ئاشوری) لەوڵاتی سویدو ستۆدیۆکانی (ئارت کەلاسو دەنگو رەنگ) لەشاری دهۆک ئەنجامداوە.

لەبارەی ناوی ئەلبومەکەیەوە ناوبراو وتی ”تائێستا هیچ ناوێکم بۆ ئەلبومەکەم دانەناوە“.

دەلال ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەوەکو وەفایەک بۆ هونەرمەندی کۆچکردو محەمەد شێخۆ، یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندەی نوێکردووەتەوە.

# چنار: رۆڵەکەم لەدرامای گەردەلوولدا سەرەکی دەبێت



موحسین یاسین

خانمە گۆرانیبێژ چنار دەڵێت لەگەڵ هونەرمەند جەلیل زەنگەنە رێککەوتووین بۆ بەشداریکردنم لەزنجیرە درامای گەردەلوولو رۆڵی سەرەکیشم دەبێت، بەڵام وتی ”زۆر تامەزرۆنیم بۆ بەشداربوونم لەزنجیرە دراماکاندا“.

چنار کەسەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤و یەکەم گۆرانیشی بەناوی (تەلاری عەشق)ە کەئاوازی هونەرمەند کەمال محەمەدە، لەساڵی ٢٠٠٥ قۆناغی خوێندنی دواناوەندی تەواوکردووەو لەوڵاتی سوید دەژی. ئێستاش دوای دانیشتنێکی لەگەڵ جەلیل زەنگەنەدا رێککەوتوون بەوەی ببێت بەئەکتەرێکی سەرەکی ئەو زنجیرە درامایە.

چنار بەدەستووری وت ”بڕیارمدابوو کەبوونی ئەو پرۆژەیە لای خۆم بەنهێنی بهێڵمەوە تاکاتێکی گونجاو“.

لەبارەی ئەو بیرۆکەیەوە، چنار وتی ”هونەرمەند جەلیل زەنگەنە پەیوەندی پێوەکردمو زۆر خۆشحاڵبووم، نەک تەنها لەبەرئەوەی کە لەفیلمێکی ئاوا سەرکەوتوودا بەشداردەبم، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەی چۆن چنار گەیشتووەتە دڵی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە“.

لەبارەی چۆنیەتی رێککەوتنەکەوە، زەنگەنە وتی ”هەڵبەتە من نامەوێت بڕۆمە وردەکارییەکانەوە، بەڵام ئەو رۆڵەی لەزنجیرە درامای گەردەلوولدا دانراوە بۆ من، رۆڵێکی سەرەکی دەبێت“.

ئاماژەی بەوەشدا کەئەگەرچی زۆر تامەزرۆ نییە بۆ بەشداربوون لەزنجیرە دراماکانداو هەرگیز بەشداریشی نەکردووە، بەڵام بڕیاریدا بەشدارییبکات.

چنار لەبارەی توانای خۆی بۆ کاری نواندن وتی ”کاری نواندن کارێکی ئاسان نییەو زۆرجار دەبێت رۆڵێک ببینی کەدوورە لەڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوونو ئێشو ئازاری ژیانی خۆتەوە، بەڵام هەرکارێکیش سەرکەوتنی خۆمی تێدا ببینم، دەیکەمو هەوڵی بۆ دەدەم“.

لەبارەی بەشداریکردنی لەو درامایەدا دەڵێت ”هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەنجامو بڕیاری کۆتایی، چونکە پێویستمان بەکاتێکی زیاترە بۆ ئەوەی بگەینە رێککەوتنێکو بڕیاری خۆمان بدەین“.



**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

کەسێک چاودێریت دەکات، بەڵام لەوەناچێت تۆ ئاگات لێبێت، پێویستە ئاگات لەخۆت بێت، چونکە ئەو کەسە دەیەوێت بێتە نێو ژیانتەوە. هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن بەوەی ئەم هەلە لەدەست نەدەیت.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

ئاگات لەو کەسانە بێت کە بەمزووانە دەیانناسیتو بەڕووکەش هەڵمەخەڵەتێ لەجیاتی ئەوە دوای هەستەکانت بکەوە. لەگۆڕانێکی ریشەییدایتو خۆتو دەوروبەرەکەشت هەستی پێدەکەن. گەشەکردنی رۆحیت سوودی بۆت دەبێت.



**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

هەندێک بارودۆخ وات لێدەکات بەگوماناوی بیت لەدەوروبەرەکەت، هەر بۆیە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی گومانەکە بدە. بەرپرسیاریەتییەکانت زۆر دەبێتو هەستدەکەیت کەهەڵبژاردنەکانت لەدەستی خۆتدانو پێویستە بەباشی بیریان لێبکەیتەوە.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

لەهەندێ بواری پیشەییتدا بەخت یاوەرت دەبێت. بڕوا بەخۆبوونت لەهەموو کاتێک زیاترە. ئەگەر نیازیت کارەکەت بگۆڕیت، ئەم چەند رۆژە زۆر گونجاوە بۆت. هەفتەیەکی زۆر تایبەت دەگوزەرێنیت.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

لەم ماوەیەدا ئاسۆیەکی روون لەژیانتدا دەردەکەوێت، ئەمەش وات لێدەکات هەندێ یادگاریو بیرەوەری خۆشت لا زیندوو بێتەوە کەماوەیەکی زۆرە نەماون. ئەمانە هەموو نیشانەی قۆناغێکی نوێن لەبەختەوەری لەژیانتدا.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

حەز بەخاوەندارێتی هەندێک کەلوپەل دەکەیت لەماڵەکەتدا، بەڵام کاتێکی گونجاو نییە بۆ کڕینیان. پێویست ئاگات لەباری داراییت بێتو بەپێی بەرەکەت قاچ راکێشیت، ئەگەرنا تووشی گرفت دەبیت.

# جانۆ رۆژبەیانی بەدوای پاڵپشتیدا دەگەڕێت



ژەنیار لەهەولێر:

جانۆ رۆژبەیانی سینەماکاری کورد، دوای نمایشکردنی فیلمێکی نوێی بەناوی "چاپلنی چیاکان Chaplin of the Mountains" لەهەولێر، بەدوای پاڵپشتیدا دەگەڕێت بۆ تەواوکردنی کارەکانی دەنگ، رەنگ، ژێرنووسی کوردیو کردنی بەفیلمی ٣٥ میلیمی.

جانۆ رۆژبەیانی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "بەمەبەستی پاڵپشتیکردنو تەواوکردنی کارەکانی فیلمە نوێیەکەم بەناوی "چاپلنی چیاکان" نمایشێکی تایبەتم لەهەولێر بۆ ئەو فیلمە کرد، بۆ ئەوەی حکومەتو لایەنە پەیوەندارەکانی گرنگی ئەو فیلمەیان بۆ دەرکەوێتو پاڵپشتیبکەن".

رۆژبەیانی هەروەها وتی "دوای ئەوەی لەهاوینی پارساڵ لەگەڵ ستافێکی هۆڵیوود، کاری وێنەگرتنی ئەم فیلمەمان لەچەند ناوچەیەکی جیا جیای هەرێمی کوردستانو هەولێری پایتەختدا ئەنجامدا، دواتر لەوڵاتی ئەمریکا کاری مۆنتاژم بۆ ئەنجامدا، هەموو ئەو کارانەش لەسەر ئەرکی خۆمو کۆمپانیای ئەڤینی فیلم بووە".

ئاماژەی بەوەشکرد کەتوانای ئەوەی نییە کارەکانی ئەو فیلمە تەواوبکات، کەکاری دەنگو رەنگو ژێرنووسی کوردیو کردنی بەفیلمی ٣٥ میلیمی ماوەو وتی "ئێستا ئەم فیلمە پێویستی بەپاڵپشتی هەیە".

دیمەنەکانی فیلمی "چاپلنی چیاکان" لەلایەن جۆناس ساکس وێنەگری هۆڵەندی-هۆڵیوودی لەچەند شوێنێکی جیا جیای کوردستان وێنەیگیراوە، لەوانە (رەواندز، کۆیە، شێخان، رانیە، چۆمان).

ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لەکچێکی فەڕەنسی بەڕەچەڵەک کورد دەکات، لەگەڵ ستافێکی ئەمریکی سەردانی گوندەکانی هەرێمی کوردستان دەکەنو فیلمەکانی ئەکتەری کۆمێدی جیهانی چارلی چاپلن بۆ خەڵکی ئەم گوندانە نمایشدەکەن. ئەم کچە کوردە بەناوی "نازێ" لەگەڵ ئەو ستافەدا بەدوای خێزانەکەیدا دەگەڕێت لەو گوندانەی کەپرۆسەی ئەنفالکردنیان لەلایەن رژێمی بەعس (١٩٨٨-١٩٨٩)ەوە تێدا ئەنجامدراوە.

---

# "ماندوو" گەیشتە لۆکارنۆ



ژەنیار لەهەولێر:

فیلمی سینەمایی "ماندوو" لەدەرهێنانی ئیبراهیم سەعیدی سینەماکاری رۆژهەڵاتی کوردستان، بەناوی هەرێمی کوردستانەوە بەشداری لەخولی ٦٣یەمینی فێستیڤاڵی سینەمایی لۆکارنۆدا کرد.

فەریزن کەریم بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی فیلمی "ماندوو" لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "خولی ٦٣یەمینی فێستیڤاڵی سینەمایی لۆکارنۆ لەشاری لۆکارنۆ لەسویسرا، لەماوەی ٤-١٤ ئاب بەڕێوەدەچێت، تیایدا فیلمی ماندوو بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان، بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەبەشی پێشبڕکێی فێستیڤاڵ بەشداردەبێتو لەماوەی ١١ رۆژی فێستیڤاڵدا چەند نمایشێکی دەبێت".

وتیشی "لەم فێستیڤاڵەدا دەرهێنەری فیلم ئیبراهیم سەعیدی لەکاتی نمایشەکانی فلیم لەفێستیڤاڵدا ئامادەدەبێت، بڕیاروابوو من خۆم لەم فێستیڤاڵەدا ئامادەبم، بەڵام کێشەی ڤیزام بۆ هاتە پێشەوە".

فەرزین کەریم ئەوەشی راگەیاند کەئەو فیلمە لەساڵانی ٢٠٠٨-٢٠٠٧ لەچەمچەماڵ، سەنگاو، سورداش، سەرگولۆو شاری کەرکوک لەلایەن وێنەگر بایرام فەزلی وێنەیگیراوەو ژمارەیەک لەهونەرمەندانو تەکنیککارانی کوردو ئێرانی بەشداریان تێدا کردووە.

ئەو فیلمە چیرۆکی ژیانی ژمارەیەک بنەماڵەی ئاوارەی کورد لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ دەگێڕێتەوە کە لەسەردەمی جەنگی ئێرانو عێراق لەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو باشووری کوردستان کۆچ دەکەنو لەرێگای حکومەتی بەعسی رووخاو لەباشووری عێراق نیشتەجێدەکرێن.

ئیبراهیم سەعیدی بەیەکێک لەدەرهێنەرە بەناوبانگەکانی بواری فیلمی دۆکۆمێنتاری لەوڵاتی ئێران ناسراوە، ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ دەرهێنەر زەهاوی سنجاوی کاری دەرهێنانی بۆ فیلمی "دایکانی من" کرد، ئەم فیلمە توانی لەچەندین فێستیڤاڵو بۆنەی جیا جیا بەشداریبکاتو چەند خەڵاتێک بەدەستبهێنێت.

فێستیڤاڵی لۆکارنۆ لەساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە، بەیەکێک لەفێستیڤاڵە جیهانییە بەناوبانگەکانی جیهان دێتو دەچێتە خانەی فێستیڤاڵی پیتی (A)یەوە، لەخولی ٦٣یەمینی، ٢٩٠ فیلمی درێژ تیایدا بەشداردەبنو ٧٠ فیلمی نوێ بۆ جاری یەکەم نمایشدەکرێن.

# محەمەدیان 4fire بڵاودەکاتەوە



موحسین یاسین

هونەرمەندی گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان حامید محەمەدییان، لەئایندەیەکی نزیکدا دووەمین ئەلبومی گۆرانی خۆی بەناوی (چوارئاگر 4fire-) بڵاودەکاتەوە. کەئەلبومەکە ٧ گۆرانیو پارچە میوزیکێکی لەخۆگرتووەو زۆربەی ئاوازەکانیشی هی خۆیەتی.

حامید محەمەدییان لەبارەی ناوی ئەلبومەکەیەوە دەڵێت "چوار ئاگر بەمانای هەر چوار پارچەکەی کوردستان دێت".

یەکێك لەگۆرانییەکانی ئەو ئەلبومە بەناوی کەرکوکەو کاری کلیپی بۆ کردووە، کەباس لەمێژووی ئەو شارە دەکاتو بەشێوازی راپە.

محەمەدیان بەگۆرانی (شێتەگیان) لای خەڵك ناسراوەو خاوەنی ئەلبومێکە بەناوی (رەنگە هیچ کەسێك نەزانێت) کە لەساڵی ٢٠٠٦دا بڵاویکردووەتەوە. (4fire) سەنتەری کیژێ لەشاری سلێمانی بڵاویدەکاتەوە.



## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

سەیری هەموو شتەکانی دەوروبەرت بەوردی بکەو هەوڵبدە هەموو شتەکان بەچاوێکی دیکەوە تەماشا بکەیت، وەک کارو ماڵو خێزانەکەت. لەڕووی داراییەوە لەجاران باشتر دەبیتو هەلەکان لەبەردەمتدا کراوەتر دەبن.



## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

باشتروایە هەندێک لەکارەکانت لەژیانی تایبەتیو گشتیتدا کەمێک دوابخەیتو ئەو کارانە تەواوبکەیت کەدەستتپێکردوون. ئەم چەند رۆژە بۆت گونجاون بۆ ناسینی کەسانی نوێ. رۆژی بەختت یەکشەممەیە.



## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

سەرەڕای ئەوەی لەوانەیە تووشی دەمەقاڵەیەکی بچوک ببیت لەگەڵ یەکێک لەدەوروبەرت، بەڵام میزاجت زۆر باشدەبێت. پێویستە ئاگات لەتەندروستیت بێتو زۆر نەخۆیت. تواناو لێهاتووییەکانت لەکارەکەتدا پیشانبدە.



## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

ئەم هەفتەیە بۆ چوونە دەرەوەو بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ چەند کەسێکی نزیکتدا زۆر خۆشەو هەوڵبدە سوودی لێببینیت. گوێمەدە بەپێکەنینو توانجەکانی خەڵکی. رۆژی بەختت دووشەممەیە.



## شێر (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

پێویستە بەوردیو وریاییەکی زیاترەوە تەماشای دەوروبەرەکەت بکەیتو هەوڵبدەیت راستییەکان وەک خۆیان ببینیت، ئاگات لەتەندروستیت بێتو وەرزشەکانت پشتگوێمەخە. رۆژی بەختت شەممەیە.



## فەریک (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

دەتوانی کەسانی دیکە بەئاسانی بخەیتە سەر بۆچوونەکانت. هەندێک لەکەسانی دەوروبەرت وا هەست دەکەن بێزاریان کردوویت، ئەویش بەهۆی ئەوەی پەیوەندی نوێ لەژیانتدا دروستدەبێتو لێیان دووردەکەویتەوە.

www.arsivakurd.org

# نیوەی پرۆسەی هاوسەرگیری هەڵدەوەشێتەوە

## لەساڵی ٢٠١٠دا ڕێژەی جیابوونەوە گەیشتووەتە نیو ئەوەندەی ڕێژەی پرۆسەی هاوسەرگیری

مەعاز فەرحان

بەپێی ئامارێکی دادگای سلێمانی دەرکەوتووە ڕێژەی جیابوونەوە لەساڵی ٢٠١٠دا کەمینەکردووە بە بەراورد بەساڵی رابردوو، ڕێژەی هێنانی ژنی دووەمیش زیادیکردووە.

بەپێی ئامارەکە بۆ هەر دوو حاڵەتێک لەپێکەوەنانی ژیانی هاوسەرگیری لەساڵی ٢٠١٠دا حاڵەتێکیان سەرکەوتوو نەبووەو جیابوونەتەوە. نیوەی جیابوونەوەکانیش بەپێی ئامارەکە خواستی ژنەکە بووەو نیوەکەی تریش هۆکارەکەی پیاوەکە بووە کەژنەکەی تەڵاقداوە.

**هەموو ڕۆژێک ٩ حاڵەتی جیابوونەوە روویداوە**

بەپێی ئامارەکەی دادگای سلێمانی، لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠دا ١٦٩٨ حاڵەتی جیابوونەوە هەبووە، کە لەو ڕێژەیەدا، ٨٠٢ حاڵەتەکە تەڵاق بووە، واتە خواستی پیاوەکە بووە، ٨٩٦ جیابوونەوە بووە، واتە ژنەکە داوای وەرگرتنی تەڵاقی کردووە.

هەر لەو شەش مانگەدا ٣٣٨١ حاڵەتی مارەبڕین لەناو دادگاو ٢٠٠ حاڵەتیتر لەدەرەوەی دادگادا ئەنجامدراوە.

بەپێی ئامارەکە حاڵەتی جیابوونەوەکە لەتەواوی ساڵی ٢٠٠٩دا (٢٨٤٢) جیابوونەوە بووە. کەنزیکەی نیوەی لەسەر خواستی ژنەکە بووە، لەکاتێکدا مارەبڕینی ناو دادگا ٦٨٩٣ حاڵەتو مارەبڕینی دەرەوەی دادگا ٥٠٢ حاڵەت بووە. یەک حاڵەتی ژنهێنانی دووەمیش تۆمارکراوە. لەساڵی ٢٠٠٩دا یەک حاڵەتی هێنانی ژنی دووەم تۆمارکراوە، بەڵام لەشەش مانگی ئەمساڵدا نۆ حاڵەت هەبووە.



**ئامانجی هاوسەرگیرییەکە نازانن**

پارێزەرانو توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەچەند هۆکارێک دەکەن لەسەرنەکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری، سەرنەکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیریش بەمەترسییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی ناودەبەن.

رایان عوسمان توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت دروستبوونی خێزان پرۆسەیەکی گەورەترە لەوەی کە لەکردەیەکی سێکسیدا بیری لێبکرێتەوە، بەڵام وتی "گەنجانی کوردستان بۆ تێرکردنی ئەو غەریزەیە زۆرجار خێزان دروستدەکەن".

رایان وتی "ئەوان ئامانجە گەورەکە کەتەواوکردنو کامڵکردنی ژیانی یەکترییە لەبەرچاوناگرن، ئەم جیهانبینییە لای گەنجانی ئێمە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری زۆرکەمە بۆیە ئەمە کێشەکەیە".

بەڕای ئەو توێژەرە کچانو کوڕان بنەمای جوانیان کردووەتە پێوەر، بەڵام کاتێک بەهۆی ئەوەی زیاتر سەیری رواڵەتی یەکتری دەکەن، پێوەرەکە شکستدەهێنێت.

ئەو دەڵێت هەر کەجوانییەکە لای یەکێکیان نەما، ئەویتریان داوای جیابوونەوە دەکات.

رایان وتی "چەمکە مەعنەوییەکان لەپرۆسەی ژنهێناندا لای گەنجان نەماون، لایەنی ڕۆحی زۆر گرنگە، بەڵام پشتگوێخراوە".

ئەو پێیوایە یەکێک لەهۆکارەکانیش لەکاتی هاوسەرگیریدا. کەمدەرامەتییە. لایەنی دارایی هۆکارێکی ترە

بەپێی راپرسییەکی نوێی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان لەبارەی بێکاری گەنجانەوە، دەرکەوتووە ڕێژەی زیاتر لە٣٠٪ گەنجانی کوردستان بێکارن، بۆیە هەندێک پێیانوایە یەکێک لەهۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە لایەنی داراییە.

هاوکار سەعدی پارێزەر دەڵێت لایەنی دارایی کاریگەری زۆری هەیە لەهاوسەرگیریدا، حاڵەتێک هەیە پێیدەڵێن هاوشانی کەزۆر پێویستە لەهاوسەرگیریدا رەچاوبکرێت، وتی "جاری واهەیە کچێک کەلایەنی دارایی باشە، شوودەکات بەکوڕێک کەلایەنی دارایی ئەوەندەی کچکە باش نییە، لێرەدا کوڕەکە ناتوانێت ژیانێک بۆ ئەو کچە فەراهەمبکات کەکچەکە لەماڵی باوکیدا هەیبووە".

ئەو دەڵێت بەو جۆرە کێشەو گرفتیان زیاددەبێت کەئەوەش هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ جیابوونەوەیان.

**هۆکاری تریشی هەیە**

هاوکار دەڵێت تەڵاق بەرێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، پێیوایە تێنەگەیشتنی کچو کوڕ لەپرۆسەکە هۆکارێکی ترە.

ئەو وتی "ئەوان نازانن ئامانج لەهاوسەرگیرییەکە چییە، تەنها ئامانجێکی سادەیە کەئەویش گەیشتنە بەئامانجی سێکسی، کەگەیشتن بەمە ئیتر کۆتایی بەو خۆشەویستییە دێت".

پێشیوایە کەبەرزبوونەوەی رادەی رۆشنبیری ئافرەت هۆکارێکی ترە کەئێستا هەموو شت لەپیاوەکەی قبوڵناکاتو وتی "تائێستا کۆمەڵگەی ئێمە پیاوسالاری بووە، ئێستا بەوشێوەیە نییە".

---

# کچانی فەرمانبەر چانسی شووکردنیان زیاترە

## کوڕان دەیانەوێت بەهێنانی کچانی فەرمانبەر، کێشەی داراییان چارەسەربکەن

دەشتی ئەنوەر

کوڕان دەڵێن زیاتر ئەو کچانە هەڵدەبژێرین کەفەرمانبەرن، چالاکوانی بواری ڕێکخراوەکانیش دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کەئەو ڕێگەیە یارمەتی کوڕان دەدات کەمتر گرفتی داراییان بۆ دروستبێت، بەڵام دەڵێن چێژی خێزان تەنها لەباشبوونی باری دارایی کۆنابێتەوە.

هاوڕێ جەبار کەچەند مانگێکە لەگەڵ کچێکی فەرمانبەردا ژیانی هەوسەرگیری پێکهێناوە، پێیوایە ژنانی فەرمانبەر زیاتر دەبنە هاوکاری مێردەکانیان، بۆیە دەڵێت "باشترە ئەو کەسانەی کەهەڵیدەبژێرن فەرمانبەربن".

هاوڕێ وتی "ئەوەی ئێستا هاوسەرمە بەڕێوەبەری خوێندگایەکەو دەوڵەمەندیشەو پارەو ئاڵتونی خۆی هەیە، بۆیە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی فەرمانبەرن ژیانمان خۆشتردەکات".

کوڕان دەڵێن هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو کچانەی کەفەرمانبەرنو موچەیان هەیە، بۆ ئەوەیە کەیارمەتیدەرێکی باشبن لەدابینکردنی پێداویستەکانی ماڵەوەیاندا.

هاوڕێ لەگەڵ خێزانەکەیدا یەکترناسینەکەیان بەرێکەوت بوو، بەڵام وتی کاتێک دڵنیابووم لەوەی کەئەو لەشوێنێکی باشدا کاردەکاتو موچەیەکی باشی هەیە، سووربووم لەسەری ئەوەی بیهێنم. وتی "ئەگەر خوا نەخواستە دەرگامان لەسەر داخرا، ئەوا لەداهاتوودا دەتوانین پشت بەموچەی یەکتری ببەستین".

جیهان محەمەد چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنانە پێیوایە ئەو دیاردەیە زیاتر لەناوچە پەراوێزەکاندا گرنگی پێدەدرێتو وتی "کوڕان حەز بەوە دەکەن کەئەو کچەی دەیهێنن موچەخۆر بێت".

جیهان دەڵێت دەبێت کوڕان ئەوە بزانن دیاریکردنی کچان بۆ هاوسەری خۆیان، بەختەوەرییەکەی لەوەدا نییە کەئەوان بچن کچێک بێنن کەموچەی هەبێتو پارەیەکی زۆری هەبێت، بەڵکو "دەبێت کچێک بێنن لەیەکتری تێبگەنو بەسۆزو خۆشەویستییەوە لەیەکتری بڕوانن".

هاوڕێ فەرمانبەرە لەدەزگایەکی حکومی، دڵخۆشبوو بەوەی بەهۆی ئەوەی خۆیو خێزانەکەی موچە خۆرن، توانیویەتی پاشەکەوتێکی باش بکەن.

خێلان کەریم ٢٨، کچی ماڵەوە، لەتەمەنی ١٨ ساڵییەوە ماڵەوە ئەوەیان پێوتووە کەبۆ کوڕی مامەکەی دایانناوە، بەڵام دوای ئەوەی لەتەمەنی ٢٢ ساڵ کوڕی مامەکەی زانکۆ تەواودەکات، پێیدەڵێت کەئەوی ناوێت.

خێلان وتی "ئەو کوڕی مامەم بڕیاریداوە کچێکی فەرمانبەر بهێنێت، منیش شەش ساڵ چاوەڕێمکرد".

کچانی فەرمانبەریش حەزدەکەن شوو بەو کوڕانە بکەن کەفەرمانبەرن، بۆئەوەی لای کچە هاوڕێیەکانیان رووبەڕووی توانج نەبنەوە.

چنار یوسف کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵانەو پیشەی مامۆستایە، وتی "پێشئەوەی شووبکەم چەندین کوڕ تەنها لەبەر موچەکەم هاتوونەتە داوام، بەڵام من رەتمکردوونەتەوە".

چنار دەڵێت ئەو کوڕانەی دەهاتنە داوای پێیاندەوت، تۆ کەسێکی دامەزراویتو کیشەت نییەو وتی "دەیانوت ئێمەش بەهەمان شێوەی تۆ دامەزراوین، بەڵام بەئەوان رازی نەبووم".

چنار بەپێچەوانەی هەندێک بیردەکاتەوە، "نابێت کوڕان بەدوای ئەو کچانەدابن کەدامەزراونو موچەیان هەیە، بەڵکو دەبێت لەپێناو ئەوەدا کاربکەن کە لەیەکتر تێبگەن".

ئاکۆ ئەحمەد ئەو گەنجەی ماوەیەکە بەدوای کەسێکدا دەگەڕێت کەژیانی هاوسەرگیری لەگەڵدا ببەستێت، دەڵێت "ئەو کەسەم دەوێت کەدەرچووی زانکۆ یان پەیمانگا بێت، دەبێت موچەخۆر بێت".

ئەو وتی "ژیان ئێستا قورسبووەو بەئاسانی بەیەک موچە ناڕواتە رێوە، بۆیە پێویست دەکات خۆتو ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەرت موچە خۆر بن".

> پێشئەوەی شووبکەم چەندین کوڕ تەنها لەبەر موچەکەم هاتوونەتە داوام، بەڵام من ڕەتمکردوونەتەوە



www.arsivakurd.org

# "نەخۆشیی نەرمی ئێسک بووەتە پێشەنگی نەخۆشییەکان"

## پسپۆڕێکی نەخۆشییەکانی ئێسکو جومگەکان: لەپشکنینی ١١٠ حاڵەت لەسلێمانی، نزیکەی ٨٦ یان تووشبوون

بێستون فەتاح



د. تەها ئەحمەد قەرەداغی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئێسکو جومگەکانی ئێسک، دەڵێت لەنزیکەی یەک مانگدا بەهۆی هاتنی ئامێرێکی نوێوە بۆ پشکنینی نەخۆشییەکانی ئێسک، پشکنین بۆ نزیکەی ١١٠ حاڵەت کراوە، دەرکەوتووە لەو ڕێژەیەدا ٨٦ یان تووشی نەخۆشی نەرمی ئێسک بوون.

لەبارەی ئەو حاڵەتانەوە، د. تەها وتی ئەو حاڵەتانە دابەشدەبن بەسەر ئاستی جیاجیادا هەیانە حاڵەتەکەیان بچوکەو هەیانە مامناوەندنو هەیانە حاڵەتی توندن. ئاماژەی بەوەشدا ئەو نەخۆشییە لەهەموو جیهاندا بووەتە پێشەنگی نەخۆشییەکانیتر.

**دەستوور:** ئەگەر بکرێت بەشێوەیەکی کورت باسی گشتی ئێسکمان بۆ بکەیت؟

**د. تەها ئەحمەد:** ئێسک بریتییە لەشانەیەکی زیندوو لەجەستەی مرۆڤ، کەپێکهاتەیەکی سەرەکییە لەپێکهاتنی بونیادنانی جەستەدا، کەپێکهاتووە لە٢٠٦ ئێسک بەجیاوازی قەبارەو شێوەو فەرمانو پێکهاتە لەکەسێکی پێگەیشتوودا، ئەم ئێسکانە بۆ هەر کەسێک لە١٤٪ی کێشی کەسەکە پێکدەهێنێت، بەڵام سەبارەت بەکارو فەرمانی ئێسک، گەلێک کارو فەرمان لەخۆدەگرێت کەزۆر پێویستن بۆ کەسەکە، لەو فەرمانانە پاڵپشتی ڕێکی جەستە دەکات وەک بوونەوەرێکی ڕێکو ستوونی، جوانی بونیادی مرۆڤ بەئێسکەوە بەندە، جوڵاندنی کەسەکە فەرمانێکی تری ئێسکە، یەکێکیتر لەفەرمانەکانی ئێسک پارێزگاریکردنە لەئەندامەکانی ناوەوەی جەستە، وەک قەفەسەی سنگ کەپارێزگاری لەدڵو سیسەکان دەکات، حەوزی مرۆڤ کەپارێزگاری لەئەندامەکانی زاوزێو میزەڕۆ دەکات، لەکەسێکی پێگەیشتوودا سەرچاوەیەکی سەرەکی خوێنو پێکهاتەکانی خوێنو کانزاکانو گەلێک پێداویستی گرنگی ترن.

**دەستوور:** نەخۆشیی نەرمی ئێسکو لاوازی ئێسک چییە؟

**د. تەها ئەحمەد:** نەخۆشیی لاوازیو نەرمی ئێسک نەخۆشییەکە لەهەموو جیهاندا بڵاوە، نەخۆشییەکی سەردەمەو ڕۆژ بەڕۆژ زیاددەکات، ڕۆژ بەڕۆژ پێویستی بەخزمەتگوزاریو هۆشیاری تەندروستی زیاترە، هەموو وڵاتانی دونیا بودجەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخانکردووە، ئەو کەسانەی تووشی ئەم نەخۆشییەدەبن، تووشی شکانی ئێسک دەبن، بەکورتی نەرمیو لاوازی ئێسک بریتیە لەوەی کەنەخۆشەکە هەست بەئازار ناکات، زۆر بێدەنگە هەستی پێناکرێت، تەنانەت هەندێکجار ناودەبرێت بەکوژەری ئێسک یان نیشانەکانی بوونی نەخۆشیەکەی تیادا دەرناکەوێت، هەست بەنەخۆشییەکە ناکات تا شکاوییەک ڕوونەدات، بۆ نمونە دەڵێن کەسەکە چووەتە سەر تەوالێت سمتی شکاوە ئێسکی نەخۆشەکە بەرەو پوکانەوە دەچێت، بەرەو ئەو حاڵەتە دەڕوات کەگەشەی دەوەستێت، خانەکانی ئێسک لەسێ جۆر پێکهاتوون خانەی بنیاتنەر، خانەی تێکدەرو جۆری سێیەمیان خانەکانی ئێسکە، بەتێپەڕبوونی ژیانی مرۆڤ کەدەچێتە تەمەنەوە، بەتایبەت گەشەی ئێسکەکانی کەسەکە تاتەمەنی ٣٥ ساڵی دەمێنێت، واتە تا ئەو تەمەنە تێکڕای دروستکردنی خانەکانی ئێسکو گەشەی ئێسک زیاترە تا دوای ئەو تەمەنە، بەڵام دوای ئەو تەمەنەو بەرەو زیاتریش ئەم هاوسەنگییە تێکدەچێتو کارێکی فسیۆلۆجی جەستەی مرۆڤ بەو شێوەیەیە، لەبەرئەوەی خانە تێکدەرەکان چالاکیان زۆرتر دەبێت، ئەو خانانەی ئێسک دروستدەکەن بەرەو لاوازبوون دەچنو بەپێچەوانەوە خانە تێکدەرەکان بەهێزدەبن، هەر بۆیە دەبینین بەتایبەت لەسەروو تەمەنی ٤٥ ساڵییەوە بەتایبەت لەڕەگەزی مێینەدا کەتووشی قۆناغی نائومێدی دەبن، واتە سووڕی مانگانەیان نامێنیت زۆرتر تووش دەبن، لەڕەگەزی نێرینەدا لەسەرو تەمەنی ٦٠ بۆ ٧٠ ساڵییەوە زۆر تووشدەبن.

**دەستوور:** هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم نەخۆشییە چییە؟

**د. تەها ئەحمەد:** لەم نەخۆشییەدا بنیاتنانی ئێسک گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام هەر مرۆڤێک دەچێتە تەمەنەوە، هێواش هێواش ئەو هاوسەنگییەی لەپێکهاتەی ئێسکیدایە تێکدەچێت کەسێکی بەتەمەن پێکهاتەی ئێسکی وەک کەسێکی لاو نییە، کەواتە تەمەن هۆکاریکە بۆ دروستبوونی ئەم نەخۆشییە لەڕووی پێکهاتەی کانزایی ئێسکەوە بەزیادبوونی تەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو خانانەی تێکدەرن چالاکتردەبن لەخانە بنیاتنەرەکان، هۆکاری دووەم ڕەگەزە، ئەم نەخۆشییە زیاتر لەڕەگەزی مێینەدا دەردەکەوێت وەک لەڕەگەزی نێرینەدا، لەبەرئەوەی ئەو هۆڕمۆنانەی لەجەستەی مێینەدایە لەدوای تەمەنی ٤٥ ساڵییەوە کەسووڕی مانگانەیان دەوەستێت کەمدەبنەوە، ئەم هۆڕمۆنانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دروستبونی ئێسکو کاتێک ئەم هۆڕمۆنانە کەمدەبنەوە وەک هۆڕمۆنی ئیسترۆجین خانە تێکدەرەکان کەکاریگەریان هەیە لەسەر پێکهاتەی ئێسک، چالاکیان زۆر زیاددەبێت، تەمەنی ئەم خانانە درێژتر دەبێت لەخانە پێکهێنەرەکان لەبەرئەوە ئێسکی ئەم ئافرەتانە بەرەو لاوازیو نەرمی دەڕوات، کونەکانی ئەم ئێسکانە گەورەتردەبن، لەحاڵەتی ئاسایی ئێسکدا ئەو دیوارەی بەدەوری ئەو کونانەدان ئەستوورن، بەڵام لەحاڵەتی نەخۆشییەکەدا ئەو کونانە گەورەدەبنو دیواری دەوری کونەکان تەنکتر دەبن، پتەوی ئێسکەکە نامێنێتو بەبچوکترین زەبری دەرەکی ئێسکەکە دەشکێت.

**دەستوور:** بەپێی ئەوەی بەڕێزت بەرپرسی سەنتەری پشکنینی چڕیتی ئێسکو لاوازبوونی ئێسکیت، بۆ یەکەمینجارە ئەو ئامێرە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی لاوازیو نەرمی ئێسک کاردەکات، لەهەرێمی کوردستاندا تائێستا پشکنینتان بۆ چەند حاڵەت کردووە؟

**د. تەها ئەحمەد:** تائێستا نزیکەی مانگێکە پشکنینمان بۆ نزیکەی ١١٠ حاڵەت کردووە، کە لەو حاڵەتانەدا نزیکەی ٨٦ یان حاڵەتی نەخۆشی دەرچووە، سەبارەت بەلاوازیو نەرمی ئێسک، کەئەو حاڵەتانە دابەشدەبن بەسەر ئاستی جیاجیادا هەیانە حاڵەتەکەیان بچوکەو هەیانە مامناوەندنو هەیانە حاڵەتی توندن.

**دەستوور:** ئەو ژمارەیە بەزۆر دانانرێت؟

**د. تەها ئەحمەد:** بەڵێ ئەم نەخۆشییە لەهەموو جیهاندا ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لەزیادبووندایەو تەنانەت کۆمەڵەیەکی نێونەتەوەیی تایبەتیان بۆ دامەزراندووە، ساڵانە لەڕۆژێکی تایبەتدا یادی دەکرێتەوەو نەخۆشییەکە لەسەر ئاستی جیهان بەو نەخۆشییانە دادەنرێت کە لەپێشەنگی نەخۆشییەکانن.

> تەمەن هۆکاریکە بۆ دروستبوونی ئەم نەخۆشییە لەڕووی پێکهاتەی کانزایی ئێسکەوە

---

# بۆ گوێ کزەکان .. بیستەر (سەماعەی گوێ)

د. یادگار شەوقی میرزا
پسپۆڕی نەخۆشییەکانی قورگو لووتو گوێ



بیستەر (سەمماعە)ی گوێ: ئامێرێکی کارەباییە کە بەگەیاندنو گەورەکردنی دەنگ یارمەتی گوێی مرۆڤ دەدات تا مرۆڤی گوێ کز بتوانێت دەنگەکان بەشێوەیەکی باشو کاریگەر وەربگرێت. لەنەخۆشی گوێ کزدا کاتێک دەماری بیستن پەکیدەکەوێت، ڕێژەی ئاستی بیستن کەمترە لەکەمترین دەنگ کەمرۆڤ گوێی لێ دەبێت بە بەراورد لەگەڵ گەورەترینو توندترین دەنگ کەمرۆڤی ئاسایی خۆی بۆ ڕادەگیرێت، لەبری ئەوە بیستەر (سەمماعە)ی گوێ دەنگی کز زیاتر لەدەنگە گەورە بەهێزەکان گەورەتر دەکات.

### زیانەکانی گوێ کزیی

١- گوێ کزیی کاردەکاتە سەر پەیوەندیی نێوان خوێندکاران بەتایبەتیو هاووڵاتیان بەگشتی.

٢- گوێ کزیی کاردەکاتە سەر هەستو باری دەروونیی مرۆڤو خۆشگوزەرانیی.

لەویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکادا گوێ کزیی کاری کردووەتە سەر نزیکەی ٢٨ ملیۆن کەس کە ١٧ ملیۆنیان بەهۆی پەککەوتنی دەماری بیستنەوەیەو ٤,٥ ملیۆن واتە لە٢٠٪یان بیستەر (سەمماعە) ی گوێ بەکاردەهێننو لە١٢٪یان بیستەر (سەمماعە)ی گوێ بەکار ناهێنین، بەڵام لە٨٪ یان بیستەر (سەمماعە)ی گوێ بەکاردەهێننو لە٥-١٠٪ی گوێکزە باڵقەکان بەچارەسەری پزیشکیی یا نەشتەرگەریی چارەسەردەکرێن، ئەو ڕێژەیە لەمنداڵاندا بەهۆی نەخۆشیی گوێی ناوەڕاستەوە زیاترە.

**هەشت پارچەی بیستەر (سەمماعە)ی گوێ (Components of Heartil aid)**

بیستەر (سەمماعە)ی گوێ جۆری زۆرەو پارچەکانی بەچەند جۆرێک ڕێکخراوە، بەڵام هەموو جۆرەکانی لەشێوەو ئیشدا یەک ڕۆڵ دەبینن.

١- سویچی ئیشپێکردن: (O -T-M)

ئێم (M) واتە مایکرۆفۆن، تی (T) واتە (تێلی کۆیڵ: بۆ تێلیفۆن بەکاردێت)و ئۆ (O) واتە (off) واتە داخستن یا کوژاندنەوە

٢- وزەی باتریی بۆ ئەمپڵیفایەر: (Battery supplies power to mplifier)

ماوەی ٢٢٠- ٣٥٠ سەعات دەمێنێتەوەو تا قەبارەی باتری گەورەتر بێت باترییەکە زیاتر دەمێنێتەوە.

٣- مایکرۆفۆن بەهەموو ڕێڕەوێکدا (Onnidirectronal) توانای گۆڕینی وزەی دەنگی (Acoustic energy) بۆ وزەی کارەبایی (Electrical energy) هەیەو ئەو ڕێڕەوانەی مایکرۆفۆن لەلایەکی ترەوە زۆر هەستیارترن بۆ ئەو دەنگانەی کە لەهەموو گۆشەیەکەوە بۆی دێن.

٤- تی کۆیڵ (T-Coil)

توانای گۆڕینی وزەی موگناتیسی بۆ وزەی کارەبایی هەیە.

٥- ئەمپڵیفایەر (Amplifier) یا (Circuit)

توانای زیادکردنی هێزی نیشانەی کارەبایی هەیە، هەروەها دەتوانێت فیلتەری دەنگەکە بکاتو لەلایەن بیستەر (سەمماعە)ی گوێکەوە بیگۆڕێت بۆ ئەوەی بیستەر (سەمماعە)ی گوێیەکە بتوانێت دەنگەکان جیابکاتەوەو بەراوردیان بکات. دوو جۆر نیشانە لەئەمپڵیفایەرەوە دێن:

أ- نیشانەی ئەنالۆگ Analog Signal ASP (Processing: ) و

ب- نیشانەی دیجیتاڵ (DSP: Digital Signal Processing).

٦- بەرزو نزمکەرەوەی دەنگ (GainVolume)

کاتێک کەدەنگ دێت لەئەمپڵیفایەردا شیدەبێتەوەو لەهەموو بیستەر (سەمماعە) کانی گوێدا بەهۆی بەرزو نزمکەرەوەی دەنگەوە دەتوانرێت لەلایەن نەخۆشی گوێکزەوە دەنگ زیاد یا کز بکات.

٧- وەرگر (ریسیڤەر) (Receiver)

توانای گۆڕینی وزەی کارەبایی بۆ وزەی بیستن هەیە

٨- بەتەواوەتی لەناو کەناڵی گوێ: (C/C: Completely –in– canal)

٩- بیستەر (سەمماعە)ی گوێ بەچاوێلکەوە.

بیستەر (سەمماعە)ی گوێی کاتیی (Disposable Hearing Aid): لەسەفەردا بۆ ماوەیەک بەکاردەهێنرێتو پاشان فڕێدەدرێتو بەکەڵک نامێنێت.

# ”سروتی رۆژوگرتن لەسەرەتای ئیسلامدا لای موسوڵمانەکان هەر ئەو سروتە بووە کە لەپێش ئیسلامدا لەناویاندا باوبووە“

## ئازاد قەزاز بۆ دەستوور

**بەشی دووەم و کۆتایی**
**سازدانی: هەرێم عوسمان**

**ئازاد قەزاز نووسەرو رۆشنبیر لەبەشی دووەمی ئەم چاوپێکەوتنەدا رەخنە لەدیدی تەقلیدی دەگرێت لەبارەی رۆژووەو ئاشکراشیدەکات کەسروتی رۆژوگرتن تایبەت نییە بەئاینی ئیسلام، بەڵکو لەئاینەکانی دیکەو لەپێش ئیسلامیشدا هەر هەبووە.**

**دەستوور:** ئیسلامییەکان هەندێکجار قسەیان لەسەر سروتەکانیان کردووە لەگەڵ زانستی ئێستادا بەراوردیانکردووە؟ بەلای ئێوەوە ئەم بەراوردە چەندە قایلکارە، یان چەندە لەجێی خۆیدایە؟

**ئازاد قەزاز:** لەگوتاری ئیسلامیدا سەبارەت بەسروتی رۆژوگرتن، تێکەڵو پێکەڵییەک هەیە. لەلایەک بەشێوەیەکی کەهەنوتیانە باس لەو سروتەو لەرەمەزان دەکاتو لەلایەکیتریشەوە هەوڵدەدات ئەم سروتە بەزانستیانە لێکبداتەوە، کەگوایا ئەم رۆژووەی ئیسلام بۆ زۆرترین نەخۆشییەکانی جەستەی مرۆڤ باشەو سوودی هەیە. بۆ نمونە لەکاتێکدا کۆمەڵێک پزیشک لەکەناڵی ئاسمانی پارتێکی ئیسلامی سیاسی، رۆژووان ئامۆژگاری دەکەن بەوەی بەئامۆژگارییە تەندروستییە زانستییەکانەوە پابەندبن، تا رۆژوگرتن زیان بەجەستەیان نەگەیەنێتو سوودبەخش بێت، وەک ئەوەی چەوریو کێشی جەستەیان بەم رۆژووە کەمبکەنەوە، کەچی لەلایەکیترەوە واعزێک لەکاتی وانەی ئاینیدا بەگوێگرانی دەڵێ: کێ لەئێوە دوعای ئەوەی کردووە خودا لەرەمەزاندا گیانی بسپێرێ، تا بتوانێ لای پێغەمبەر رۆژووەکەی بشکێنێ. ئایا ئەم دژوارییە لەگوتاری

ئەم مرۆڤە نەخۆشبکەوێت، دەبێتە ئەرک بۆ دەوروبەریو بۆ سەر کۆمەڵگەش. ئەمە جگە لەوەی ئەو جەستەیە وەک پێویست، تەندروستانە راینـاگرێت، کەئەمەشیان پێچەوانەی مەرامی خودایە. ئەم خودایە کەجەستەی مرۆڤی بەشێوەیەک خوڵقاندبێو یاساکانیشی بەو پێیە خوڵقاندبێ، کە لەخزمەتی مرۆڤدا بێت، یان بەپێچەوانەشەوە بێت هەردەبێت، واتە جەستەی مرۆڤی بەگوێرەی یاساکانی گەردوون گوجاندبێت، چۆن کارکردن بەپێچەوانەی ئەو مەبەستە لەلایەن مرۆڤەوە، دژایەتیکردنی مەبەستی ئەو خودایە نییە! هەڵاوی دەمی رۆژووان دەبێت بۆ خودا چ خۆشییەکی تێدابێت! خودا چی بووێت، هەر بۆ مرۆڤ خۆیەتی، کەئەو هەڵاوە بۆ مرۆڤ خۆیو بۆ دەوروبەریشی ناخۆش بێت، ئیدی دەبێ چ حیکمەتێک بۆ ئەو بۆنە ناخۆشە بدۆزینەوە؟

هەتا گوتاری ئیسلامی لەرێگەی کەناڵەکانیانەوە، دروشمی وەک رەمەزان مانگی شاهانەیەو رەمەزان مانگی لێخۆشبوونە، کەس لەپەیامی (لعلکم تتقون) تێناگات، چونکە ئەو کەسە واتێدەگات هەر کە بەرۆژوبوو و ئاوی نەخواردەوەو نانیشی نەخوارد،

> نەک رۆژو، بەڵکو هەر ئاین خۆی بۆ ئەوە هاتووە، مرۆڤ فێری خۆپارێزی بکات، خۆپاراستنیش خۆدوورخستنەوەیە لەمردن یان درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤە، ئیتر ئەمجۆرە خیتابەی ئیسلامییەکان بۆ خۆپیرۆزکردنو داماوکردنی موسڵمانەکانو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی رۆحی نەبێت، دەبێ چیتر بێت

ئیسلامییەکاندا، هەق نییە چارەسەربکرێت؟!

نەک رۆژو، بەڵکو هەر ئاین خۆی بۆ ئەوە هاتووە، مرۆڤ فێری خۆپارێزی بکات. خۆپاراستنیش خۆدوورخستنەوەیە لەمردن یان درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤە، ئیتر ئەمجۆرە خیتابەی ئیسلامییەکان بۆ خۆپیرۆزکردنو داماوکردنی موسڵمانەکانو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی رۆحی نەبێت، دەبێ چیتر بێت!

هەتا گوتاری ئیسلامی بەخەڵکی بڵێ بۆنی دەمی رۆژووان لای خودا وا خۆشە، دەرگای بەهەشت وادەکرێتەوەو دەروازەکانی دۆزەخیش وادادەخرێنو شتیتری لەم جۆرە ئەفسانانە، ئەوا کەس گوێ بەرێنمایی تەندروستی نادات. هەر ئەمەیە بووەتە هۆی ئەوەی کەمامۆستایەکی ئاینی مۆڵەت بەکەسێکی نەخۆش دەدات تا بەرۆژو نەبێت یان رۆژووەکەی دوابخات، کەچی ئەم کەسە هەر بەرۆژو دەبێ. چونکە ئەو کەسە خۆی بەخۆی دەڵێت: من هەر دەمرم، ساڵێک زیاتر یان کەمتر بژیم، بۆ من چ جیاوازییەکی دەبێ، ئیتر بۆ لەو پاداشتە گەورانەش بێبەش بم. ئەم نەخۆشە فێری ئەوە نەکراوە کەئەگەر

ئیتر بەئۆتۆماتیکی لێخۆشبوونی خودای مسۆگەرکردووە. جگە لەوەی ئەم بۆچوونەی کەخودا لەرەمەزاندا لەخەڵک خۆشدەبێت، بۆچوونی خراپیشی لێدەکەوێتەوە، وەک ئەوەی خەڵکێک تەنیا لەرەمەزاندا خۆیان ماندوودەکەنو دوای ئەوە پاڵی لێدەدەنەوە. واتە گوتاری ئیسلامی، لەبری ئەوەی ئەوەندە جەخت لەسەر ئەو مافانە بکاتەوە کە لەنێوان خوداو مرۆڤدا بێت، با جەخت لەسەر ئەو مافانە بکاتەوە کە لەنێوان مرۆڤەکان خۆیاندا هەیەو هەموو رۆژێک هەزاران جار ئەو مافانە ژێرپێدەخرێن. ئیتر ئەو کەسە ناتوانێت بەو هەموو گەندەڵییەوە کە بەدەستی ئەو دەکەوێتەوە، بەرۆژوگرتنێک یان حەجکردنێک دڵی خۆشکاتو وا بزانێت بەو سروتە خۆی لەگوناهەکان، پاکدەکاتەوە.

- گوتاری ئیسلامی هەمیشە وا باس لەرۆژگرتنی رەمەزان دەکات، وەک ئەوەی رۆژگرتن هەر لەئیسلامدا هەیەو لەهاتنی ئیسلامەوە ئیتر مرۆڤایەتی رۆژگرتنی ناسیوەو فێربووە بەرۆژو بێت.

**دەستوور:** ئەی چۆنە؟ بۆچی لەپێش ئیسلامدا رۆژوگرتن هەبووە؟

**ئازاد قەزاز:** زانست ئەمرۆ باس لەوە دەکات کەسروتی خۆگرتنەوە لەخواردن ئەوەی کەئێمە بەکوردی پێیدەڵێین رۆژوگرتن، هێندەی سەرهەڵدانی ئاینەکان کۆنە، بەقەد زۆریی کۆمەڵگەو ئاینەکانیش رۆژووگرتن بەربڵاوە. قورئان لەئایەتی ١٨٣ تاوەکو١٨٧ لەسورەتی البقرە فەرمان بەرۆژوگرتن دەدا، ئایەتی١٨٣ «کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم..» ئاماژە بەوە دەدات کەپێشتر سروتی رۆژوگرتن هەر بووە. تەنانەت سروتی رۆژوگرتن لەسەرەتای ئیسلامدا لای موسوڵمانەکان هەر ئەو سروتە بووە کە لەپێش ئیسلامدا لەناویاندا باوبووە. کەچی قورئان بەدەقی ئەم ئایاتە١٨٧و ( کلوا واشربوا ...) ە ئەم سروتە لەسەر موسوڵمانەکان رێکترو ئاسانتردەکات. واتە ئەم رۆژوگرتنەی ئێستای ئیسلام مۆڵەتدانە بەو رۆژەگرتنە سەختەی کەپێشتر هەبووە، دەنا دەبوایە ئایەتەکە بەم شێوەیە بوایە لا تاکولواو لا تشربوا ...) ە لەبری (کلوا واشربوا). بڕوانە سەبەب نزولی ئەم ئایەتەو هۆکاری ئەم ئاسانکارییە، لەتەفسیرەکانی (ابن کثیر، الطبری و القرطبی) بەڕوونی ئاماژەی پێدراوە. لەوێدا ئەوە روونکراوەتەوە کەچۆن رۆژوی ئیسلام بەچەند قۆناخێک گەیشتووەتە ئەم رۆژووەی ئەمرۆ موسڵمانەکان دەیگرن. هەروەک لەپێشەوە وتمان بەهەڵەکردنو راستکردنەوە، ئەم سروتەش ئەم فۆرمەی ئەمرۆی وەرگرتووە، هەروەک ئایەتەکەش ئاماژە بەوە دەدات (کلوا واشربوا)....

لەم سەردەمەشدا زانست پشتگیری لەخۆگرتنەوە، واتە رۆژوگرتن دەکات. حیکمەتی سەرەکی یان مەبەستی مرۆڤ لەخۆگرتنەوە، لەهەندێ خواردن لەماوەیەکی دیاریکراودا یان خۆگرتنەوەیەکی تەواو لەهەموو خواردنو خواردنەوەیەک، ئەوەبووە کەمرۆڤ لەشی خۆی لەکۆمەڵێک ژەهر خاوێنبکاتەوە، کە بەدرێژایی ساڵ بەهۆی خواردنەوە لە لەشیدا کەڵەکەبوون. هەر بۆیەش دەبینین هەموو ئاینەکان هەر یەک بەجۆرێو بەمۆتیڤێک ئەم ئەرکەیان لەسەر شوێنکەوتووانیان فەرزکردووە.

**دەستوور:** ئەم گۆڕانکارییە لەرۆژوودا کەئێوە باسی لێوە دەکەن، چ لایەنێکی گرنگی لەخۆگرتووە؟

**ئازاد قەزاز:** ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کەجەخت لەسەر لایەنی غەیبیانیەتی رۆژوگرتنو مانگی رەمەزان نەکرێتەوە. واتە بەهای رۆژو، لەئاسمانەوە دابەزێنرێتە سەر زەوی، سوودی رۆژوگرتن بهێنرێتەوە لای جەستەو رۆحی مرۆڤ خۆی. لەبری پاداشتی وەک وەرگرتنی ژوورێک لەبەهەشتاو خواردنەوە لەئاوی کەوسەرو نۆشینی هەنگوین لەڕووباری هەنگوینی، بگوێزرێتەوە بۆ پاداشتی وەک تەندروستیو رزگارکردنی لەش لەو ژەهرەی کە بەدرێژایی ساڵ لە لەشدا کۆبووەتەوە. چونکە بیرکردنەوەی دروست لەجەستەی دروستدایە. باشە ئەمجۆرە ژیانە ئەوە نییە گشت ئاینێکی بۆ دامەزراوەو هەرئەوەش نییە کەخودا مەبەستیەتی! واتە جەخت لەوە بکرێتەوە کەخواستی خودا لەمرۆڤ، کردەوەی چاکە، ئیتر مرۆڤ لەدەرەنجامی ئەزموونی هەڵەکردنو راستکردنەوەی، بەرە بەرە باشەکانیش دەدۆزێتەوە. سروتەکانیش لەناو ئاینەکاندا وەک گشت ئەزموونەکانیتری مرۆڤ، هەر لەمجۆرە ئەزموونانەن. واتە پەیامی خودا، راستکردنەوەی رەفتارو بەدروستکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی پتەوە. وەک ئەوە وایە کەسەرچاوەی ئەم بوونەوەرە گەمەیەکی خوڵقاندووەو یاساکانی ئەو گەمەیەشی دامەزراندووەو ئیدی گەمەکەو یاساکانی داوەتەوە دەست خۆمانو خۆمان ئاراستەی گەمەکە دیارییبکەینو خۆشمان لەم کارە بەرپرسبین.

ئێمە بەپێویستمانزانی ئەم خۆگرتنەوەیە تەنیا ئەوە نەبێت کە لەماوەیەکدا بەتەواوی دەمی خۆت بگریتو دوای ئەوەش بەتەواوی دەمی خۆت ئازادبکەیت، بەڵکو هەموو مانگەکە بەشێوەیەک لەشێوەکان، پەیامو رۆحی ئەو خۆگرتنەوەیە ئامادەبێت. ئێمە وەک کۆمەڵگەیەکی گۆشتخۆرو برنجخۆر، پێویستمان بەجۆرێک لەرۆژوگرتن دەبێت کە لەساڵێکدا، بۆ ماوەیەک خۆمان لەخواردنی گۆشتو برنج بگێڕینەوە، بۆیە پێویستە لەو مانگەدا بەزۆری تەرکیز بخرێتە سەر سەوزەو میوەو گۆشتی ماسی. سەرەڕای ئەوەی ئێمە لەو بڕوایەداین کە لەبری پێوەری خۆرهەڵاتنو خۆرئاوابوون، پێوەری کات دابنێین بۆ رۆژوگرتن، واتە لەکاتژمێری ئەوەندەوە بۆ کاتژمێری ئەوەندە رۆژوبگرین، تا لەگشت جیهاندا مرۆڤ بتوانێت وەک یەک بەرۆژوبێت. دیاریکردنی رۆژو بەکات، لەو جیاوازیەی خۆرهەڵاتو خۆرئاوابوونەی وڵاتانو کیشوەرەکان قوتارمان دەکات.

**دەستوور:** لە چ گۆشەنیگایەکەوە ئێوە دەتوانن گۆڕانکاری لەوەها سروتێکدا بکەن کە بەدرێژایی چەندان سەدە ریشەی خۆی لەناو موسڵماناندا داکوتیوە، موسوڵمانان نایەنەوێ گۆڕانکاری تێدابکەن، چونکە پێیانوایە کەسروتەکان لەلایەن زاتێکەوە نێردراوە نەگۆڕەو فەرمانەکانیشی نابێ بگۆڕێن؟

**ئازاد قەزاز:** هەموو مرۆڤێک ئارەزووی ئەوەی هەیە، هەر بیروباوەڕێک کەخۆی هەڵیگرتووە، لەهەموو ئەوانیتر جوانترو راستتر بێت. ئەم حەزەش رەوایەو لەجێی خۆیدایە، ئەگەر لەپێناوی بەرژەوەندیی مرۆڤدا بێت، بەڵام مرۆڤ زۆرجار ناتوانێ کەموکورییەک کە بەتێپەڕبوونی کات لەپەیڕەویکردنی بیروباوەڕەکەیدا دروستدەبێت، ببینێو دانیپێدا بنێت. بەدەگمەن کەسانێک پەیدادەبن، پێ بەجەرگی خۆیاندا بنێنو کەموکورتییەکانی خۆیان دەستنیشانبکەنو گۆڕان لەخۆیانو بیروباوەڕو ئەو بۆچوونەش کەهەڵیانگرتووە، دروستبکەن. بەم شێوەیە هەر سەردەمێک، تێپەڕدەبێتو بەپێی زیادبوونی پێویستییەکانی مرۆڤ، گۆڕانو داهێنان لەو بیروباوەڕەدا دەبێت روودبات، دەنا مرۆڤ پەکیدەکەوێتو شارستانی شکستدەهێنێت. هەر ئەم دۆخەی مرۆڤە، وایکردووە لەناو ئاینەکاندا چەندان رێبازو بیروبۆچوونو لێکدانەوەی جیاوازو هەندێجار دژ بەیەکیش، سەرهەڵبدات.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەهەرکاتێ مرۆڤ گۆڕانێک بەگرنگ دەبینێت، پێویست بەوە بکات هەموو ئەو تەفسیرو لێکدانەوانەیتر کە لەو نێوەندەدا دروستبوون، بخاتە لاوەو وردو درشتی ئەوەی پێشوو بسڕێتەوەو هیچی بەسەر هیچەوە نەهێڵێت. نەخێر، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بۆ سەرچاوەی دروستبوونی ئەو بیروباوەڕە بگەڕێیتەوەو لەوێوە بەرەو سەردەمی خۆت بێیتەوەو پێویستیو کێشەکانی مرۆڤگەلی ئەو سەردەمە، لەسیستمێکی نوێدا دامەزرێنیتەوە. ئەوەی پێشوو ئەزموونێکە ناشێت فەرامۆشبکرێت، وەلێ ئەو ئەزموونەش نابێت رێگە لەئەزموونی نوێ بگرێت. واتە کەرەستە سەرەتاییەکانی پێشوو، لەفۆرمێکی تردا بەکاردەهێنرێتەوە کە لەبەرژەوەندیی راستەقینەی مرۆڤەکاندا بوەستێتەوە. لەم گۆشەنیگایەوە رۆژوگرتنی مانگی رەمەزان، کە بەڕای ئێمە هەنووکە پێوستی بەگۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا ئەزموونێکی دێرینی مرۆڤایەتییەو ناتوانین نکوڵی لێبکەین. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کاتێ کەباس لەگۆڕان دەکەین، دیارە هەست بەکێشەیەک دەکەینو لەوانەشە لەزۆر کەسەوە ئەو کێشەیە



دیارنەبێت، وەلێ سنگی فراوانو ئەقڵی کراوە، ئامادەیە گوێ لەبەڵگەکان بگرێت.

ئیدی لێرەوە مانای تێرمو چەمکەکان گۆڕانیان بەسەردادێن، پەیامەکانو ئامانجەکان وەک خۆیان دەمێننەوە، بەڵام هۆکارو ئالیەتەکان دەگۆڕێن. رۆژوگرتنیش یەکێکە لەو چەمکانەی کەمیکانزمێکە بۆ ئامانجێکو پەیامێکیش لەخۆی دەگرێت. رۆژو، خۆگرتنەوەیە کەوەک پرەنسیپ، پێویستییەکی رۆحیو جەستەییە بۆ مرۆڤ، بەڵام شێوەو فۆرمی ئەو خۆگرتنەوەیە، پێویستە لەگەڵ سەردەمو رادەی بیرکردنەوەو گۆڕانی زانستو ئەرکەکانی مرۆڤدا بگونجێندرێ، تا بتوانرێ ئەو ئامانجەی لێی چاوەڕێدەکرێ، وەدیبهێنرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا سروت خۆی لەخۆیدا وەک سروتزانی (علم الگقوس) ئاماژەی پێدەدات رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەکۆکردنەوەی مرۆڤەکانو لەوێوە دەکرێ پێکەوە کاری بەکۆمەڵی سوودبەخش ئەنجامبدەنو لایەنی رۆحیی خۆشیان پاراوبکەن. بۆیە بەڕای ئێمە دەکرێ ئەو شێوەو فۆرمەی کە لەرۆژوگرتنی مانگی رەمەزاندا لەقورئاندا جێگیربووە، بگۆڕێ بەشێوەو فۆرمێکیتر کەبۆ ئەم سەردەمە بگونجێو بۆ ئەمەش ئەرگومێنتی خۆمان لێرەدا تارادەیەک خستەڕوو. وەلێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئێمە بۆ ئەم خۆگرتنەوەیە، لەشەریعەتی ئیسلامەوە شەرعیەت وەربگرین. نەخێر، ئێمە بۆخۆمان سەربەخۆ بیردەکەینەوەو شەرعیەت نە لەئیسلامو نە لەقورئانەوە وەردەگرین، بەڵکو تەنیا خودی پەیامی رۆژوگرتن وەک ئەزموونێکی مرۆڤایەتی، شەرعیەت بەئێمە دەدات تا ئێمە بەم چەشنە بیربکەینەوە. واتە چۆن قورئان خۆی ئەزموونی مرۆڤایەتیو دیاردەکانی سروشتو رووداوەکانی مێژووی کردووەتە پێوەرو بنەما بۆ بوونی خۆی، ئاوا ئێمەش دەچینەوە سەر بنەما رەسەنەکانی گەردوونو مێژوو، بۆ شەرعیەت وەرگرتن لەدامەزراندنی بۆچوونەکانماندا.

مێژووی رۆژوگرتنی مرۆڤ بەدرێژایی دەیان هەزار ساڵو لایەنگیریکردنی ئەمرۆکەی زانستی بۆ رۆژویەکی تەندروست، بۆ ئێمە دەبێتە شەرعیەت تا ئەم بڕیارە بدەین، نەک دەقێک. گومانیشمان لەوەدا نییە کەئەم کارە چاکە لەم سەردەمەدا، هەر دەبێت خواستێک بێت لەخواستەکانی خودا.

# کۆبوونەوەکانی پارتیو یەکێتی،ئۆپۆزیسیۆن نیگەراندەکات

## لایەنە کوردییەکانی نێو ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان دەڵێن کۆبوونەوەکانی پشت ئیئتیلافەکەیان، گومانی لادروستکردوون سەبارەت بە بەڵێنەکانی پارتیو یەکێتی

کاروخ نامیقو گۆران وەهاب

کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی لەپشت ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکانەوە بۆڵەبۆڵو نیگەرانی لای لایەنەکانی تری نێو ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان دروستکردووە، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت ئەو جۆرە کۆبوونەوانە زیان بەکورد دەگەیەنێت.

لەماوەکانی رابردوودا سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی بەجیا لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا چەند کۆبوونەوەو دانوستاندنێکیان ئەنجامدا لەچوارچێوەی پێکهێنانی حکومەتدا، بەبێ ئاگاداری ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، بەڵام ئەو کۆبوونەوانە نیگەرانی لای لایەنەکانی تر دروستکردووە.

دیندار نەجمان دۆسکی ئەندامی لیستی یەکگرتوو لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، دەڵێت وەکو یەکگرتوو و کۆمەڵ نیگەرانی خۆیان لەو کۆبوونەوانەی یەکێتیو پارتیو سەرۆکایەتی هەرێم دەربڕیوە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، "بەڵام ئەوان پێیانڕاگەیاندووین کەئەو کۆبوونەوانە شەخسی بوونو پەیوەندییان بەکۆبوونەوەکانی ئیئتیلافە کوردستانییەکانەوە نەبووە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا".

دۆسکی وتی "ئاگادارین ئەو کۆبوونەوانەش پەیوەندیان بەکێشەی پێکهێنانی حکومەتەوە هەبووە، بۆیە ئەگەر هەر کۆبوونەوەیەک کەئەوان بیکەنو پەیوەندی بەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە هەبێت، ئەوە کارێکی ڕەوا نییە، چونکە ئێمە لەسەر پەیڕەوی ئیئتیلافەکە ڕێککەوتووین کەبڕیارەکان پێکەوە بدەینو هەموو لایەنەکانی ناو ئیئتیلافەکە ئاگادارین".

لەدوای راگەیاندنەکانی ئەنجامی هەڵبژاردنی ٣/٧دا لیستە کوردییەکان ئیئتیلافێکیان پێکهێنا بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی بەغداد، بەپێی ئەو خاڵانەی کە لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەو ئیئتیلافەدا هاتووە، لایەنە کوردییەکان یەکگرتوو دەبن لەچۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتو بەشداریکردن یان ڕەتکردنەوەی.

دۆسکی وتی "هەر ڕێککەوتنێک بکرێت، دەبێت ئیئتیلافەکەو پەرلەمانی کوردستانیش لەسەری رازیبن".

سەبارەت بەو کۆبوونەوانەی لەدەرەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەکرێت، مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی، بەدەستووری وت "شتەکانمان زۆر ڕێکوپێک نییە، لەبەرئەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنەکان هەیە، بۆیە کارێکی باش نییە، ئەو کۆبوونەوە لابەلایانەی دەکرێت زۆر سوود بەخش نین، چونکە یەکێک لەگەڵ ئیئتیلاف کۆدەبێتەوە دواتر یەکێکیتر لەولاوە بەناوی کوردەوە کۆبوونەوەیتر دەکات، کارێکی زۆر خراپە".

بەڕای مەحمود عوسمان باشتروایە ئەو کۆبوونەوانەی لابەلا دەکرێن، کەمبکرێنەوە یان ئەو کۆبوونەوانە نوێنەری شاندی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی تێدابێت، بۆ ئەوەی ئاگادار بێت بزانێت چی دەکرێت.

هەروەها وتی "ئەو کۆبوونەوانە بۆڵەبۆڵو گلەیی زۆری لەنێو شاندی دانوستانکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروستکردووەو زیانی زۆری لێداوین".

بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی کوردو پێگەی کورد لەپێکهێنانی حکومەت لاوازترە بە بەراورد بەساڵی ٢٠٠٥، بۆیە داوادەکرێت کورد بەیەکگرتوویی مامەڵە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا بکات لەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەتدا.

لەماوەکانی رابردوودا بەبێ ئامادەبوونی شاندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، هەریەکە لەتاڵەبانیو بارزانیو د. ڕۆژ نوری شاوەیس چەندین کۆبوونەوەیان لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت ئەنجامداوە، لایەنەکانی تری نێو شاندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەڵێن ڕەتی هەر ڕێککەوتنێک دەکەینەوە بەبێ ئاگاداری ئەوان بکرێت.

دۆسکی وتیشی "ئەوان ئازادن بانگهێشتی کەسایەتییە عێراقییەکان بکەنو لەگەڵیاندا کۆببنەوە، بەڵام هەر ڕێککەوتنێک بکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، وەکو ئیئتلافە کودستانییەکان هەڵوێستمان دەبێت، دەبێت هەموومان لەسەری ڕێکبکەوین نەک لایەنێکی ناو ئیئتیلافەکە".

سەردار عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری لیستی گۆڕانو ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، دەڵێت هەر ڕێککەوتنێک بکرێت لەچوارچێوەی ئەو کۆبوونەوانەی سەرکردەکانی یەکێتیو پارتی بەبێ ئاگاداری ئیئتیلافەکە، ئەوا هەڵوێستان دەبێت.

فەرهاد ڕەسوڵ گوروون پەرلەمانتار لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، پێیوایە هەموو کۆبوونەوەیەک مەرج نییە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان تێیدا بەشداربن، ئەو کۆبوونەوانەی سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی بەئاسایی وەسفکرد، وتی "مەرج نییە ئەو کۆبوونەوانەش پەراوێزخستنی لایەنەکان بێت".

هەروەها وتی "خۆناکرێت ئیتر پارتیو یەکێتی کۆبوونەوە نەکەن، بەهیچ شێوەیەک ئەگەر ئیئتیلاف تێیدا بەشدارنەبێت".



مەحمود عوسمان: پێویستە کۆبوونەوە لابەلاکان کەمبکرێنەوە

# ئێران دەیەوێت بەرەی شەڕی بەرانبەر خۆرئاوا فراوانبکات

## *ئەحمەدی نەژاد دەیەوێت لوبنانو سوریا بهێنێتە مەیدانی شەڕەکەوە دژ بەئیسرائیل

ئا: ئازاد ڕەحمانی

مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری ئێران ڕایگەیاندووە کەئیسرائیلو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لانیکەم هێرشی سەربازی دەکەنە سەر دوو وڵاتی ناوچەکە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کەسەرۆک کۆماری ئێران بۆچی باس لەدوو وڵات دەکات؟ پێدەچێ مەبەستی ئەحمەدی نەژاد دوو وڵاتی لوبنانو سووریا بێ.

حیزبوڵڵای لوبنان خۆی بە ٥٠ هەزار ڕۆکێتی مووشەکی چەکدارکردووەو ئەم بابەتەی ئاشکراکردووە کە لەبارودۆخێکدایە کەپێدەچێ دەست بۆ چەک بەرێتو دەستپێکەری شەڕ بێ. شەڕ لەم ئاستەدا بەزووترین کات سووریاش دەگرێتەوەو ئەم مەسەلەش بەمانای بانگهێشتکردنی ئێران بۆ دەستوەردان لەبارودۆخەکەو پشتگیری لەوڵاتانی دۆستو هاوڕێیە.

بیرۆکەی بەشداری ئیسرائیل لەشەڕێکی تازە لەباکووری ئەو وڵاتە هەڵەیەکی سیاسییە. بەڵام بانگەشە دەربارەی هێرشێکی نوێ مەسەلەیەکی جدییە لەناوچەکە. لەمانگی مەی ١٩٦٧ سۆڤیەت بەمیسری وت کەئیسرائیل خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ هێرشکردنە سەر سوریا. ئەم ئاگادارکردنەوە بێ بنەمایە چەندین مەسەلەی وەک جۆشدانانی وڵاتانی عەرەبیو گەمارۆدانی باشووری ئیسرائیلو واژۆکردنی بەپەلەی پەیمانی سەربازی لەنێوان عەرەبەکانو سەرەنجام شەڕی ٦ ڕۆژەی لێکەوتەوە.

هیچ بەڵگەیەک لەسەر ڕاستبوونی ئەم قسانەی ئەحمەدی نەژاد لەبەردەستدا نییە، کەواتە مەبەستی سەرۆک کۆماری ئێران لەم قسانە چییە؟

ئەم قسانە نیشانەیە بۆ ئەوەی کەئێران لەژێر فشاری توندایە، پەسەندکردنی ئابڵۆقە لاوازەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئابڵۆقە یەکلایەنەکانی کەنەدا، ئەمریکاو یەکێتی ئەورووپاشی بەشوێن خۆیدا هێنا.

لەلایەکیترەوە ئێستا وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بەدواکارییەکانیان لەئەمریکا بۆ لێدانی سەربازیی ئێران ناشارنەوەو ماوەیەک لەمەوبەر باڵیۆزی ئیمارات لەئەمریکا بەڕوونی لەمبارەوە قسەی کرد. پێش جەنگی کەنداو لە ١٩٩١ باس لەوەدەکرا کە بەتەنها دوو گرووپی وەزیری بەرگری ئیسرائیلو هاوبیرانی لەئەمریکا داوایان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووە کە بەزەبری چەک کوێت ئازاد بکرێ، تۆمەتێکی بێ بنەما بوو لەبەر ئەوەی کەئەمریکاو زیاتر لە ٣٠ وڵاتی جیهان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لەدەوەری یەک کۆبوونەوەو بەرەو ئەم شەڕە هەنگاویان هەڵێنا. ئێستا دوای ٢٠ ساڵ بۆ جارێکیتر سیناریۆیەکی هاوشێوە لەئارادایە، تۆمەتێکی لەوشێوەی کە باس لەخواستی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکات، کەچی وڵاتانی عەرەبی بەئاشکرا باس لەترسی وڵاتانی عەرەبی لەدرێژەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەنو نیگەرانی لەپرسی ئەتۆمی ئێران تەنیا ئەمریکا ناگرێتەوەو بەڵکو وڵاتانی عەرەبیش لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆکن.

هەروەها حکومەتی ئێران هەستی بەم مەسەلە کردووە کەئەمریکا لەجاران سوورترەو بەباشی لەو لێدوانەی مایکڵ هایدن تێدەگەن، کەوتی کەڵکوەرگرتن لەتوانا سەربازییەکانی دەرەنجامێکی باشتری دەبێ لەئەلتەرناتیڤەکانی دیکە. ئێران بۆی ئاشکرابووە کەتەحەمولی ئۆباماش ڕادەیەکی هەیەو درێژەی ئەم بارودۆخە بەقازانجی تاران نییە.

سەرجەمی ئەم فشارانە بەسە بۆ ئەوەی کەدەنگی ناسەقامگیری لەناوخۆی ئێرانو مەشرووعییەتی لەرزۆک بەرزبێتەوە. لەم ڕوانگەوەیە کەئەحمەدی نەژاد باس لەهێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر دوو وڵات دەکات. ئەم ئاگادارکردنەوە لەواقعییەتو ڕاستییەکانەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو ئاگادارکردنەوەی جیهانە لەنیشاندانی تواناییەکانی ئێران بۆ هەڵگیرسانی ئاژاوە لەڕێگەی حیزبوڵڵاو حکومەتی سووریاوە.

ئەمە تاکتیکێکی سیاسەتی نێودەوڵەتییە کە لەڕێگەی دروستکردنی فشارەوە ئیمتیاز بەدەست بێو ئێستا ئێران کەڵک لەم تاکتیکە وەردەگرێ.

***کورتکراوەی ڕاپۆرتێکی شیکاگۆ تریبون**



ئەحمەدی نەژاد دەوێت لەتاکتیکێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئمتیاز بەدەستبهێنێت

بەئارگیومێنتی سەرەکیو ئەسڵیی خۆیانی دەزانن کاتێک باس لەپێویستی قەدەغەکردنی لەشفرۆشی دەکەن، ئەوەیە کە لەشفرۆشی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئایدز. قسەکردن لەگرنگیی قەدەغەکردنی لەشفرۆشیی بۆ کەمکردنەوەی ئایدز، ئەگەر لەلایەن کادیرێکی تەندروستییەوە وەک دەستنیشانکردنی یەکێک لەهۆکارەکانی گواستنەوەی ڤایرۆسی ئایدز باسبکرێت، من هیچ لارییەکم لێی نییە بەمەرجێک بەناوی پاراستنی ئادابی کۆمەڵایەتییەوە نەبێت، هەروەها لەپاڵ ناوهێنانی لەشفرۆشی وەک هۆکارێک بۆ بڵاوبوونەوەی ئایدز، ناوی سێکس بەگشتیو ناوی خوێنبەخشینو شیرپێدانی منداڵو سرنجی پیسبووش بهێنرێت.

ئارگیومێنتی قەدەغەکردنی لەشفرۆشی بۆ کەمکردنەوەی ئایدز ئارگیومێنتی زۆرێک لەچالاکوانی بواری مافەکانی ژنانیش بوو. من پێموایە ئەوان بەم کارەیان لەجیاتی ئەوەی کار بۆ مەسەلەی ژنان بکەن، ئەرکی وەزارەتی تەندروستییان گرتووەتە ئەستۆی خۆیانو وەک کادرێکی بەشی ویقائی ئەو وەزارەتە لەمەسەلەکە دەڕوانن. ئەوان کەدەرچوونی بڕیاری قەلاچۆکردنی لەشفرۆشی لەو پێناوەدا بەگرنگ دەزانن کەبەر بەبڵاوبوونەوەی ئایدز دەگرێت، بەمە ئامانجی خۆیانیان وەک خەباتکار بۆ مافەکانی ژنان بیردەچێتەوەو وەک ئەو کادرە تەندروستییانە دێنە قسە کەبڕیاری قەلاچۆکردنی مێشوولەی ئەنۆفلسیش بەمیتۆدێکی گرنگ دەزانن بۆ بەرگرتن لەبڵاوبوونەوەی مەلاریا.

ئێمە دەبێت بزانین لەکوێوەیە دژی لەشفرۆشیین، یان ڕاستتر بڵێم، لەکوێوە دەبێت دژی لەشفرۆشی بین. ئەگەرنا ئەوا وەک بینیمان، بۆی هەیە جارێک بکەوینە داکۆکی لەڕوانگەی دژەژنانەی هێزە کۆنسەرڤاتیڤەکانی ناو کۆمەڵگەو کار بۆ سزادانی قوربانییانی لەشفرۆشی بکەینو جارێکیش ئەرکی خۆمانمان بۆ فریاکەوتنی قوربانییەکانی لەشفرۆشی بیربچێتەوەو لەبری ئەوە دەست بدەینە هەڵمەتێک بۆ قەلاچۆکردنی نەخۆشیی ئایدز لەکوردستاندا.

ئینسان بۆ فرۆشتن

ئێمە دەبێت تەنیاو تەنیا لەبەر تاکە یەک هۆکار دژ بەدیاردەی لەشفرۆشی بین، ئەویش ئەوەیە کە لەشفرۆشی جۆرێکە لەکڕینو فرۆشتن بەئینسانەوەو دیاریشە ساتوسەودا بەئینسانەوە لێدانە لەبەهای جەوهەریی ئینسانو کردنێتی بەکاڵا. بێجگە لەئارگیومێنتکردن لەم ڕوانگە هیومانیستییەوە، هەر ئارگیومێنتێکی تر بۆ زەرورەتی قەدەغەکردنی دیاردەی لەشفرۆشی، مەبەستی تری لەپشتەو ئارگیومێنتێک نییە بۆ داکۆکی لەئینسانییەتی کەسی لەشفرۆشو هەوڵێک نییە بۆ پێداگریی لەسەر ئەوەی کەئینسان زۆر لەوە بەنرخترە مومکین بێت کڕینوفرۆشتنی پێوەبکرێت.

لێرەوەیە کەدەبێت لەشفرۆشی لەچوارچێوەی دژایەتیکردنی دیاردەیەکی گەورەتردا دژایەتی بکرێت کەدیاردەی بازرگانیکردن بەئینسانەوەیە. ئەم دیاردەیەش هەر تەنیا لەشفرۆشی ناگرێتەوە، بەڵکو چەندان دیاردەیتر دەگرێتەوە کەهەموویان ئینسان وەک کاڵایەک سەیردەکەن، کەوەک هەر کاڵایەکیتر بکرێت پارەت بۆ بکات یان پارەت بۆ پەیدابکات. نموونەی تری بازرگانیکردن بەئینسانەوە دەکرێت کڕینوفرۆشتنی گورچیلەو ئەندامی تری لەشی ئینسان، یان شیربایی، یان هەبوونی کۆیلە، یان فرۆشتنی منداڵ، یان سواڵکردن بەمنداڵو پیرو پەککەوتەوە بێت.

پێویستە بڵێین کەئەوە ڕاست نییە کەدەوترێت دنیای هاوچەرخ لەپێناو پاراستنی ئەخلاقی لاوانو لەپێناو پاراستنی ژنان لەتوندوتیژیو لەپێناو بەرگرتن لەئایدز قەدەغەی لەشفرۆشی دەکات، بەڵکو لەدنیای هاوچەرخدا لەشفرۆشی تەنیا لەسەر ئەوەی کەبازرگانییە بەئینسانەوە قەدەغەکراوە. هەر ئەم هۆکارەش بوو کەنەتەوە یەکگرتووەکان کردییە خاڵی دەستپێکردنی خۆیو لەساڵی ٢٠٠٠دا پەیماننامەی پالێرمۆی بۆ قەدەغەکردنی بازرگانیی بەئینسانەوەی دەکردو لەشفرۆشیی وەک نموونەیەکی ئەو بازرگانییە مامەڵە کرد.

**ئایا پێویست دەکات یاسایەکمان بۆ قەدەغەکردنی لەشفرۆشی هەبێت؟**

وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە نەخێرە. مادامێک لەشفرۆشی تەنیا جۆرێکە لەبازرگانییکردن بەئینسانەوە، کەواتە دروستترە هەر بەگشتیی بازرگانییکردن بەئینسانەوە بەیاسا قەدەغەبکەینو سزای بۆ ببڕینەوە. تەنانەت بۆ ئەمەش من زەرووەرەتێک بۆ ئەوە نابینم یاسایەکی سەربەخۆمان بۆ قەدەغەکردنی بازرگانییکردن بەئینسانەوە هەبێت. هەر ئەوەندە کافییە ئەم قەدەغەکردنە بکەینە ماددەیەکی یاسای سزادانو هیچیتر.

خاڵێکی گرنگ کەدەبێت لێرەدا بوترێت ئەوەیە کەچالاکوانی بواری مافەکانی ژنانو هەموو خەڵکی مۆدێرنی ناو کۆمەڵگەی ئێمە دەبێت دژ بەو خواستەی کۆمەڵی ئیسلامیو هێزە کۆنسەرڤاتیڤەکانی تری ناو کۆمەڵگەی کوردی بوەستنەوە، کەدەیانەوێت سزا بۆ ئەو ژنانە ببڕێتەوە کە لەشفرۆشی دەکەن یان لەشفرۆشییان پێوە دەکرێت. ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن یان لەشفرۆشییان پێوە دەکرێت، خۆیان قوربانینو سزادانیان حوکمێکی قەرەقوشییانە دەبێت. هەرکەسێک گومانی لەمە هەیە با پرسیارێکی سادەی وا لەخۆی بکات، کەئایا چی ئینسانێک هەیە بەحەزی خۆی ئامادەبێت هەموو ڕێزو ئیعتیباری کۆمەڵایەتیی خۆی بخاتە لاوەو دەستبداتە لەشفرۆشی، ئەمە بەتایبەت لەکۆمەڵگەیەکی کۆنسەرڤاتیڤی وەک کۆمەڵگای کوردیدا کەسێکسواڵیتیی تاکەکان یەکەمو گەورەترین پێودانگە بۆ پێوانەکردنی ئیعتیباری کۆمەڵایەتیی ئینسان. ئەگەر کەسێک ئەوە بزانێت کەکەسی لەشفرۆش لەژێر چی هەولومەرجێکی نائینسانییدا کاری لەشفرۆشی دەکات یان پێیدەکرێتو چەندە نارەحەتە هەم بۆ لەدەستدانی سەنگو ئیعتیباری خۆی لەکۆمەڵگەداو هەمیش بۆ لەدەستدانی ڕێزی خۆی بۆ خۆی، ئەوکاتە دەزانێت کە لەشفرۆشیی پیشەیەک نییە هیچ کەسێک بەحەزی خۆیو بۆ چێژبینین دەستی بداتێ. کەسی لەشفرۆش قوربانییەو مافی بەسەر کۆمەڵگاوە هەیە یارمەتیبدات، تا لەو دۆخە دەرچێتو بێتەوە ناو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە. ئەمەش بەسزادانی نابێت، بەڵکو بەدەستگرتنی دەبێت تا بتوانێت گەشەیەکی وا بکات کەئیتر لەکۆمەڵگەدا بەبێ لەشفرۆشی ئیدارەی خۆی بداتو ژیانێکی پڕ کەرامەت بژی.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کەئەگەر کۆمەڵگەیەک لەسۆنگەیەکی ئەخلاقییەوە دژبەلەشفرۆشی بێت، ئەوا بەئیحتیمالی زۆر یارمەتیی لەشفرۆش لەوەدا دەبینێت کە لەبنکەیەکی "چاکسازیی"دا دایبنێتو بەوەعزی ئەخلاقیو هەوڵی قەبیحکردنی چوونەدەرەوەی ژنان بۆ ناو کۆمەڵگە لەلای، تەواو تێکیبشکێنێتو "عاقڵ"ی بکات. وشەی "شیاندن" کەکۆمەڵی ئیسلامی پێشنیازیدەکات، بۆ یاسا کۆنەکە زیادبکرێت، زرنگانەوەیەکی لەم چەشنەی لەگوێی کەسانێکدا هەیە کەدەزانن حیزبی لەو چەشنە لەوەعزو نەسیحەتی ئاینیی بترازێت، هیچ میتۆدێکیتر نازانن بۆ یارمەتییدانی کەسانێک کەپێویستیان بەخۆگرتنەوەیە لەژیانی کۆمەڵایەتییاندا.

**کێ دەبێت سزا بدرێت؟**

مادامێک ڕەخنەی ئێمە لە لەشفرۆشیی تەنیا لەوێوەیە کەبازرگانییکردنە بەئینسانەوە، کەواتە دەبێت ئەو باندانە یان ئەو کەسانە سزا بدرێن کەکەسی لەشفرۆش وەک کاڵا مامەڵەدەکەنو قازانجی بۆ خۆیان پێ بەدەستدێنن.

ناکرێت لەپرۆسەیەکی وادا داوای سزا بۆ کەسی لەشفرۆش بکەین لەکاتێکدا کەسی لەشفرۆش لەپرۆسەیەکی ئاوا کڕینوفرۆشتندا هەر تەنیا قوربانییەکە کەئینسانییەتی موجەرەدکراوەتەوە بۆ کاڵایەکو بۆ کەرەستەیەک بۆ بەدەستهێنانی قازانجی مادی. کەسی لەشفرۆش تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کەهەر خۆیەتیو هیچ باندێک یان دەڵاڵێکی لەپشتەوە نییە، دیسانەوە نابێت سزابدرێت، چونکە بەپێچەوانەی دەڵاڵەوە کەهەر تەنیا بۆ قازانجی مادی دەستدەداتە کارێکی وا، ئەم زەرووڕەتێکی تر پێیدەکاتو بەناچاری دەستدەداتە کارێک کە بەهیچ شێوەیەک خۆی پێیخۆش نییە بیکات. بۆ ڕێگەگرتن لەکەسی لەشفرۆش سزادانی چارەسەر نییە، بەڵکو ئەم دەبێت یارمەتیی بدرێت کەنەکەوێتە دۆخێکی واوە (یان لەو دۆخە دەرچێت) کەدەیکاتە نێچیرێکی ئاسانی بەردەستی چاوچنۆکی ئەو بازرگانانەی کەفرۆشتنی ئینسانیان کردووەتە سەرچاوەی داهاتی خۆیان.

شانبەشانی ئەوەی کەدەسەڵاتداران دەبێت یارمەتیی لەشفرۆشان بدەن تا بتوانن بەدیلیتر بۆ خۆژیاندن بدۆزنەوە، دەکرێت هاوکات کاربکرێت بۆ نەهێشتنی بازاڕێک بۆ سێکس وەک سەرچاوەیەک بۆ داهاتو پارەپەیداکردن. لەم پێناوەدا، لەپاڵ سزادانی دەڵاڵو باندەکانەوە، دەکرێت ئەوەش بکرێت کەکڕینی سێکس بەیاسا قەدەغەبکرێتو هەر کەسێک سێکس بکڕێت سزابدرێت. بەمانایەکیتر، ئێمە پێویستمان بەیاسایەک نییە بۆ قەدەغەکردنی لەشفرۆشی، بەڵکو لەپاڵ قەدەغەکردنی بازگانییکردن بەئینسانەوە، پێویستمان بەیاسایەکە بۆ قەدەغەکردنو سزاباركردنی کڕینی سێکس.

لەکۆتاییدا گرنگە ئەوە بڵێین کەسزادانی دەڵاڵو کڕیاری سێکس دەبێت تەنیاو تەنیا لەسەر ئەوە بێت کە لەپرۆسەیەکدا بەشدارن کەتیایدا کڕینوفرۆشتن بەئینسانەوە دەکرێت، نەک لەژێر ناوی پاراستنی ئادابو ئەخلاقی کۆمەڵگەدا. کۆمەڵگەیەک کەپاراستنی ئادابو ئەخلاقی کۆمەڵگە دەکاتە تەبریر بۆ وجوبی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی لەشفرۆشی، کۆمەڵگەیەکە کەلادان لەتابۆکانی سەر سێکسی بەلاوە زۆر کارەساتترە لەبازرگانییکردن بەئینسانەوە. لێرەوەیە کەئێمەی داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان دەبێت بەئاگا بینو لەڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی لەشفرۆشییدا نەکەوینە سەنگەرێکی هاوبەشەوە لەگەڵ هێزە کۆنسەرڤاتیڤەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا. ئەگینا بێئەوەی خۆمان بزانین ئێمەش کارەساتی بازرگانییکردن بەئینسانەوەمان بیردەچێتەوەو هەموو پێکەوە دەکەوینەکار لەپێناو بەسزاگەیاندنی قوربانییدا.

rozahusein@yahoo.com

ئێمە دەبێت تەنیاو تەنیا لەبەر تاکە یەک هۆکار دژ بەدیاردەی لەشفرۆشی بین، ئەویش ئەوەیە کە لەشفرۆشی جۆرێکە لەکڕینو فرۆشتن بەئینسانەوەو دیاریشە ساتوسەودا بەئینسانەوە لێدانە لەبەهای جەوهەریی ئینسانو کردنێتی بەکاڵا

# لەپێناو ئازادیدا

وریا حەمە تاهیر



لەم هەفتەیەدا گۆڤاری لڤین ڕووبەڕووی چەند هەڕەشەیەک بووەوە لەلایەن چەند لایەنێکەوە، کەپارتی دیموکراتی کوردستان دەیانجوڵێنێت. لەبەرانبەر بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عیرفان قانعی فەرد کە بەپشتبەستن بە بەڵگەو رای کەسانی دیکە، کەسایەتی مەلا مستەفای بارزانی خستبوە ژێر پرسیارەوە.

ئەوەی سەبارەت بەچاوپێکەوتنەکەو رایەکانی قانعی فەردو کەسایەتی مەلا مستەفاوە هەیە، لەراستیدا لڤین لەچوارچێوەی بابەتێکی رۆژنامەوانیدا ورووژاندویەتیو حاڵەتێکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی سەیرو جێگەی مشتومڕو لێکۆڵینەوەی زیاترە، قسەکانی قانعی فەردە، نەک لڤین. کەمن پێموایە بەشێک لەوانەی ئەو نووسەرە وەک بەڵگە تەماشای دەکات، رای کەسایەتی جیاوازە لەسەر بارزانی.

تا ئێرە هەموو شت ئاساییە، ئەوەی نا ئاساییە پەرچەکرداری پارتی دیموکراتی کوردستانە، کەمن پێمابوو ئەوان بەنووسینو پەنابردن بۆ بەڵگەو رای دەیان کەسایەتی سیاسیو رۆژنامەوانو گەڕیدەی بیانی، وەڵامی قانعی فەرد دەدەنەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، پارتی هەڵوێستی توندتربێتو بەنیازی پەرچەکرداری خەتارناک بێت، کەجێگای قبوڵکردن نەبێت.

پارتی جگە لەپارە، نووسەرو رۆژنامەنووسی شەڕکەری لەهەموو شت زیاترە، من پێم سەیربوو پارتی هانای بۆ هەندێک بەیاننامە بەناوی گەنجو مەلای مزگەوتەکان برد، لەکاتێکدا ئەو مانگانە دونیایەک موچە بەو نووسەرو رۆژنامەنووسە حیزبیانەی خۆی دەدات کەتەنها بۆ ئەم جۆرە کارانە رایکرتوون.

ئەم هەڕەشانەی پارتی ئەوە دەردەخات کەئەم هێزە بڕوای بەتەسفیەی جەسەدی هەیە، لەبڕی قبوڵکردنی رای جیاواز، ئەوە ڕووندەکاتەوە کەپارتی تا ئەو جێگایەی دەسەڵاتی هەبێت، بوارو مەودا بۆ ئازادی رادەربڕین نادات. هەڕەشەی جدیشە لەسەر هەموو ئەوانەی بەئاوازی ئەوان ناخوێنن.

پێشتریش لەبارەی تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمەو سەردەشتەوە پەنجەی تۆمەت بۆ پارتی راکێشرا، هەرچەند بەڵگەی روون بەدەستەوە نەبوو، بەڵام دیارە ئەوان دەیانەوێت بەئاشکرا خەڵک بکوژنو ترسو شەرمیشان نییە. بۆیە ئیشی هەموومانە رایانبگرین، پێیان بڵێین براینە وڵات بۆ ئەوە ئازاد نەبووە، بیکەن بەموڵکی خۆتانو هەر خۆشتان بڕیاربدەن، کەئێمە چۆن بژینو چۆن بیربکەینەوەو چی بڵێین.

دەبێت بەر بەهەموو ئەو هەوڵانە بگرین کەدەیانەوێت سنووری ئازادیمان بچوکبکەنەوەو را جیاوازەکان بێدەنگ بکەن، نابێت هیچ هۆیەک وامان لێبکات لەبەرامبەر هێرشکردن بۆ سەر ئازادی رادەربڕین دەستەوەستان بین، ئەگەر ئەو هێرشکردنە بۆسەر ئەوانەش بێت، کەدیدو بۆچوونو راکانمان دژیەکیش بێت، تەنانەت ئەگەر ئەوان ئازادییان خراپیش بەکارهێنابێت. خۆ ئەگەر لایەنی هێرشبەر پارتی نەبێتو هێرش بۆسەرکراویش لڤین نەبێت، ئەوا هەر لەسەر ئێمە پێویستە کەبەرگری لەئازادی بکەینو لەبەرەی ئازادیدا بین.

وەک بەختیار عەلی دەڵێت "ئیشی نووسەران ئەوە نییە یاسا دابنێن، ئیشی نووسەران ئەوەیە بەرگرییەکی رەهاو بێچەندو چوون لەئازادی نووسینو ئازادی بیروڕا بکەن، با ئەو ئازادییە هەندێکجار ئازاریشمان بدات، با ئەو ئازادییە بەهەڵەشدا بڕوات، با هەندێک کەسانی بێ بەهرەو جنێوکۆ سوودی لێببینن، با هەندێک خەڵکی کەمتوانا بەو ئازادییە بریندارمان بکەن، لەگەڵ ئەوانەشدا نرخی ئەو ئازادییە هەزارانجار لەبەهای هەڵەکانی گەورەترە".

بەرگریکردن لەئازادی مانای بەرگریکردن لەخراپەکاری نییە، ئاشکرایە هەرکەسیش خراپ ئازادی بەکارهێنا، مانای وانییە ئێمە قبوڵی بکەین لەبەرانبەردا خودی ئازادی بکرێتە ئامانجو هێرشی بکرێتەسەر.

خەباتکردنی ئێمە بۆ ئازادیو بەرقەراکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە، دەبێت پارتیو یەکێتیو هەموو حیزبەکانی دیکە ناچاربکات رێز لەئازادی بگرنو هێرش نەکەنەسەری. دەبێت فێربن وەڵامی رەخنە بەوشە بدەنەوە، هەرکاتیش هەستیان بەناهەقی کرد، دەرگای دادگاکان واڵایە. ئەوان دەبێ تێبگەن کەئیتر میللەت تاقەتی گوێگرتنی هەڕەشەو کوشتوبڕو چاوسوورکردنەوەکانی ئەوانی نەماوە، چیتر قبوڵی ناکات کەرامەتو ئازادی پێشێلبکرێت. چونکە ئەو هەموو خوێنەی بۆ ئەوە نەڕشتووە، تا کەسانێک بکات بەحاکمی ئەم وڵاتە لەهەڕەشە زیاتر هیچی زمانێکی دیکەیان نەبێت بۆ گفتوگۆ.

ئیتر لێرەوە ئێمە بەرەی داکۆکیکردن لەئازادی رادەبڕینو رۆژنامەوانی بەرفراوان دەکەین، رێگە نادەین دەسەڵاتداران نووسەرانو رۆژنامەوانان تەریک بکەنو دواتر بیانکەن بەنێچیرێکی ئاسانو پاشانیش کۆی ئازادیمان بخەنە ژێر پێیانەوە.

# پێکەوە لە پێناو بەسزاگەیاندنی قوربانیدا



رۆزا حسێن

مانگی رابردوو کۆمەڵی ئیسلامی پێشنیازێکی بۆ هەموارکردنی یاسای قەدەغەکردنی لەشفرۆشیی ساڵی ١٩٨٨ پێشکەش بەپەرلەمان کردو لیژنەی یاسایی رەتیکردەوە. ئەمە دێباتێکی سەبارەت بەمەسەلەی لەشفرۆشی لەکوردستانو چارەسەرکردنی، لەنێوان دەسەڵاتو هێزە سیاسییەکانو داکۆکیکەرانی مافەکانی ژنانو رۆشنبیراندا بەدوای خۆیدا هێنا. ئەوەی لەم دێباتەدا بۆ من جێگەی سەرنج بوو، ئەوە بوو کەزۆرێک لەچالاکوانی بواری مافەکانی ژنان زۆر رووکەشانە مامەڵەی پرسەکەیان دەکردو تەنانەت ئەوانیش بێئەوەی خۆیان بزانن، کەوتبوونە سەنگەری داکۆکی لەبەهاگەلێکی دژە ژنەوە، کەهێزە هەرە کۆنسەرڤاتیڤەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە لەچەشنی کۆمەڵی ئیسلامی، ساڵانو ساڵانێکە کار بۆ چەسپاندنیان دەکەن.

**دیاردەیە یان نا؟**

لیژنەی یاسایی پەرلەمان پێشنیازی هەموارکردنەکەی بەو ناوەوە رەتکردەوە کە لەکوردستاندا شوێنی رەسمی بۆ لەشفرۆشی نییەو لەشفرۆشی نەبووەتە دیاردە. با لەوە بگەڕێین کەئایا بیانووی ئەسڵیی دەسەڵات هەر بەحەق ئەمەیە یان ئەو رەتکردنەوەیە حیساباتی تری وەک کێشمەکێشی حیزبیو قازانجی شەخسی هەندێک لەبەرپرسانی لەپشتە. هەرکامیان بێت، رەتکردنەوەکە بووە هۆی ئەوەی دەنگی ناڕەزایی لەنوێنەرانی ئەمپەڕی کۆنسەرڤاتیزمی کۆمەڵگەوە لەچەشنی مەلاکانی ناو لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانو کۆمەڵی ئیسلامییەوە، تائەوپەڕی هێزە یەکسانییخوازەکان لەچەشنی چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان بەرزبێتەوە. هەموو ئەم دەنگانە پێکەوە جەختیان لەسەر ئەوەبوو کەنەخێر لەشفرۆشی لەکوردستاندا دیاردەیەو هەر بۆیەش دەبێت یاسای قەدەغەکردنی بۆ دەربچێت، یان یاسا کۆنەکە هەمواربکرێت.

خاڵێکی گرنگ کەپێویستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە کە لەناو پێداگرییەکانی چالاکوانی بواری مافەکانی ژناندا لەسەر ئەم مەسەلەیە وەڵامی دوو شت ناڕۆشنە: یەکەم، دیار نییە کەئایا ئەوان داوای دەرکردنی یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی لەشفرۆشی دەکەن، یان داوای هەموارکردنی یاسا کۆنەکە دەکەن. دووەم: ئەگەر داوای هەموارکردنی یاسا کۆنەکە دەکەن، ئایا داوای رەسمییەتدان بەو گۆڕانکارییانە دەکەن، کەکۆمەڵی ئیسلامی پێشنیازیکردوون، یان پێشنیازی گۆڕانکاریی جیاوازتر دەکەن. وەڵامی ئەم پرسیارانە دیار نین، چونکە بەشدارانی دێباتەکە زیاتر کارەکەیان لێبووەتە ئەوەی بتوانن بیسەلمێنن کەئایا لەشفرۆشی لەکوردستاندا دیاردەیە یان نا.

گرفتی ئەم جۆرە لەدێباتکردن ئەوەیە، کەکەسی دێباتکەر فۆکەسی لەسەر تەنیا یەک بەشێکی بابەتەکەیە. کارێکی واش رێگە لەوە دەگرێت ئەو بتوانێت بیرێکی گشتگیرترو قووڵتر لەمەسەلەکە بکاتەوە، تا ببینێت کەئەگەر بەسەلماندنی هەبوونی دیاردەی لەشفرۆشی لەکوردستاندا، پەرلەمانی ناچارکرد یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی لەشفرۆشی پەسەندبکات، یان یاسا کۆنەکە هەمواربکات، کارێکی وا چی ماناو عاقیبەتێکی ناحەقانەی دەبێت بۆ قوربانییەکانی ئەو دیاردەیە.

ئەوەی کەئەم دێباتەو پێداگرییەکی زۆر لەسەر دەرکردنی یاسای لەشفرۆشی، بەدوای رەتکردنەوەی پێشنیازەکانی کۆمەڵدا هاتو ئەوەیشی کە لەدێباتەکەدا ئاسەوارێک بۆ رەخنەکردنی ئەو هەموارکردنانە نابینرێت کەکۆمەڵ پێشنیازیان دەکات، ئەمە حەق بەکەسێک دەدات وایدابنێت کەچالاکوانی بواری مافەکانی ژنان ئاگاهانە بێت یان نائاگاهانە، بەکردەوە کەوتوونەتە شەڕ بۆ ئەوەی ئەو هەموارکردنانە لەیاسای قەدەغەکردنی لەشفرۆشیی ساڵی ١٩٨٨دا بکرێت کەکۆمەڵی ئیسلامی بۆ پەرلەمان پێشنیازیکردوون.

**خەباتی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ بەسزاگەیاندنی قوربانی**

من نازانم چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان کەئاوا کاری جدی بۆ هەموارکردنی یاسای لەشفرۆشی دەکەن، لەوە ئاگادارن کەکۆمەڵی ئیسلامی لەپێشنیازەکانیدا داوای ئەوە دەکات یاسا کەسی لەشفرۆش بە بەندکردن تا ئاستی حەوت ساڵ سزا بدات. ئەمە لەکاتێکدا ئەو یاسایەی کەخۆی هەیەو کاری پێدەکرێت، کەسی لەشفرۆش سزانادات، بەڵکو تەنیا بەوە حوکمی دەدات کە لەشوێنی تایبەتدا بخرێتە بەر پرۆگرامی بارهێنانەوەو گێڕانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگە، نەک گیرکردنی لەکونجە تاریکەکانی زینداندا. ئاخر مەرج نییە هەر یاسایەک هی سەردەمی حکومەتی بەعس بوو ئیتر خراپتر بێت لەیاسایەک کە هێزێکی سیاسی لەکوردستان پێشنیازیدەکات. بەتایبەت ئەگەر قسە لەسەر روانینی هێزە سیاسییەکان بێت بۆ ژن، ئەوا گومانی تیا نییە کەحکومەتی بەعس، سەرباری هەموو دڕندەییەکەی، روانگەیەکی زۆر مۆدێرنتری هەبوو بۆ ژن تا حیزبێکی نەریتخوازی وەک کۆمەڵی ئیسلامی.

کۆمەڵ پێشنیازی ئەوە دەکات کەهەر کەسێک لەشفرۆشیکرد نانبڕاو بکرێتو لەکاری حکومی دەربکرێت. سادەترین رەخنەیەک کەبکرێت رووبەڕووی پێشنیازێکی وا بکرێتەوە ئەوەیە کەبڵێین ئەمە داوای سزایەکی نائینسانییە. سزای نائینسانی بەو مانایەی کەبۆ دەبێت کەسێک هەر بەوەندەی سەرپێچییەکی لەیاسا کرد، دوای وەرگرتنی سزای زیندانو دانی غەرامە، ژیانی کارکردنیشی لێتێکبدەیتو هەلی خۆپێگەیاندنی لەژیاندا بۆ کەمبکەیتەوە.

کینەو رق لەتاوانبارو بەتاڵکردنەوەی تووڕەیی لەهەر سیاقێکدا هەبێتو رێگەی پێبدرێت، نابێت لەسیاقی داڕشتنەوەی یاسای سزادانداا رێگەی پێبدرێت، ئەگەرنا، ئەوا کارێکی وادەبێتە هۆی ئەوەی یاسایەکی سزادانمان هەبێت، کەکار بۆ بێبەهاکردنی ژیانی ئینسانی بکات، نەک پاراستنی بەهای ئەو ژیانە. ئاخر سزا هەیەو سزا هەیە. بۆ نمونە، زیندانکردنی تاوانبار سزایەو زۆر تاوانبار هەن شایان بەو سزایەن، لەهەمانکاتدا ئەشکەنجەش سزایە، بەڵام سزایەکی نائینسانی کەنابێت لەبەرانبەر هیچ ئینسانێکدا، ئیتر چی بێتاوان بێت یان تاوانباری گەورە، پراکتیک بکرێت.

ئەوە رقە لەئینسانو نەبوونی رێزە بۆ بەهای ئینسان کەحەزێکی وا لەکەسێکدا یان لایەنێکدا دروستدەکات ئینسانی تاوانکار سزایەک بدات تا ژیانی ماوە پێوەی بناڵێنێت. سزایەکی وا لەنائینسانییەتیدا هیچی کەمتر نییە لەوەی کەحکومەتی پێشووی بەغداد هەر کەسێک لەسەربازیی هەڵبهاتایە گوێی دەبڕیو بۆ هەموو ژیانی دیاریدەکرد، یان لەسعودیە لەسەر دزیی لەجیاتی زیندانی، کەسێک دەستی دەبڕدرێتەوە.

کۆمەڵی ئیسلامی پێشنیازدەکات کە بەیاسا بکرێتە ئەرکی هەموو هاووڵاتییەک کەئەگەر شایەتی حاڵەتێکی لەشفرۆشی بوون، داوا بەرزبکەنەوە بۆ دادگا یان هەر هیچ ناخەبەری پۆلیس بدەن. سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کەئەگەر لەناو دەقی یاسایەکدا کردنی شتێک وەک "ئەرک" نووسرا، کەواتە جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرکە سزای لەسەرە. ئەمە لەم حاڵەتەدا ئەوە دەگەیەنێت کەکۆمەڵی ئیسلامی داوادەکات هەر هاووڵاتییەک ئەگەر شایەتی حاڵەتێکی لەشفرۆشی بوو، بەڵام داوای بەرزنەکردەوە بۆ دادگا یان خەبەری پۆلیسی نەدا، ئەوا ئەو هاووڵاتییە ببرێتە بەر دادگاو سزا بدرێت.

لەوە گەڕێین کەئایا کۆمەڵی ئیسلامی خۆی ئەوەندە لەدنیای مەدەنییەتو یاساو دادگاکانو عەدالەت تێدەگات کەئەم رووە نادروستەی پێشنیازەکەی خۆی ببینێت یان نا، بەڵام ئیتر ئەم داوایە ئامانجی ئەوەیە ئەرکی پۆلیسی بدات بەسەر تاک بەتاکی هاووڵاتییانداو هەموو بکات بەپۆلیس بەسەر یەکەوە. تەنانەت رژێمی تاڵیبان لەئەفغانستان بەو هەموو ناوزڕاوییەی خۆیەوە بەم ئاستە ئەرکی پاراستنی ئەخلاقییاتی کۆمەڵگەی نەدا بەسەر هاووڵاتییانداو لەجاڕنامەی یاساکانی خۆیدا کە لەساڵی ١٩٩٦دا دەریانکرد، ئەرکی رێگرتن لە لەماڵدەرچوونی ژنانی بەتەنیا کردە ئەرکی پیاوەکانی ناو خێزان، نەک ئەرکی هەموو کۆمەڵگە. ئەمەی کۆمەڵی ئیسلامی دەیکات، هەوڵی زەمینەسازییە بۆ سازدانی کۆمەڵگەیەکی پۆلیسی. کۆمەڵگەیەک کە لەرێگەی بەگەڕخستنو پێدانی رۆڵ بەتاک بەتاکی هاووڵاتییان، کۆمەڵگە خۆی، بەبێ خۆهیلاککردنی هێزە تۆتالیتارەکان، تۆتالیتارییەتێکی ئەخلاقیی وەک تۆتالیتارییەتی تاڵیبان بەسەر خۆیدا فەرزبکات.

**جاڕنامەی یاساکانی مەملەکەتی تاڵیبانو جاڕنامەی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ**

شتێکی گرنگ کەدەبوایە چالاکانی بواری مافەکانی ژنان لەم مەسەلەیەدا بیانزانیایەو تیایدا بەحەزەر بوونایە، ئەوەیە کەمەرج نییە هەر بەوەی دوو لایەن دژ بەیەک دیاردە بوون، کەواتە ئیتر لەو مەسەلەیەدا هاوسەنگەرنو دەتوانن پێکەوە بەرانبەر بەدەسەڵات کار بۆ ئەو ئامانجە هاوبەشەیان بکەن.

خاڵێک کە لەمەسەلەی لەشفرۆشیدا جەوهەرییەو دەبێت ئێمە چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان لەهەرشت زیاتر حیسابی بۆ بکەین، ئەوەیە کەئایا ئێمە لەکوێوەیە دژی هەبوونی لەشفرۆشینو خەڵکی تر لەکوێوە. نموونەیەک کەدەتوانێت ئەم جیاوازییە جەوهەرییە بەرجەستەبکات ئەوەیە کەهەم جاڕنامەی یاساکانی مەملەکەتی تاڵیبانو هەمیش جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، کەدوو جاڕنامەی سەدوهەشتا پلە پێچەوانەی یەکن، هەردوو دژی لەشفرۆشین، بەڵام دیارە لەدوو خاڵی دەستپێکردنی تەواو جیاوازەوە.

ئەوەی کەئێمە لەکوێوە دژی لەشفرۆشین یان دەبێت لەکوێوە دژی لەشفرۆشی بین، ئەمە لەدرێژەی ئەم باسەدا دێمەوە سەری. ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت ئەوەیە کەکەسێک لەپێشنیازنامەکەی کۆمەڵی ئیسلامیدا دەتوانێت بەئاسانی ئەوە ببینێت کە لای ئەوان "پاراستنی ئابڕوو"، هەروەها پاراستنی ئادابی کۆمەڵایەتی پاکانەی سەرەکییە بۆ وجوبی قەدەغەکردنی لەشفرۆشی لەکوردستاندا. چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان دەبوایە ئەوە بزانن کەکردنی پاراستنی دابونەریتو ئادابی کۆمەڵایەتی بەخاڵی دەستپێکردن بۆ وەستانەوە دژ بەدیاردەی لەشفرۆشی، ئارگیومێنتێکی تاڵیبانانەیە نەک ئارگیومێنتی کەسانێک کە بەدوای دەرکردنی ژنانەوەن لەو مەوقعییەتەی کەوەک شەرەفی کۆمەڵگە سەیربکرێن. ئێمە نابێت ئەو فێڵەمان بەسەردا تێپەڕێتو نەزانین کەبیانووی پاراستنی ئەخلاقییاتی کۆمەڵگە، هەر بەتەنیا فیعلی لەشفرۆشیی پێ قەدەغەناکرێت، بەڵکو دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ قەدەغەکردنی هەرجۆرە پەیوەندییەکی سێکسی کە لەدەرەوەی گرێبەندی هاوسەرێتییدا ئەنجامبدرێت. بەمانایەکی تر، ئەگەر تۆ رێگەبدەیت لایەنێک یان حکومەت بەناوی تێکچوونی ئەخلاقییاتی کۆمەڵگەوە دژ بەلەشفرۆشی بوەستێتەوە، ئەوا ناتوانیت رێگەی لێبگرێت ئەگەر هەر بەهەمان بیانووەوە دژ بەپەیوەندیی سێکسیی ئارەزوومەندانەی کچانو کوڕانیش بوەستێتەوە، ئەگەرچی ئەمەیان کارێکی ئارەزوومەندانەیەو بازرگانییکردن بەلەشەوەی تیادا نییە. خۆ هەر بەڕاستیش بۆ کەسێک کە موتابەعەی ئەو دێباتانەی کردبێت کە بەدوای رەتکردنەوەی پێشنیازەکانی کۆمەڵدا هات، ئاسانبوو ئەوە ببینێت کە لەزیهنی هەندێک لەبەشداربووواندا دیاردەی لەشفرۆشیو دیاردەی پەیوەندیی سێکسیی ئارەزوومەندانەی دەرەوەی گرێبەندی هاوسەرێتیی بەجۆرێک تێکەڵدەبوو، کەهەردوو کارەکەیان وەک یەک شت قسە لێدەکرد، هەروەها هەندێکی تریشیان هەر بەئەنقەست کاتێک باسی قەدەغەکردنی لەشفرۆشییان دەکرد، مەبەستیان هەردوو دیاردەکە بوو.

**قەلاچۆکردنی لەشفرۆشی لەپێناو قەلاچۆکردنی ئایدزدا؟**

ئارگیومینتێک کەهەر هەموو

> من نازانم چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان کەئاوا کاری جدی بۆ هەموارکردنی یاسای لەشفرۆشی دەکەن، لەوە ئاگادارن کەکۆمەڵی ئیسلامی لەپێشنیازەکانیدا داوای ئەوە دەکات یاسا کەسی لەشفرۆش بە بەندکردن تا ئاستی حەوت ساڵ سزا بدات

> گومانی تیا نییە کەحکومەتی بەعس، سەرباری هەموو دڕندەییەکەی، روانگەیەکی زۆر مۆدێرنتری هەبوو بۆ ژن تا حیزبێکی نەریتخوازی وەک کۆمەڵی ئیسلامی



# خوێندنەوەیەک بۆ فیلمی تەپڵی تەنەکەیی

## (The tine Drum)

ئا: سووسەن ئەبووبەکر

**دەرهێنەر:** فولکێر شلۆندرۆف، فیلمنامە: ژان کلۆد کاریەر لەسەر بنەمای رۆمانێکی گۆنتەر گراس.

**ئەکتەرەکان:** ماریۆ ئادۆلف (ئالفرێد ماتزارت)، ئانجێلا وینکلێر (ئێگنێس)، دەیڤید بێنت (ئۆسکار)، کاترینا تالباخ (ماریا)، دانیەل ئۆلبریسکسی (یان برۆنسکی)، تینال ئەنجل (ئانا کۆلجایسچکی گەنج)، بێرتا درۆز (ئانا کۆلجایسچێک)، رۆلاند تۆبنێر (جۆزێف کۆلجایسچێک)، شارل ئازنوار (مارکۆس)، فریتز هالک (بێبرا)، ماریلا ئۆولی ڤێری (رۆزڤیتا)، میگزیسلاو چێخۆفیتز (کۆبیلا).

**پێشەکی**

سینەمای ئەڵمان دوای جەنگی دووهەمی جیهانی، هاوشان لەگەڵ وڵاتانی تری ئەورووپا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، ئەو ئەورووپایەی کە لەسەدەی رابردوودا تووشی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی ببوو، لەدەیەکانی ٥٠ و ٦٠دا بەسەرهەڵدانی دەرهێنەرانێک کە لەشەپۆلی نوێی سینەمای ئەڵماندا دەردەکەون، بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئاڵووگۆڕە سیاسیو دیکتاتۆرییەکانی سەردەمی خۆیاندا بوون. دوای جەنگی دووهەمی جیهانی بەرێککەوتنێک لەنێوان ئەمریکاو یەکیەتی سۆڤییەت، ئەڵمانیا بەدوو بەشی ئەڵمانیای رۆژئاواو ئەڵمانیای رۆژهەڵات دابەشبوو و هەر بەشێکی لەلایەن یەکێک لەو دوو زلهێزەوە بەڕێوەدەچوو. ئەمە سەردەمێک بوو کەدەرهێنەری سینەمای نوێی ئەڵمانیا فۆلکێر شلۆندرۆف لەهەرەتی گەنجێتیدا بوو. کێشەی دەسەڵاتە داسەپاوەکانو برینداربوونی هەستی نەتەوەیی ئەڵمانییەکان جیاوازی ئایدۆلۆژیای دوو بلۆکی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا، وایلێکرد بێزاربێت لەشێتێتی وێرانکەری نازیزمو نەتەوەپەرستی ئەڵمانییەکان لەسەردەمی رایشدا. هەر بۆیە شلۆندرۆف بوو بەو دەرهێنەرەی کەزۆر هەستیارانە لەسەر ئەو بابەتە کاریدەکرد کەئایدۆلۆژیا چی بەسەر نەتەوەکان دێنێت. شێتێتی نەتەوەیی دەسەڵاتی رایشو ئەڵمانیای وێرانەی پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، ئەوی کرد بەهونەرمەندێک کەهەموو هەوڵی لەوەدا چڕبکاتەوە کەرەخنە لە "نەهامەتییەکانی ئایدۆلۆژیای فاشیسمو نازیسم بگرێت لەئەڵمانیا. سینەمای شلۆندرۆف، سینەمایەکە کەرەخنە لەنازیسم دەگرێت، هەڵبەت نەک بەوێناکێشانی کوشتنی جوولەکەکان یان بەوێناکێشانی ئەو شتەی پێی دەوترێ شەڕی ماڵوێرانکەرو ئەنجامەکانی لەئەورووپا، بەڵکو ئەو بەسیحری سینەما دەستیدایە نەشتەرگەریکردنی بیرکردنەوەو فەلسەفەی قوتابخانە سیاسییەکانی هاوچەرخ. شلۆندرۆف لەپرسە مرۆڤایەتیو هەستییەکان ئەولاتر دەڕواتو زەینی بەردەنگەکانی لەگەڵ چۆنیەتی بیرکردنەوەی نازیسم سەرقاڵدەکات.

**چرکەیەکی بیست ساڵە**

"تەپڵی تەنەکەیی" لەرۆمانێکی گۆنتەرگراس وەرگیراوە کەبراوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبە. گێڕانەوەیە بەتەکنیکێکی زیندوو و لەتەنیشتی یەک دانانی هەموو سیمبۆلو خوازەکان، نازیسم دەباتە ژێر پرسیارەوەو رەخنەی لێدەگرێت، ئەم رەخنەگرتنە لەئایدۆلۆژیا، هەندێکجار باس لەلێکدانەوەی چۆنیەتیو هۆکاری سەرهەڵدانی بوونەوەرێک دەکات بەناو هیتلەرو هەندێکجار گاڵتە بەبیرکردنەوەی رووکەش، بەڵام وێرانکەری سۆسیالیسم. ئەم گاڵتەکردنە لەهەموو شوێنی فیلمەکەدا دەبیندرێ. فیلمەکە بەگێڕانەوەی ژیاننامەی منداڵێک بەناو ئۆسکار، بەبینینی هەموو لایەنەکانی ژیانی، مێژووی بیست ساڵەی دەسەڵاتداری رایش بەوێنادەکێشێت. لەلایەنی یەکەمدا، هەڵسوکەوتی ئۆسکار دەبینین لەناو بنەماڵە، کۆمەڵگا و… . ئەگەر هەر چاو لەم لایەنە بکەین فیلمەکە بەمیلۆدرامێکی کۆمەڵایەتی دەبینین. ئۆسکار منداڵێک کەمئەندام بینەری تاوان خراپکاری کۆمەڵگای دەوروبەریەتیو بۆ هەڵهاتن لەو نەهامەتییەی ئەوانیتر تووشی دەکەن، روودەکاتە کوتانی تەپڵێک کەهاوارە خنکاوەکانی ئەو بەشێوەیەکی بەردەوامو ریتمێک دەردەبڕێت. تەپڵەکە لەم لایەنە کۆمەڵایەتییەدا، دی هاوێژی منداڵێکی عاقڵە، لەو شوێنەی کەگەورەکان تاوانبارن هیچ شتێک جگە لەکوتانی تەپڵ، ناتوانێت دەربڕی ئاستی تاقەتهێنانی ئۆسکار (بەرەی نوێی ئەڵمان) بێت. تاوانکاری جیهانی گەورەکان، هەژاری ئابووری، جیاوازییە نەژادییەکانی نێوان جێرمەنەکانو کاشۆبینەکانو پۆڵەنایەکان والەم بەرەیە دەکات تەپڵی بۆشو تەنەکەیی نازیسم بکوتێت، بەو هاوارانەی کەجگە لەوێرانی هیچ بەرهەمناهێنێت، خۆی نیشانی کۆمەڵگای جیهانی دەدات. ناکرێ لەروانگەی کۆمەڵناسییەوە چاو لەفیلمەکە بکەینو شێوەی پەرەسەندنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سۆسیالیسمی نەتەوەیی لەبەرچاو نەگرین.

**سەرهەڵدانی نازیسم: بەستێنەکان، ئاخێزگەکان**

لەلایەنی دووهەمدا، کەمەبەستی سەرەکی دەرهێنەرە، بەیارمەتی هێماناسیو سیمبۆلیسم کارەساتی سەرهەڵدانی نازیسم لێکدەدرێتەوەو بەوێنادەکێشرێ. بۆ تێگەیشتن لەم لایەنە، پێویستە تاڕادەیەک شارەزاییمان هەبێت بەسەر مێژووی ئەڵمانیا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. لەبەر ئەوەی فیلمەکە باس لەمێژووی ئەو ساڵانەی ئەڵمانیا دەکات. ئەڵمانیا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، غورووری نەتەوەیی خۆی لەدەستدا. لەو ساڵانەدا کەهاوپەیمانەکان تامی تاڵی شکست دەچێژنو تووشی نەهامەتییەکیتر دەبن. نەهامەتییەکی تازە بەناوی قەیرانی ئابووری دوای جەنگ. ئەوانەی تووشی شکست هاتوون، جگە لەوەی شکستخواردو ملشۆڕی دوای جەنگی چوار ساڵەن، ئێستا لەگەڵ قەیرانێکی گەورەی ئابووریو هەژاریو نەهامەتییدا رووبەڕوون. کرێکارەکان لەسەر کار دەردەکرێن، هەژارو نەخۆشی پەرەدەستێنێتو سەرمایەدارەکان پارەکانی خۆیان بلۆک دەکەن.

لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لەم سەرمایەدارانە جوولەکەکانی دانیشتووی ئەورووپان (ئەڵمانیا) بەستێنی سەرهەڵدانی رقو تووڕەی لەم نەتەوەیە لەدڵی ئادۆلف هێتلەردا بەپشتبەستن بەبونیادی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەبیرکردنەوەی کۆمەڵناسانەی سۆسیالیزمدا شکڵدەگرێت. هێتلەر بەکەڵکوەرگرتن لەم دوو شتە، یەکیان غورووری پێشێلکراوی نەتەوەی ئەڵمانو دووهەم دابەشبوونی عادلانەی سەرمایە بەهەڵدانی ئاڵای سۆسیالیسم، ئایدۆلۆژیای مەترسیداری خۆی واتە سۆسیالیسمی نەتەوەیی (کە بەنازیسم ناوی دەرکردبوو) دامەزراند. خەڵکی ئەڵمانیا، لەژێر ئاڵای دروشمە نەتەوەیی، عەدالەتخوازیو بێزاری لەکاپیتالیسم کەجوولەکەکان هۆکاری بوون، پۆل پۆل پەیوەستبوون بەقوتابخانەی هێتلەرەوە. نازیسم بەشێوەی یاساییو داڕێژراو لەدەوڵەتدا جێگای خۆی دۆزییەوەو هێتلەری کرد بەپێشەوا. ئێستا، رێژەی هەڵاوسانی ئابووریو بێکاری دادەبەزێتو ئەڵمانیا پێشکەوتنی گەورەی پیشەسازی بەخۆیەوە دەبینێت. لەم فیلمەدا، کۆمەڵێک سیمبۆلی تایبەت نیشانی خوێنەر دەدرێت، گۆڕینی دوکانی گۆشتی قاز فرۆشی بەشێلم فرۆشی لەسکانسەکانی یەکەمدا دەرخەری ئەم بابەتەیە. دەرهێنەر، دروشمەکانی حیزبی نازیسم بەسووپێکی پڕ لەگەندو گوو و پیسایی دەشوبهێنێ، هەروەها ئۆسکار نوێنەرێکە لەهێتلەر (نازیسم). کاتی وەستانی گەشەکردنی ئۆسکار هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی نازیسم، لەکۆتایی فیلمەکەدا ، ئەو کاتەی جەنگ کۆتاییدێتو ئۆسکار تەپڵە تەنەکەییەکە دەخاتە چاڵێکەوەو بڕیاردەدات گەورەبێت بیست ساڵە ئۆسکار (ئەڵمانیا) گەشەی نەکردووەو باڵق نەبووە. ئەم روانگەیە، ئاماژەیە بەگەشە نەکردنی فیکری نەتەوەیەکو وەستان لەشوێنێکدا بۆ ماوەی بیست ساڵ، کەئەگەر ئەم بیست ساڵە لەمێژوو بسڕدرێتەوە تەنها یەک چرکەسات دەمێنێتەوە. چرکەساتێک کەئۆسکار بڕیاردەدات سەرەنجام بگەڕێتەوە بۆ لای گەشەو تێگەیشتنی سیاسی.

وەک ئەوەی لەمێژووی ئەڵمانیادا روویداوەو لەفیلمەکەدا دیارە، پرسی ئابووری گرنگترین هۆکاری پەیوەستبوونی جێرمەنەکانە بەسۆسیالیسمی نەتەوەییەوە. لەبەشی سەرەتایی فیلمەکەدا ئێمە ئۆسکارو دایکی وەک دوو خوازەی وێنایی دەبینین. ئۆسکار بەجێگای هێتلەر، ئێگنێس بەجێگای نەتەوەی جێرمەن. ئۆسکار وەک هێتلەر کورتەباڵایە (هێتلەر لەئەورووپا بەهۆی کورتە باڵاییەوە بەپیاوە بچوکەکە دەناسرا، لەپرسە سێکسییەکان کە لەناو گەورەکاندا باوە خۆی دووردەگرێت، وەک هێتلەر کەتەنانەت لەگەڵ دوایین دەزگیرانیشیدا پێوەندی سێکسی نەبوو). ئێگنێس ئۆسکار پێشکەش بەم دونیایە دەکات، ئەو ئۆسکارەی کەنازانرێت باوکی کێیە (لێرەدا گاڵتەدەکرێت بەناسنامەو شوناسی خێزانی هێتلەر). هاوتەریب لەگەڵ ئەم دوو کەسایەتییە سەرەکییە، دوو رەقیب بەرامبەر بەیەک بوونیان هەیە کە بەشێوەیەکی هێمایین خاوەنی لەشو رۆحی ئێگنێسن. ئەم دووکەسە ئیان برۆنسکی بەرەچەڵەک پۆڵەنداییو ئالفرێد ماتزارتی ئەڵمانین. ئیان رەمزی دیموکراسیو مۆدێرنیسمی کلتوورییەوە شلۆندرۆف بەشێوەی گاڵتەپێکردنێکی وشیارانە دیموکراسی لەجەنگدا دەناسێنێت.

پێویستە ئاماژە بکەم بە بەشی تاقیکردنەوە سەربازییەکان کە لەسەر ئیان ئەنجامدەدرێو لەباری فۆڕمی سمتو پێو ساغی لەشییەوە پێی رادەگەیەنن، کەتوانای ئەوەی نییە بڕواتە سەربازی. ئالفرێد لەلایەکی ترەوە نوێنەری فاشیزمە. دەیهێنمەوە بیرتان کەفاشیزم سەرەتا باس لەپێکەوەبوونو هاودڵی نەتەوەکان دەکاتو دواتر رەنگو بۆی نەتەوەیی دەگرێتە خۆیو هەموو شتەکان بەوە دەچێت لەناو بەرژەوندییە سیاسییەکانی ئەم قوتابخانەدا بتوێتەوە. سەرنجبدەن بەو بەشەی کەئالفرێد و یان پێکەوە وتووێژ دەکەنو ئالفرێد ئەڵمانیو پۆڵەندایییەکان بەبرای یەکتر دەزانێت. ئەو شوێنەی کەئیان دەڕواتە لای خۆشەویستەکەی، ئاماژەیە بەبیرکردنەوەکانی مارکس ئەو قوتابخانەیەی دژ بەوەیە مرۆڤەکانو باوەڕی مرۆڤەکان بەهایەکی کاڵایی پەیدا بکەنو ببن بەکاڵا. تاکەکانی نەتەوەیەک کە لەوڵاتێکی دیموکراتیکدان تەنها بیر لەچێژوەرگرتنو رابواردن دەکەنەوەو ئەوەندە مەستی خۆشییەکانی خۆیانن نازانن کەدەروونییانو بەهای مرۆڤایەتییان بەتاڵان دەڕوات. مارکس لەکتێبی کاپیتاڵدا، بەکاڵابوونو چۆنیەتی بەکاڵایەکی بازرگانیبوونی شوناسی کلتووری لەلایەن سیستمی بۆرژوازییەوە داوەتە بەر لێکۆڵینەوەو زۆر جوان باسی لێکردووە. هەم بیرکردنەوە رەخنەگرانەیەش لەسینەمادا رەنگی داواتەوە، بیرتۆلۆچی زۆرجار لەژێر کاریگەری ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی مارکسدا دەستیداوەتە رەخنەگرتن لەکاپیتاڵیسم. ئەوەی لەئۆسکار قەوماوە، لەلایەن ئێگنێسەوە بە هەڵەیەکی زۆر ناخۆشی ئالفرێد دەزانرێت، لەراستیدا دەرهێنەر سەرهەڵدانی هێتلەر لەبێزاری لەبۆرژوازیو سەرمایەداریو مەیل بەرەو فاشیزمدا دەبینێت. هەروەها بڕوانن لەروانینی نفرەت ئاویو پڕ لەرقو بێزاری ئۆسکار بەرەو پەنجەرەی ئەو ئوتێلەی کە یانو ئێگنێس تێدا پێکەوە خەوتن، هەروەها بێ مبالاتی ئیان بەرامبەر بەهەستی خۆشەویستنی ئۆسکار بۆ ئیان (جۆرێک هەستی باوکی)، مەگەر ئەو کاتانەی کەبەرژەوەندی خۆی تێدایە.

ئێگنێس لەکۆتاییدا جێگاکەی خۆی دەدات بەماریا. ئەویش خوازەو ئاماژەیەکە بۆ نەتەوەی ئەڵمان، ئەو کەسەی کە لەلایەن فاشیسمەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، بێئەوەی لەچۆنیەتی ئەم تاڵانە جەستەیی (کلتووری، ئابوورییە) تێبگات.

**مێژووی نازیسم: نمایشی لیبۆکەکان**

رەنگە بکرێت یەکترناسینی ئۆسکارو بەبرا (کورتەباڵایەک کە لەسێرکدا کاردەکات) لەخاڵە بەهێزەکانی تەپڵی تەنەکەییە. فیلم لەسێکانسەکانی تایبەت بەئۆسکارو بەبرادا، سەرجەم بیرکردنەوەی فاشیزمو ئایدۆلۆژیای رایش بەگاڵتەجاڕ دەزانێتو وەک نمایشی لیبۆکەکانی دەبینێت. ئەو شتەی کە لەخۆڕاو بێ هیچ بنەمایەک کۆمەڵێک لەخۆی کۆدەکاتەوە هەتا بۆ چەن ساتێک (کەدەکرێ بەمێژووی ئەڵمانیای نازییەکان ناوی لێببەین) سەرقاڵبن. ئەم قسەکردنەی بەبرا، ئەوپەڕی رووخانی نەتەوەیەک لەزمانی کورتەباڵایەکەوە دەخاتە روو کەلیبۆکە، ئەو شتەی کەلای هێتلەر تەنها لەخۆکوژی ئەودا رەنگیدایەوە. بەبرا "ئێمە کورتەباڵاکان هەڵەمانکرد کە لەسەر ئەو بتوونانە سەمامان کرد کەبۆ غوولەکان درووستکرابوو" لەشوێنێکتیر بەم شێوەیە باس لەکورتەباڵابوون دەکات کەئاماژەیە بۆ ناتەواوبوونی تێگەیشتنو گەورە نەبوون "کورتەباڵاکان نابێ لەناو بینەرەکاندا بن، ئەوان دەبێ رۆڵ بگێڕن." ئەو رۆڵگێڕانەی کە لەراستیدا بەسۆسیالیزمی نەتەوەیی ناوی دەرکردبوو. ئەم نەتەوەیی بوونە بێ رەگە نەتەوەیەکی بەرەو لەناوبردن برد.





# دابڕان لەنێوان ڕەخنەی نەریتیو ڕەخنەی مۆدێرندا

یونس ڕەزایی
بەشی دووهەمو کۆتایی

(٥)

پێشتر وتم خوێنەر لەروانگەی نووسەری نوێوە گرینگایەتیەکی زۆری هەیە، باسی خوێنەرێک کرا کەخەریکی بەرهەمهێنانەوەی دەقی نووسەرە لەدەروونی خۆیدا، هەڵبەت باسی جۆرێک خوێنەری تریش کرا، کە بەبەردەنگی بێدەنگ نێودێر کرا. ئەگەر لەهەندێ بەستێنی کۆشانی ئەو خوێنەرانە بەربڵاوتر بتۆژینەوە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کەدوو جۆر خوێنەر لەگشتیترین پێناسەدا بوونیان هەیە، خوێنەری داهێنەری نوێ یا ڕەخنەگری نوێو خوێنەری دەمهەراشی تووتی ئاسا یا ڕەخنەنووسی کۆن.
"رۆلان بارت" لەنێو خوێنەراندا خوێنەرێکی تێگەیشتوو دەستنیشاندەکا کە "ئەویش وەک هەموو خوێنەرانیتر دەخوێنێتەوە"، بەڵام خوێندنەوەکەی خوێندنەوەیەکی قووڵە. بەرهەم مانا ناکاتەوەو ڕوونکردنەوەی نییە چون پێیوایە کەهیچ شتێ لەدەق ڕوونتر نییە، ئەرکی ئەو خوێنەرە ئەوەیە کەقسەو بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو بەرهەمەی خوێندوویەتەوە دەرببڕێ، ئەو خوێنەرە ڕەخنەگری ئەدەبیە". (نقد و حقیقت چ٣)
خوێنەرێکی تریش کەدەکرێ باسی لێبکرێ، خوێنەری تووتی ئاسای ترسنۆکە، ئەویش ناوی ڕەخنەگر بەدوای خۆیدا دەکێشێ، بەڵام ڕەخنەگری نەریتخواز کەخۆی پێ بەرزەخوێنەرەو مانای خۆی پێ ڕوونترین مانایەو دادوەرییدەکا. ڕەخنەگری نوێ کاری بایەخدانەرانە ناکا، ڕاست بەپێچەوانەی ڕەخنەگری نەریتییەوە کەپێیوایە ڕەخنە نیشاندانی ڕادەی باشی یا خراپی بەرهەمێکەو خەڵکیش دوای ئەو ڕوونکردنەوەی ئەوە کەتێدەگەن کام بەرهەم درەوشاوەیەو کامە بەرهەم بێ کەڵکە. کەواتە ڕەخنەی نوێ بیروڕای گەلاڵەداری ڕەخنەگرە بەدوور لەبایەخدانان، ئەگەرچی بەقەولی "ریچاردز" ڕەخنەگری ئەمڕۆش بۆی هەیە لەهەندێ چەمکی بایەخی کەڵکوەرگرێو ڕەنگە نەتوانێ لێیان دەرباز بێ (هەڵبەت شێوەو گەلاڵەی کەڵکوەرگرتن لەچەمکە بایەخییەکان بۆ ڕەخنەی نوێ زۆر جیاوازە لەبایەخدانانە نەریتییەکان، ئەگەرچی ڕەخنەی نوێ زیاتر سەرقاڵی کارکردنو تاوتوێکردنی بۆچوونەکانی ڕەخنەگرە لەسەر بابەتو خەریکی دوورەپەرێزییە لەسەرەتی دان بەبابەتە ئاکاریو بایەخییەکان). کەواتە دیارترین دیاردەی ڕەخنەی نەریتی کەزۆر نووسەری وەک دیچز، ریچاردزو بارت جەختیان لەسەرکردووە، بایەخبوونیەتی. واتە ڕەخنەگری نەریتی نە بەپێی گەلاڵەیەکی ئەدەبیو سیستمێکی ڕەخنەیی، بەڵکو بەپێی ئەو بایەخانەی لەزەینیدا گۆڕاون، بایەخ بۆ بەرهەم دەستنیشاندەکاو ئەوەندەشی بوێری نییە کەبنەماکانی بیری خۆی دەربخاو ئایدیۆلۆژییەک کەئەو بایەخانەی ئەو پشتی پێ بەستوون بخاتەڕوو. بەو پێیە ئەو شێوە ڕەخنەیە، ڕەخنەیەکی سنووورداری داخراوەو بەباوای بارت چاو لەسیستمێکی ڕەنگاورەنگی بێبەها دەکا بەناوی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی. ئەو تەنانەت ئەو ڕەخنەگرانەش بەدوو دەستە دابەشدەکا، کەوردەبۆرژواکان بەرچاو تەنگتر لەوانیترن. ئەوان لانیکەم ئەگەر نەیانتوانی بەردەنگو جەماوەر وەک خۆیان لێبکەن، شوێنێکی بۆ قایلن، بەڵام تاقمی دووهەم، واتە وردەبۆرژوای ئەدەبی "چاوی دیتنی مرۆڤی تریان نییە، لەئاست خەڵکیتر کوێرن، حاشای لێدەکەن، یا دەیکەن بەخۆیان، یا وەلای دەنێن، کەواتە وردەبۆرژوای ئەدەبی بەستێنێکە بۆ بەدیهاتنی فاشیسمی ئەدەبی."
/درجە ×فر نوشتار، رولان بارت، ل ٢٢/
ڕەنگە ئەو پرسە زەقبێتەوە ئەگەر وردەبۆرژوای ئەدەبی لەئاست بەرەی نوێدا کوێرەو کاری بەکاری نییە، بۆ ئەو بەرەیە گوێی لەوانە ناخەوێنێ؟
ڕاستییەکەی ئەوەیە کەئەم تاقمە ڕەخنەی نوێ بەمەترسییەکی گەورە دەزانن لەنوێخوازی دەترسن، گەلاڵەشیان هەیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕەوتە، ئەوانە لەلایەک ئەو بەستێنە نوێیە بەهیچ ناودێر دەکەنو لەلایەکی ترەوە خۆیان وەک لایەنگری دەنوێننو لەئاکامدا هێرشی دەکەنە سەر. ئەوانە هەر چەند بۆ خۆیان پێیانوایە لەفەزایەکی بەریندا دەژینو بیریان هەرلای ڕابردوویەکی بەشکۆیە، بەهۆی نەگۆڕی ستراتێژی خوێندنەوەی نەریتییانەی خۆشیان تەنیا بەیەک شێوە لەگەڵ دەقەکان هەڵسوکەوت دەکەن، خۆیان لەقەرەی دەقە نوێیەکان نادەنو خوێندنەوەی تاک دەنگیو نەگۆڕیان لەسەر دەقە کۆنەکان دەپارێزن. هەر چەشنە خوێندنەوەیەکی نوێو چەند دەنگیش لەمەڕ ئەو دەقانەوە بەرپەرچدەدەنەوە، لەساتێکا ڕەخنەگرانی نوێ بەبۆچوونی تازەوە ڕووبەڕووی دەقە کۆنەکان دەبنەوەو لەزۆر ڕەهەندەوە دەقەکان تاوتوێ دەکەن. ئەوانە تێکڕای ئەو کلێشەو عادەتانەی نووسەرانی بەر لەوان سەقامگیریان کردوون، دەڕووخێنن، "فۆڕمەکان ئاڵۆزدەکەنو بەشوێن زیندووییەکی نوێوەن لەزمانو ئەدەبدا" (درجە زفر نوشتار) سەرەڕای ئەوانەش ڕەخنەگری نوێ دەنگی خۆی بەتەنیا دەنگ نازانێ، ئایدیاو بۆچوونی ناشارێتەوەو سنووری نەکێشاوە، تا ئەو شوێنەی دەزانێ پەل دەبزێوێو زەمینەیەکی سپی دێڵێتەوە بۆ منەکانیتر کەنەزانینەکانی ئەو کامڵ بکەن. ئیتر ناڵێ "چون من تێناگەم ئێوە نەفامن".
ڕەخنەگری نوێ بەر لەهەموو شتێک تێکڕای نیشانە پەراوێزییەکان وەلا دەنێو تەنانەت زەینی لەپێش گریمانەکان دەشواتەوەو کاری بەهیچ کام لەو ئاکامانەوە نییە کە لەدەرەوەی دەق بەدی دێن، لەگەڵ خودی بەرهەم پێوەندی دەبەستێ. بۆچی، چون ڕەخنەی خۆی پێ ڕەخنەیەکی ئەو پەڕزمانییە، واتە لەدۆزینەوەی حەقیقەتەکان خۆ دەبوێرێو هەوڵی لەسەر موعتەبەر بوون یا ناموعتەبەر بوون چڕدەکاتەوە. کەسیستمێکی تەبای لەنیشانەکان پێکهێنا ئەو دەم موعتەبەرەو بەو شێوەیە سەراپای دەق دەناسرێ، بەڵام ڕەخنەی نەریتی بەپێچەوانەوە لەسەر ڕاست یا ناڕاست بوونو ئەو شتانەی لەدەرەوەی دەقن پێ دادەگرێ. بەپێی هەڵپەو زەوق کاردەکا، زیاتر لەنووسەر دەدوێ تا بەرهەم، ئەویش نووسەرێک کە کەسایەتییەکەی لەگەڵ ڕەخنەگری نەریتی وێک بچن یا دژ بن.
دیچز دەڵێ ڕەخنەی ئەو جۆرە ڕەخنەگرانە پێوەندی بەڕادەی بەربڵاوی زەوقەوە هەیە، ڕەخنەگر هەر وەختێک لایەنێکی کەسایەتی نووسەری بەدڵبوو لەگەڵ هەندێ لەدەقەکە ئاوێتەیان دەکاو دەقێکی بێدەنگی دوورە دەق بەرهەمدێنێ، لێرە دایەکە کەمترین باری زانستی بەرچاو دەکەوێ.

(٦)

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ئەمڕۆکە بەپێی دابەشکرانی نووسەری کورد بەسەر دوو دەڤەری کۆنو نوێوە، لەدوو شوێنەوە خەریکی پشوودانە. دوو عەقڵیەتی زاڵو پەرەدار لەبەستێنی ئەدەبی کوردیدا کەشو هەوایەکیان پێکهێناوە، کەدەکرێ بەدوو ئاراستەی جیاوازەوە ڕووبەڕووی ببینەوە" عەقڵییەتێک کەبڕوای بەدژکردەوەیە لەئاست دەقی سەرکەوتوو یا ناسەرکەوتوو و زیاتر خەریکی وەسفی غەیرە شیکاری گشتیبینە، مۆرکی سەرکەوتوو یا ناسەرکەوتوو، ڕاست یا چەوت دەداتە پاڵ بیری نووسەرانەوە نەک نووسراوەکان. ڕەخنەیەکی بایەخدەرانە کەسەرچاوەی ئەو بایەخانەی ئەو ڕەخنەیە بۆ دەقێک یا نووسەرێکی بەشەرعیو ڕەوا دەزانێ تەبا یا ناتەبا بوونییەتی لەگەڵ تێگەیشتنی باوی ئەوان. هەر بەرهەمێک گومان بخاتە ئەو تێگەیشتنەوە مۆرکی سەرەڕۆو لاڕێ دەخوا. ئەو شێوە ڕەخنەیە لەکوردەواریدا بیروڕای تایبەتی کۆڕێکە کەهیچ چەشنە هەوڵێکی ئاوێتەی زانیاریو شیکاری نادەنو ئەوەی کەبەرهەمێک لەچ پلەیەکی سەرکەوتوویی یا ناسەرکەوتوییشدا بێ، بیری باوی گشتی ڕای بۆ دەردەکا. واتە ئەو محەکە نەگۆڕانە لەدەرەوەی دەق پشت ئەستوورن بەئایدیۆلۆژییەکی شاراوە. بۆ نمونە، دەتوانین ئەو شێوەیەی ئاراستەی بەرهەمە ڕەخنەییەکانی عەبدولخالق یەعقووبی، کراوە دەست نیشانبکەین.
ئەو بەناو ڕەخنە نووسانەی کەبەڕوونیو بێ ڕووپۆشی حاشا لەدەقی نوێ دەکەنو هیچ چەشنە هەڵسوکەوتێکیان لەگەڵیدا نییەو بەرنامەی درێژخایەنیان هەیە بۆ نەبینینو حاشاکردن لەدەقی نوێ، ڕەخنەنووسانی نەریتین، ئەوانە وردەبۆرژوای ڕەخنەیی ڕۆلان بارتن. هەر وشەیەک بەو چەشنەی لەگەڵ عەقڵییەتی ئەوان نەگونجێ دەدەنە بەر تیری تانە، گوتاریشیان گوتارێکی جدیو شیکارانە نییەو خاوەن هیچ بنەواشەیەکی تایبەت نین، بەڵام سەبکی تایبەتی خۆیان هەیە، گاڵتەجاڕانە دوانو سووکایەتیکردن.
ئەوان حوکم دەدەن، کەواتە دیسان یەکێکیتر لەوەسفەکانی ڕەخنەی نەریتی بەخۆیان دەقەبڵێنن، واتە دادوەری دەکەن نەک شیکاری، بۆ وێنە ئەو شێوە نووسینانەی ئەوان پێشنیازیدەکەن، ڕەسەننو لادان لەو شێوازە تاوانە، کەچی بەهۆی ڕواڵەتبینی خۆیانەوە دیسانەوە وەسفی ئەو شێوازە ناکەن، کەبۆ وێنە بەڕەسەنی دەزانن. واتە توانای پێناسەی ڕەخنەییانەی ڕەسەنایەتیشیان نییە.
ئەو تاقمە واتە ڕەخنەنووسانی نەریتی ئەدەبی کوردی ئەمڕۆ کە بەئاراستەیەکی دیکەوەو لەژێر ناوی شاراوەی نەریتی نوێخواز نەک ڕەسەنی نوێخواز خەریکی جموجۆڵن. ڕاست لێرەدایە کەئایدیۆلۆژیای ئەو تاقمە بەدیاردەکەوێ. ئیتر توانای شاردنەوەی ئەو مەبەستەیان نییە کە لەناسرانی دەترسان. کاتێ نەریتیترین نووسەر لەوتاری ئاماڵ ڕەخنەییدا ڕادەگەیەنێ کەداکۆکی لەنوێبوونەوە دەکاو داوتر کوتوپڕ پەلاماردەکاتە سەر نوێکاری، تاکتیکەکەی دەدۆزرێتەوە.
ڕەخنەی ئەدەبی نەریتی کوردی دژایەتی ئەو ڕەخنە نوێکارەی کردووە کەئاوڕی لەسەر ڕەسەنایەتیو کۆنەکان داوەتەوە، بۆچی، چون ئەگەر ڕەخنەگرێکی مودێرن "چوار چێوەیەکی بۆ یاساکانی ئەو ژانرە" کرد کەئەوان بەموڵکی خۆیانی دەزاننو بەتواناوە شەپۆلی خستە ئاگایی باوی ئەوانەوە، چون وەک هامەهانگی ئەوان نەدواوە بەناڕەوای دەزانن. دوو وشەی "وەک" و "هاوڕەنگ" دیسانەوە هەڵدەگرنو خۆی لێ دەپارێزن.
ڕەخنەی نوێی کوردی بەزۆری نەک بەگشتی هەوڵی لەسەر ئەوە چڕکردووەتەوە لەدەق نزیک بێ، هەرچی جارجار مەوداشی لەگەڵ دەق زۆر بووە، بەڵام بەزۆری پەرژاوەتە سەر دەق. ئیتر چۆنو چەند سەرکەوتوو بووە، شیکاری تایبەتی خۆی پێویستە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەمتر لەنیشانە پەراوێزییەکان دواوە، ئەگەریش وابووبێ هەر لەلایەن نوێخوازانی ترەوەو بەزمانی ئەوپەڕ ڕەخنەیی پێشی پێگیراوە، بەڵام ڕەخنەی تایبەتی کوردی بەردەوام ئەو شتانەی لەدەرەوەی دەق بوون، بەڕەسەن دادەنێ، چون ڕاستەقینە بۆ ئەو لەدەرەوە دایە، نەک لەدەقدا، کەواتە ئەگەر باسێکی ساکاریشی لەسەر دەق بێ لەنیشانەیەک دەگەڕێ لەدەرەوەی دەق، بۆ وێنە کەسایەتی نووسەرو ڕەنگە لەزەمانێکی کۆنیشدا، وەک نیشانەیەک لەزەمانێکی ڕابردوودا شوێنێکی تریشدا. واتە ئەگەر ڕەخنەی نوێ باسی "ڕەسەنایەتی لەروانگەی نەریتییەکانەوە" بکا ئیتر لەو بازنەیە نایەتەدەرو بەهەر چەشنێ بۆی بلوێ نادوێ. هەر نیشانەیەکیش (هەڵبەت نیشانەی دەرکی) ناکاتە کەرەسە، بەڵام کەرەسەنایەتی لەلایەن ڕەخنەی نەریتییەوە پێناسە بکرێ، ئەوەی باسی لێکراوە هەمووشت بووە جگە لەدەقی سەرەکی.

(٧)

بێگومان بەستێنی بەربڵاوی دەقی داهێنەرانەی کوردی لەمڕۆدا ئامێزی ئاوەڵایە بەرووی تواناکانی ڕەخنەی نوێداو چاوەڕوانی هەڵسوکەوتی بەجێی ڕەخنەگرانی نوێیە، ئیتر ڕەخنەی نەریتی دەبێ ماڵئاوایی لەو دەقانە بکا کەدەرەقەتیان نایە، بەڵام ئەوەی کەڕەخنەی نوێ تائێستا چەندە بەرەوپێش هەنگاوی هەڵگرتووەو خەسارەکانی کامانەن وەڵامێکی تەسەلی پێویستە.

سەرچاوەکان:
١. دیچز، دیوید، ترجمە امیر زدقیانی و غلامحسین یوسفی، شیوەهای نقد ادبی، انتشارات علمی ، تهران ١٣٥٨
٢. ریچاردز، ێ.ی.ا، ترجمە سعید حمیدیان، اول نقد ادبی، سال اول، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٧٥
٣. سارتر، ژان پل، ترجمە مزگفی رحیمی و .... ، ادبیات چیست؟ کتاب زمان، سال پنجم، تهران ٢٥٣٦
٤. بارت، رولان، ترجمە شیرین دخت دقیقیان، درجە زفر نوشار، انتشارات هرمس، سال اول ١٣٧٨
٥. بارت، رولان، ترجمە شیرین دخت دقیقیان، نقد و حقیقت، نشر مرکز، سال اول، ١٣٧٧
٦. باستید، روژە، ترجمە غفار حسینی، هنر و جامعە، انتشارات قدس، تهران ١٣٧٣
٧. فرشید ورد، خسرو، دربارە ادبیات و نقد ادبی، جلد اول، انتشارات امیر کبیر، سال دوم، ١٣٧٣
٨. کانت، هامن و .... ، ترجمە سیروس ادین لور، روشنگری چیست؟ نشر اگە، سال دوم، ١٣٧٧
٩. بەختیاری عەلی و ... ، روشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسیەت، بڵاوکراوەی نێوەندی ڕەهەند، ٢٠٠٠

# چیرۆکێکی لۆئیس بۆنۆئێل

و: بەهار ساڵەح

**حیکایەتێکی خوازراو**

کارمەنە چکۆلە زۆر گوێڕایەڵ بوو. پاکیزەیی کارمەنیستا وێردی سەر زاری هەمووان بوو. دایکی شەو و ڕۆژ ئاگاداری بوو و بەوشیارییەکی تەواوەوە دیوارێکی بەدەور کچەکەیدا کێشا بوو بۆ ئەوەی لەداوەکانی جیهان پارێزراو بێت. کەکارمەنیستا گەیشتە تەمەنی دوانزە ساڵان، دایکی زۆر نیگەرانبوو. لەبەرخۆیەوە وتی "ئەو ڕۆژەی کچەکەم بۆ یەکەمجار دەکەوێتە سووڕی مانگانە، ماڵئاوایی لەپاکیزەییە زێڕینەکەی دەکات.". دایکی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ڕێگەیەکی دۆزییەوە. کەبۆ یەکەمجار بەزەردبوونی ڕەنگی کارمەنیستای زانی، وەک شێتەکان هەڵاتە سەر شەقامو دەستە گوڵێکی سووری کڕی. "وەرە کچم لێم وەرگرە کاتی خۆیەتی ببی بەژن" . کارمەنسیتاش فریوی خواردو شادمان لەو گوڵە سوورە جوانانە لەبیریچووەوە کەوتووەتە سووڕی مانگانەوە. هەموو مانگێکو دوازدەجار لەساڵداو چەندساڵ بەردەوام، بەم شێوە کارمەنێستا لەو حەقیقەتە بێزارکەرە پارێزراو دەمایەوە. هەر کەپێش سێزدەی هەر مانگێکو سێبەرەکانی ژێر چاوی دەرکەوتن، دایکی گوڵە سوورەکانی پێشکەشدەکرد.
کارمەنێستا ببوو بەچل ساڵان. دایکی کەئیتر زۆر پیر ببوو، هێشتا بەنێوی کارمەنێستا بانگیدەکرد. هەرچەن هەمووان پێیاندەوت دوونا کارمێلا. ئەو ساڵە مانگێک هات کەئیتر سێبەر نەکەوتە ژێر چاوی، هەر بۆیە دایکی دەستە گوڵێکی سپی پێدا. "بیگرە کچم ئێستا کەئیتر دەستت لەژن بوونت هەڵگرتووە، ئەمە دوایین دەستەگوڵە پێشکەشتی دەکەم." کارمەنێستا تووڕەبوو " بەڵا دایە من تائێستا نەمدەزانی ژنم، "نا ئەمە زۆر خراپترە کچم"
هەمان دەستەگوڵی سپی بوو کە لەسیسبووندا و ئەو کاتەی گەڵاکانی وەریبوونو وشک لەسەر تابووتەکەی کارمەنسێتا دایانا.

**حیکایەتێکی نەخوازراو**

کەمێرییە چکۆلەش گەیشتە تەمەنی هەستیار، دایکی ئەویش ویستی هەمان کاری دایکی کارمەنێستا چکۆل بکات، کەزانی مێری ڕەنگی پەڕیوەو سێبەر کەوتووەتە ژێر چاوانی دەستەیەک گوڵی سووری پێشکەشکرد، بەڵام ماركیتا زۆر لەکارمەنێستا بێ شەرمتر بوو. دەستەگوڵەکەی گرت، پەنجەرەکەی کردەوەو گوڵەکانی فڕێداو کەوتە سوڕی مانگانەوە.

سەرچاوە: www.jenopari.com



دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

# کەس ئاگای لەڕۆژی جیهانی لاوان نییە

## گەنجان دەڵێن هەستناکەن ڕۆژێک بۆ لاوان هەبێت





مەعاز فەرحان

گەنجان دەڵێن ئاگادارنین ڕۆژێکیان بەناوەوە هەبێت، ڕێکخراوەکانی بواری گەنجانو حکومەتیش بەکەمتەخەم دەزانن لەوەی نەیانتوانیوە ڕۆژی جیهانی گەنجان بکەنە ڕۆژی پلاندانان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنجان.

٢٠١٠/٨/١٢ ڕۆژی جیهانی لاوانە، بەڵام گەنجانی کوردستان ئاگاداری ڕۆژێکی لەو شێوەیە نین، ڕێکخراوەکانیش ساڵانە تەنها بەئاهەنگێک یان فێستیڤاڵێک ئەو یادە دەکەنەوە.

فریاد محەمەد تەمەن ٢٤ ساڵ ماوەی دوو ساڵە زانکۆی تەواوکردووەو دانەمەزراوە وتی " هیچ دڵخۆش نیم بەو ڕۆژە، چونکە لەکوردستاندا ئەوەی زەمینەسازی بێت بۆ گەنجان نەکراوە، ئێمەی گەنج بێ بەشین لەژیانێکی گەنجانە".

هەندێک لەگەنجان بێئاگایی خۆیان لەڕۆژی جیهانی لاوان دەردەبڕنو دەڵێن نازانین چییە. بەختیار فەرەج ٢٥ ساڵ کۆلێژی وەرزشی تەواوکردووە وتی "ئێستا دەیبیستم کەڕۆژێک هەبێت تایبەت بێت بەلاوان".

بەڕای ئەو گەنجە یەکێک لەکێشە گەورەکانی گەنجان لەم سەردەمەدا ئەوەیە تەنها ئەو گەنجانە سوودمەندەبن لەحکومەت کەخزمێکی نزیکیان بەرپرسی حکومی یان حیزبی بێت.

گەنجانی کوردستان بەدەست دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو بێکارییەوە دەناڵێنن، تائێستاش پلانەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنجان دڵخۆشکەرنین.

ساڵانە هەزاران گەنج لەزانکۆکان خوێندن تەواودەکەن، بەڵام نە لەدامەزراوەی حکومی دادەمەزرێن، نە لەکەرتی تایبەت.

لەزۆرێک لەوڵاتانی جیهان ڕۆژی جیهانی گەنجان دەکرێتە ڕۆژێک بۆ بەخۆداچوونەوەی حکومەتو ڕێکخراوەکانی لاوان بۆ چۆنیەتی ئیشکردن لەکێشەکانی گەنج، بەڵام لەکوردستاندا لەپیرۆزباییەکو کاتژمێرێک هەڵپەڕکێ تێپەڕ ناکات.

ڕێکخراوەکانی لاوانو کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان بەشەرمەزار دەزانن لەئاست خزمەتکردن بەگەنجان، دانبەوەشدا دەنێن کە لەئاستی داواکانی گەنجاندا نین.

ڕێبوار عەلی بەڕێوەبەری ئۆفیسی گشتی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان وتی "ڕێکخراوەکان لەو ئاستەدانین کەبتوانن خزمەت بەگەنجان بکەنو ئەگەر ڕێکخراوی جدیش هەبێت، حکومەت حسابیان بۆ ناکات".

گەنجان جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کە تائێستاش ڕێکخراوەکان پاشکۆی حیزبەکانن، بەختیار فەرەج وتی "ڕێکخراوەکان درێژکراوەی حیزبەکاننو کار بۆ ئەوان دەکەن".

ڕێبوار هاوڕایە لەگەڵ بەختیاردا دەڵێت "تا دروستبوونی ڕێکخراو لەپشت حیزبەوە بێت، حاڵی گەنجانی کوردستانیش هەربەو شێوەیە دەبێت".

سیروان قادر بەڕێوەبەری ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج بەدەستووری وت "کار لەسەر پرۆژەیەک دەکەین بەناوی پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی گەنجان، دانانی ئەم سندوقە بۆ زیاتر گرنگیدانە بەگەنجانو بەگەڕخستنی تواناکانیان".

هەندێک لەگەنجان پێیانباشە لەو ڕۆژەدا گەنجان خۆپیشاندان سازبکەن، فریاد وتی "ڕۆژی جیهانی لاوان بەئێمە چی؟ هیچ شوێنێک نییە کەبچین لەو ڕۆژەدا دەردەدڵی خۆمانی تێدابکەین، داواکارم لەو ڕۆژدا لەسەرانسەری کوردستاندا گەنجان خۆپیشاندان بکەنو داوابکەن کەچیتر گەنجان هێندە پشتگوێنەخرێن".

ڕێبوا محەمەد ٢٣ ساڵ دوای ئەوەی بێئاگایی خۆی لەڕۆژی جیهانی لاوان دەربڕی وتی "هیوادارم حکومەت ئەو ڕۆژە بکاتە ڕۆژی نەمانی واسیتەو واسیتەکاری لەکاتی دامەزراندندا".

REKLAM

# جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد




ئەم ڕۆمانە دواهەمین بەرهەمی ڕۆماننووس "بەختیار عەلی"یەو هەنووکە لەکتێبخانەکاندایە.
جەمشیدخان، مرۆڤێکە لەنێوان دنیا جیاوازەکاندا بادەیبات، هەم لەجەنگەوە دەئاڵێتو هەم لەئاشتی، ئەم کارەکتەرە نوێیەی بەختیار عەلی هەموو ناکۆکییە گەورەکانی ناو مرۆڤی تێدایە، هەم جوانییەکانو هەم دزێوییەکان. جەمشیدخان، کەسێکە بەشێک لەهەموومانی تێدایەو بەشێکیش لەئەو لەهەمووماندایە.
ئەم ڕۆمانە دواهەمین مرواریی دنیا ئەفسووناوییەکەی "بەختیار عەلی"یە، قەبارەی مامناوەندییەو ژمارەی لاپەڕەکانی ١٥١ لاپەڕەیەو لەلایەن کتێبخانەی ئەندێشەوە بڵاوکراوەتەوە.

دەلاقە

فایەق سەعید

## ئیتیکو مۆراڵ لەلڤینو بەڵگەدا

ئیتیک لەبنەڕەتدا لەوشەی ئیتۆسەوە هاتووەو بە بەشیک لەفەلسەفەی مۆرل دەژمێردرێت، کەبریتییە لەسی بەشی جودا. لەزوربەی بوارەکاندا زۆر ئەستەمە ئیتیکو مۆراڵ لەیەک جیابکرێنەوەو بەکورتیش ئیتیک باسی هەڵەو ناهەڵەمان بۆ دەکات.

ڕۆژانە مامۆستاکان باسی ئیتیکو مۆراڵ بۆ خوێندکارەکان دەکەنو لەبواری ڕۆژنامەنووسیشدا ئیتیکو مۆراڵ خاوەنی یاساو ڕێسای خۆیەتی، بەڵام بەجیاوازی لەگەڵ بواری پەروەردە لێرەدا هەموو میدیاکان خاوەنی یەک یاساو ڕێسای ئیتیکین. چەندە ئیتیکو مۆراڵ بۆ بواری پەروەردە گرنگن ئەوەندەش بۆ بواری میدیا گرنگن، چونکە ئەم دوو چەمکە شادەماری هەردوو بوارەکە پێکدێنێت.

ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەشدا هەموو میدیا کوردییەکان باس لەپەیوەستبوونی خۆیان بەو یاساو ڕێسایانە دەکەن، بەڵام بە بەردەوامی ڕێساشکێنیو یاساشکێنی دەکەن. لێرەدا پێم خۆشە باس لەدوو گۆڤار بکەم کەئاسمانو ڕیسمانیان جیاوازە، بەڵام لەدوو وتاردا هەردووکیان بەهەمان شیوە مرۆڤەکان ناشیرین دەکەنو ڕێساکانی ئیتیک دەبەزێنن.

لەژمارە ٢٤ ی بەڵگەدا ڕیپۆرتاژێک لەسەر کوشتنی سایە فاتیح بڵاوکراوەتەوە کەزۆر زوو مرۆڤ ئەوەی بۆ ڕووندەبیتەوە ئەوەندەی مەبەست لێی ناوزڕاندنی توانا عوسمان، سەرنووسەری پێشووی هاوڵاتیو خودی میدیای سەربەخۆیە، ئەوەندە مەبەستی ئاشکراکردنی کوشتنی خیزانەکەی نییە. لەو ڕیپۆرتاژەدا هێندە شتی ناشیرین بەتوانا کراوە تا خوا بڵێ بەس. مەبەست لێرەدا ئەوە نییە ئەو کارانەی توانا کردویەتی دروستن یا هەڵبەستراو، بەڵکو هیچ کاتێک لەکاتەکان مرۆڤ بۆی نییە ژیانی تایبەتی کەسەکان بخاتە سەر ڕۆژنامەو میدیاکان، بەم شێوەیەی خوارەوە بیکاتە مانشیتی گەورە:

(سەرەتا توانا عوسمان لەگەڵ ژنێکدا دەستی تیکەڵکرد کەبووە هۆی تەڵاقدانیو لەم دواییەشدا هەر هەمان توانا عوسمان لەگەڵ ژنێکی تردا دەستی تێکەڵکردبوو کەئامۆزای سایەی خوالێخۆشبوو بوو....هتد)

لەلایەکی دیکەوە لەئەنجامی وتارێکی ڕەحمان غەریبەوە کەتیایدا ڕەخنەی لەلڤین گرتووەو بەپاشکۆی یەکگرتووی ئیسلامی ناوبردووە، گۆڤاری لڤین دێتو بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین ژیانی تایبەتیو ناتایبەتی ڕەحمان غەریب دەداتە بەر چەکوش، تەنها بۆ ئەوەی بیشکێنێتەوەو حەیای ببات. من هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبوومو بڕواشم نەدەکرد گۆڤارێکی خاوەن ئیعتیباری وەکو لڤین وتارێکی وا دابەزێنێت، کەتیایدا هەموو جۆرە ئیتیکو مۆراڵێک لەبیر بکات. با بەیەکەوە ئەم دێڕانەی لڤین بخوێنینەوە ( چونکە ئەوەی ئەو کردوویەتی بەرانبەر لڤین لەپیشەی ساقیتەیەک دەچێت نەک ڕۆژنامەنووسێک........ ئەو هەر بەتەنیا هەڵگری عوقدەیەک نییە، بەڵکو لەیەککاتدا خاوەنی عوقدەیەکی مورەکەبە، ڕێک وەکو عوقدەی ئەو کەسەی کەبەیەکجار گرێی ئۆدیبو ئەلکتراشی هەیە........ ڕەحمان لەکاتێکدا بێدەسەڵاتی خۆی بەرامبەر باوکی لەسەر دایکی ئازاری دەدا، لەناکاو ڕەگەزی خۆشی لێگۆڕاو ئەمجارە ڕقی لەدایکیشی هەڵگرت... لەڕاستیدا ترسی ئێمە لەوەیە لەوەتەی گرێی ئەلکتراکەی سەری تێکردووە وەک برادەرێک وتی " ئەم ڕەحمانە ئەوەندە دوونیو فاشیلە ڕەنگە بۆ ٢٥ هەزارییەکی بریمەر چەکێک هەڵبگرێتو بتانکوژێت".

بۆ نا، ئەم کارە لەخاوەنی عوقدەیەکی مورەکەب چاوەڕوانکراو نییە ؟!!)

لڤین لەو وتارەدا هەموو ئەمانەی وتووە، بەڵام هیشتا وەڵامی تۆمەتەکانی ڕەحمانی نەداوەتەوە کەزۆر بەئاسانی دەیتوانی بڵێ بەڵێ ئێمە سەر بەیەکگرتووین یا بەم بەڵگانەی خوارەوە سەر بەیەکگرتوو نین. لەڕاستیشدا بەلای خوێنەرەوە ئەوە هیچ گرنگ نییە ئەگەر لڤینو ئاوێنەو هاوڵاتی پارەش لەحکومەت وەربگرن، ئەوەی گرنگە ئەوان لەکارە جوانەکانی خۆیان بەردەوامبنو نمایندەگی دەنگی ئازاد بکەن. جیاوازی نیوان وتارەکەی بەڵگەو لڤین ئەوەیە ئەوەی یەکەم کەسێک نووسیویەتی، بەڵام ئەمەی لڤین بەناوی لڤینەوە نووسراوەو نەدەبوو ئەم هەڵە گەورەیە بەسەر ئەحمەد میرەدا تێپەڕ ببیت. ڕاستە وتارەکەی ڕەحمان غەریب هەندێ دەستەواژەی تێدابوو کەنەدەبوو بەکاربێن، بەڵام هەرگیز ئەوەی هەڵنەدەگرت کەلڤین کردی. دواتر بەڵگە گۆڤاری دەسەڵاتەو بۆ شکانەوەی ڕەخنەگرەکانی دەسەڵاتو دیموکراسیی ئازادی دامەزراوە، بەڵام لڤین هەر حیزبیک دایمەزراندبێت یا نا لەبەرەیەکی پێچەوانەدا خەباتدەکات. لڤین لەتەمەنی خۆیدا کاری یەکجار جوانی کردووە، بەڵام ئەگەر بەردەوامبێت لەدابەزاندنی وتاری لەم بابەتە، ئەوە مەرگی خۆی ئاشکرادەکات، چونکە هیچ بوارێک بۆ پابەندبوونی بەئیتیکو مۆرالەوە ناهێڵێتەوە. لەکاتێکدا کەبەرگری لەلڤین دەکەم بەرامبەر بەهەموو ئەو هێرشانەی کەدەسەڵات دەیکاتە سەری، هاوکات ئەمە وتارەش لەسەر لڤین دەنووسم. لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە یاداشتبکەم کەهەر ڕۆژنامەو گۆڤارو میدیایەک ئەم جۆرە وتارانە بنووسیت، نابێت باسی ئیتیکو مۆرالی ڕۆژنامەوانی بکات.